

پتر لە چل ساڵ
بەشداری کردن لە پرۆسەی گەشەپێدانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست


جەژنتان پیرۆزبێت
ناسیاسێڵ بەچەپکێک دیاری پیرۆزبایی جەژنی رەمەزانتان لێ دەکات
دەنگت بیستراوە ناسیاسێڵ
www.asiacell.com
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١

رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 334 چوارشەممە 29/ 10/ 2008 — نرخ 500 دینار — No.334 Wed 29/ 10/ 2008

بەغدا رازی نابێت لیژنەیەک لە هەرێم بۆ سەرژمێریی پێکبهێنرێت ل ٤

رێککەوتننامەی ئەمنی بوار بۆ درێژەپێدانی دەستێوەردانەکانی... ل ٦

گوندنشینەکان بۆچی کۆچ دەکەن ل ٨

دەسەڵاتی کوردی، دیموکراسیی یان چەواشەکاریی ل ١٠

لیستی هاوپەیمانی شەبەک لە کورد جیادەکاتەوە

رۆژنامە

لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بەدەستی خۆی بڕیاری پێدانی کورسیی تایبەت بە شەبەک، قبوڵ دەکات و ئەندامانی لیستەکەو چاودێرانیش ئەو کارەی هاوپەیمانی بە «جیاکردنەوەی شەبەک لە کوردو هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی گەلی کوردستان» لێکدەدەنەوە. نوێنەری شەبەکیش لە لیستی هاوپەیمانی، دانانی کورسییەک بۆ شەبەکەکانی موسڵ بە «ستەمو خیانەت لە کورد» ناودەبات.

رۆژی دووشەممە پەرلەمانی عێراق بە پێشنیازێکی ستیڤان دیمستۆرا، نوێنەری سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق رازیی بوو، کە تایبەتە بە تەرخانکردنی کورسی بۆ پێکهاتەو کەمینە ئایینیو مەزهەبییو ئیتنییەکان لە ئەنجومەنی پارێزگاکاندا. بەگوێرەی ئەو پێشنیازەش کورسییەک بۆ شەبەکەکانی موسڵ لە ئەنجومەنی داهاتووی پارێزگای داهاتوو تەرخاندەکرێت.

ئەحمەد یوسف شەبەک، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، کە نوێنەرایەتی شەبەک دەکات لە لیستی هاوپەیمانی، سەبارەت بە پێدانی کورسییەک بە شەبەکەکان بۆ رۆژنامە وتی: «تەنها د. فوئاد مەعسوم، سەرۆکی هاوپەیمانی، بەو پێشنیازە رازیی بووەو ئەندامانی تری هاوپەیمانی دژی ئەوە بوونو سووربوون لەسەر ئەوەی شەبەک وەک نەتەوەیەکی کەمینە هەژمار نەکرێت»، بەوپێیەی شەبەک مسوڵمانن و نەتەوەیان کوردەو دیالێکتی ئاخاوتنیان هەورامییەو لە عەشیرەتەکانی رۆژبەیانیو زراریی و شێخانییو زەنگەنەن کە هەموویان کوردن، زۆربەی مێژوونووسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە شەبەک کوردەو نابێت بە کەمینە هەژماربکرێت ئەگەر کورسی بۆ دابنرێت، ئەوکاتە وەک نەتەوەی کەمینەی جیاواز لە کورد حسابی بۆ دەکرێت.

بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئەحمەد یوسف، حەنین قەدۆ، پەرلەمانتاری نوێنەری شەبەک لە لیستی ئیئتیلافی شیعە، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە وتی: «ئەو هەنگاوە کاریگەریی باشی دەبێت لەسەر پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی شەبەک وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ لە عێراقدا». هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەمیشە بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە شەبەک کوردن «پەسەندکرنی ئەو پێشنیازەی پەرلەمان ئەو هەوڵانەی کوردی پوچەڵکردەوە».

لە ل ٣دا راپۆرتێک لەوبارەیەوە بڵاوکراوەتەوە



مەلا خدر: راگەیاندنی رەگ، دەسەڵاتدارانی یەکێتی لەرزاندووە

لە کەلار چوار ملیار دینار ئاو بردی

ل ٧

پەرلەمانتاران نەیانتوانی «مەرجە تووندەکان» بۆ فرەژنی دابنێن

ل ٢

سەرۆکی لیژنەی چاکسازیی حکومەت:

بۆ ماوەی ٥٠ سەعات کارمان کردووە

رۆژنامە

شێخ محەمەد شاکەلی، سەرۆکی لیژنەی چاکسازیی حکومەت، رایگەیاند، ئەوان کارەکانیان تەواوکردووەو راپۆرتیان ئامادەیەو بڕیارە لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆی لەسەر بکرێت. سەرۆکی لیژنەکە ئاماژە بەوەدەدات کە ئەو راپۆرتە ئاکامی ٥٠ سەعات کارکردنی بەردەوامی لیژنەکەیانە، کە مانگو نیوێکە سەرقاڵی ئەو کارەن.

لەلایەکی تریشەوە شارەزایانی بواری ئابووریی و پلاندانان رەخنەی ئەوەیان لەو لیژنە وزارییە هەیە، کە پێویست بوو سەرەتا گەندەڵی نێو دامودەزگاکانیان دەستنیشان بکردایە، ئەوجا بیریان لە رێگەچارە بکرادایەتەوە.

لە لا ٢ راپۆرتێک لەو بارەیەوە بڵاوکراوەتەوە.

هاوپەیمانێتییەکی نوێ لە دژی کورد پێکدەهێنرێت

هەستیار قادر

نەیارانی کورد بە بەشداریی مەشهەدانیو موتڵەگو علەییان هاوپەیمانێتییەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو پێکدەهێنن و جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیش پێکهێنانی ئەو بەرەیە بە «دووبارەبوونەوەی ئەزموونی گروپی (٢٢)ی تەمموز» لە قەڵەمدەدات.

پێرێ لە بەغدای پایتەخت هاوپەیمانێتییەکی سیاسیی نوێ پێکهێنرا بە ناونیشانی (گردبوونەوەی پرۆژەی عێراقی نیشتمانی) کە هەر یەک لە مەحمود مەشهەدانی، سەرۆکی پەرلەمانو ساڵح موتڵەگ، سەرۆکی بەرەی دیالۆگی نیشتمانیو خەڵەف علەییان، سەرۆکی ئەنجومەنی دیالۆگی نیشتمانیو چەند لایەنێکی تر لەخۆ دەگرێت، لەوانە (گردبوونەوەی عەرەبی عێراقی، گردبوونەوەی دیموکراسی نیشتمانی، کۆمسیۆنی عێراقی بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پارتی دادوگەشەپێدانی عێراقی، گردبوونەوەی عێراقییە نیشتمانییە ئازادەکان، بزوتنەوەی نیشتمانی سەربەخۆ، بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیو بەرەی میللی یەکێتی عێراق).

تەها لهێبی، سکرتێری بزوتنەوەی دیموکراسی نیشتمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: لە ئێستادا ئەو هاوپەیمانێتییەکە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقەو چەندین کەسایەتی شیعەی لە دەرەوەی پەرلەمانیش لەخۆگرتووەو هەوڵەکانیش بۆ بەرفراوانکردنی بەردەوام دەبێت.

لهێبی، کە ئەندامی پەرلەمانی عێراقیشە لەسەر لیستی بەرەی تەوافوق، جەختی لەسەر ئەوەکردەوە سەرەڕای پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانێتییە لەبەرەی تەوافوق، نەکشاوەتەوەو ئەگەریش زۆرە هەمان لێکگەیشتن لەناو پەرلەمانیشدا کاری پێبکرێت.

د. سەعدی بەرزنجی، جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، دەربارەی دروستبوونی ئەو بەرەیە بە رۆژنامەی راگەیاند: پێکهێنانی ئەو گروپە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی گروپی (٢٢)ی تەمموزی پەرلەمانی عێراقە، کە ئەوکاتە لە دژی داواکارییەکانی کورد سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردنەکان کۆبوونەوە». وتیشی: «ئەندامانی ئەو هاوپەیمانێتییە نوێیە پێشتریش هەر دژایەتی کوردیان کردووەو جگە لەو مەترسییەش کە پێشتر هەیانبووە، هیچ مەترسییەکی زیاتریان نابێت».


ئاگادارییەک لە پرۆژەی گوندی ئەڵمانییەوە
سلێمانی - تووی مەلیک
07701574880
Naila

هاوپەیمانی بەدەستی خۆی شەبەکی لە کورد دابڕی

ئەحمەد شەبەک: تەنها د. فوئاد رازی بوو کورسی بدرێتە شەبەکـو رای هاوپەیمانی نەبوو

حەنین قەدۆ: پەسەندکردنی پێشنیازەکە هەوڵەکانی کوردی پووچەڵکردەوە

بەهادین یوسف
هەستیار قادر

لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بەدەستی خۆی بڕیاری پێدانی کورسیی بە شەبەک قبوڵدەکاتو ئەندامانی لیستەکەو چاودێرانی سیاسیش رایانوایە کە ئەوە جیاکردنەوەی شەبەکە لە کوردو هەرەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی گەلی کوردستان، سەرباری ئەوەی نوێنەری شەبەک لە لیستی هاوپەیمانی دانانی کورسییەک بۆ شەبەکەکانی موسڵ بە «ستەمو خیانەت» لە کورد دەزانێتو بە پێچەوانەوە پەرلەمانتارێکی شەبەک لە لیستی ئێتیلافی شیعەش ئەوە بە سەرکەوتنی ئیرادەی ئەوانە دادەنێت کە شەبەک بە نەتەوەیەکی جیا دەناسن.

رۆژی دووشەممە پەرلەمانی عێراق بە پێشنیازێکی ستیڤان دیمستورا، نوێنەری سکرتێری گشتیی UN لە عێراق، رازی بوو، کە تایبەتە بە نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لە ئەنجومەنی پارێزگاکان، کە تیایدا کورسییەک بۆ شەبەکەکانی موسڵ لە ئەنجومەنی داهاتووی پارێزگا تەرخانەدەکرێتو ئەمەش مشتومڕی کوردبوون یان نەبوونی ئەو پێکهاتەیەی هێنایە ئاراوە.

پەرلەمانتار ئەحمەد یوسف شەبەک، کە نوێنەری شەبەکە لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، سەبارەت بە پێدانی کورسییەک بە شەبەکەکان، بۆ رۆژنامە وتی: تەنها د. فوئاد مەعسوم، سەرۆکی لیستەکەی بەو پێشنیازە رازیی بووەو ئەندامانی تری هاوپەیمانی دژی ئەوە بوونو سووربوون لەسەر ئـەوەی شـەبـەک وەک نەتەوەیەک هـەژمـار نەکرێت، چونکە شەبەک مسوڵمانن‌و نـەتـەوەیـان کـوردەو دیالێکتی ئاخاوتنیان هەورامییەو لە عەشیرەتەکانی رۆژهەڵاتیو زراڕییو شێخانییو زەنگەنەن، کە هەموویان کـوردن، زۆربـەی مێژوونووسانیش کۆکن لەسەر ئەوەی کە شەبەک کوردەو نابێت بە کەمینە هەژماربکرێت، «ئەگەر کورسی بۆ دابنرێت، ئەوکاتە وەک نەتەوە حسابی بۆ دەکرێت».

لەبەرامبەردا د. سەعدی بەرزنجی، جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی ئاشکرایکرد، کورد رازیی بووە کورسی بدرێتە شەبەک، نەک وەکو پێکهاتەیەکی نەتەوەیی یـان ئایینی، بەڵکو وەک پێکهاتەیەک کە تایبەتەمەندییەکی خۆیان هەیە، نە نەتەوەیین‌و نە ئایینین، ئەوە بۆ چارەسەری کێشەی نوێنەرایەتی کەمینەکان‌و بـەرژەوەنـدیـیـەک بۆ هەڵبژاردنەکان.

بەرزنجی ئـامـاژەی بەوەشکرد دانانی کورسی بۆ شەبەک مانای ئەوە نییە خەڵکی شەبەک ناتوانن لەسەر لیستی تر خۆیان هەڵبژێرن، دەتوانن لەسەر هەموو لیستێک خۆیان کاندید بکەن، رەنگە شەبەکی تر لە لیستی هاوپەیمانی خۆی کاندید بکات، وتیشی: « ئەو کورسییەی بۆ شەبەک دانراوە بۆ لیستی هاوپەیمانییە، چونکە زیاتر لە ٨٠٪ی شەبەک خۆیان بە کورد دەزانن‌و دەنگ بە کاندیدی کورد دەدەن».

بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٥٧، ڕێژەی کورد لە ناحیەی حەمدانییە ٤٥٪ بووە، کە زۆرینـەیـان شەبەکن، بـەڵام لە ئاماری ساڵی ١٩٧٧ ڕێژەی کورد زۆر کەمبووەتەوە بۆ ٢٪، بەهۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٠ هەڵمەتی بەعەرەبکردنی شەبەکەکان دەستپێکراوەو نەتەوەیان لەلایەن رژێمی بەعسەوە کـراوە بە عەرەب.

حەنین قـــەدۆ، پـەرلـەمـانـتـاری شەبەک لە لیستی ئیئتیلافی شیعە، بۆ رۆژنامە وتـی: «لیستی ئیئتیلاف رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە دانانی ئەو ڕێژەیە بۆ شەبەکـو پشتگیریی تەواویان لێکردوون بە پێچەوانەی پارتە کوردییەکانەوە، کە «ڕێزیان لە ئیرادەی شەبەک نەگرتووە». دانانی کورسی بۆ شەبەکەکان بە سەرکەوتنی ئەو دەنگانە دانا کە پێیانوایە شەبەک نەتەوەیەکی سەربەخۆن‌و کورد نین، بەوتەی ئەو «ئەو هەنگاوە کاریگەریی باشی دەبێت لەسەر پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی شەبەک وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ لە عێراقدا».

قـــەدۆ ئـامـــاژەی بـــەوەشـــدا کە سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەمیشە بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە شەبەک کوردن «پەسەندکرنی ئەو پێشنیازەی پـەرلـەمـان ئـەو هـــەوڵانـــەی کـوردی پووچەڵکردەوەو سەلماندی شەبەک سەر بە هیچکام لە نەتەوەکانی عەرەبەو کورد نین».

بەپێچەوانەی ئەندامەکەی ئێتیلافەوە ئەحمەد شەبەک پێیوایە «ئەو هەنگاوە کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر کورد»، کە لەبەر لیستی ئێتیلاف ئەوە قبوڵ بکرێت، ئەوەشی بە سازشکردن دانا لەسەر نەگۆڕەکانی کوردو لەوبارەیەوە وتـی: «لەبەر فشاری ئێتیلاف، کە مەبەستی سیاسیی ئەوەیە شەبەک لە کورد جیا بکاتەوەو وەک کەمینەیەک دابنێت، سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی بـەو پێشنیازە رازی بـووە، چونکە ئێتیلاف هەڕەشەی ئـەوەی کردووە ئەگەر دەنگ نەدەین بە تەرخانکردنی کورسی بۆ شەبەک، ئـەوان دەنگ بە ڕێژەی ١٧٪ی کورد نادەن لە بودجەی ٢٠٠٩ ».

ئەحمەد شـەبـەک، نیگەرانە لەو هەوڵانەو پێیوایە کورد دەبێت کاری زیـاتـر بکات بـۆ گـەڕانـەوەی مافی شەبەکەکان‌و شەڕبکات لەسەر ئەو ناوچەیە، نەک ناکوردبوونی شەبەک قبوڵبکاتو ئەو ناوچەیەش لەدەست نـەدات، نەک ببێتە دواکەوتەی خەڵک «ئەوەیشی خۆی بەکورد نازانێت، با لەو ناوچەیە دەربچێت، چونکە ئەوە ناوچەیەکی کوردییە».

لەسەرەتای لابردنی مـادەی ٥٠ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان، مشتومڕی توند لـەنـێـوان لیستو لایەنەکانی پەرلەمانی عێراق دروستبوو لەسەر شەبەکەکان، کە هۆکاری لابردنی مـادەش کێشەی نـێـوان ئێتیلافـو هاوپەیمانی بوو لەسەر نوێنەرایەتی پێکهاتەو کەمینەکان لە ئەنجومەنی پارێزگاکاندا.

غەفور مەخموری، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، جیاکردنەوەی شەبەکەکان بە زیانی کـورد دەزانـێـت، «لیستی هاوپەیمانی کوردستان کورتبینەو تەنها بەرپێی خۆیان دەبینن‌و ڕەهەندەکانی ئەو کێشانە لە دواڕۆژدا نابینن کە لە داهاتوودا بە زیانی کورد دەشکێتەوە، جـیـاکـردنـەوەی شـەبـەک لـە کـورد دڕێژەپێدانی سیاسەتی عەرەبکردن‌و بڕبڕکردنی کوردە».

مەخموری، کە سکرتێری یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانیشە، پێیوایە هاوپەیمانی کوردستانی بۆیە بەو پێشنیازە رازی بووە کە کورسییەکی تر بۆ کورد زیادبکات لە پارێزگای موسڵ «بـەڵام دەبێت ئەوە باش بزانن ئەوە جیاکردنەوەی شەبەکە لە کورد، ئەوەش هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی‌و هۆکارێکە بۆئەوەی ناکۆکی بخرێتە ناو گەلی کوردستان‌و نەتەوەی کورد».

> **لیستی هاوپەیمانی کوردستان کورتبینەو تەنها بەرپێی خۆیان دەبینن‌و ڕەهەندەکانی ئەو کێشانە لە دواڕۆژدا نابینن کە لە داهاتوودا بە زیانی کورد دەشکێتەوە**

> **سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی بەو پێشنیازە رازی بووە، چونکە ئێتیلاف هەڕەشەی ئەوەی کردووە ئەگەر دەنگ نەدەین بە تەرخانکردنی کورسی بۆ شەبەک، ئەوان دەنگ بە ڕێژەی ١٧٪ی کورد نادەن لە بودجەی ٢٠٠٩**

ڕاپۆرتی لیژنەی چاکسازیی‌و نەهێشتنی گەندەڵی بەگشتیی

باسی گەندەڵیی کردووە، نەک لە دەزگاکاندا دەستنیشانی بکات

دیە فازڵ

پاش مانگو نیوێک کارکردنی لـیـژنـەی وزاریـــی تـایـبـەت بە چارەسەرکردنی دیاردەی گەندەڵیی ئیداریی لە دامودەزگاکانی حکومەتی هـەرێـم، لیژنەکە ڕاپۆرتێکیان دەربـارەی گەندەڵیی پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران کردو پسپۆرێکی ئابووریش ڕەخنە لە کـاری ئەو لیژنەیە دەگرێت، کە دەبوو پێشتر گەندەڵییەکان دەستنیشان بکرانایە، ئینجا باس لە چارەسەرکردن بکرێت.

شێخ محەمەد شاکەلی، سەرۆکی لیژنە وزاریـیـەکە، کە هاوکات وەزیری ئەوقاف‌و کاروباری ئایینیشە، بۆ ڕۆژنامە باسی لە کارەکانی ئەو لیژنە وزاریـیـە کـرد کـە مانگو نیوێکە بـۆ مـاوەی ٥٠ سەعات کاریان کردووەو جەختی کردەوە کە لیژنەکە ڕاپۆرتەکەی تەواوکردووەو بەشێوەیـەکـی گشتیی بـاس لە دیـاردەی گەندەڵیی کـراوە تێیداو بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە ڕێگەچارە بۆ نەهێشتنی گەندەڵیی دیاریکراوە.

سەرۆکی لیژنە وزاریـیە تایبەتەکە بە دیاریکردنی گەندەڵیی ئاماژەی بـەوەشـدا کـە لـە کـۆبـوونـەوەی داهـاتـووی ئەنجومەنی وەزیراندا ڕاپـۆرتـەکـە گفتوگۆی لە بـارەوە دەکرێت، هەربۆیە ناکرێت لە ئێستادا ناوەڕۆکەکەی بخرێتەڕوو.

لە بەرامبەردا شارەزایانی بواری ئـابـووریـیـو پـلانـدانـان ڕەخنەی ئەوەیان لەو لیژنە وزاریـیە هەبوو، کـە پێویست بـوو گـەنـدەڵـی نێو دامودەزگاکانیان دەستنیشان بکردایە، ئەوجا بیر لە ڕێگەچارە بکرایەتەوەو هـەر گەندەڵییەو بە جـۆرێـک، د. هۆشیار مەعروف، پڕۆفیسۆر لە بواری ئابووری، بۆ ڕۆژنامە وتی: «باسکردنی گەندەڵیی شێوەیەکی گشتییو چارەسەر بۆ دانانی پێویست بە لیژنەی وزاریی ناکات، پێویست بوو گەندەڵییەکان دیـاری بکرێت، کە چەندین جۆر هەیە ئیداریی‌و دارایی‌و فکری ...هتد، بەردەوام باس دەکرێت کە داموددەزگاکانی حکومەتی هەرێمی گرتووەتەوە، نەک بەگشتیی باسی لێوەبکرێت‌و چارەسەری بۆ دیاریبکرێت».

لیژنە وزاریـیەکەی ئەنجومەنی وەزیران لە وەزیرەکانی (ئەوقاف‌و کاروباری ئایینی، دارایی، پلاندانان، مافی مرۆڤ، شارەوانی، ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم لەگەڵ وەزیرێکی هەرێم)، کە بەوتەی شارەزایانی بـواری پلاندانان ناکرێت وەزیـر لەنێو لیژنەی دیاریکردنی گەندەڵی وەزارەتەکاندا بێت، بەڵام بەوتەی شێخ محەمەد، ئەرکی ئـەو لیژنە وزاریـیە تەنها باسکردنی گەندەڵیی‌و چارەسەرکردنەکەی بوو، دیاریکردنی گەندەڵییەکەو میکانیزمی کارکردن‌و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵی، لەلایەن لیژنەیەکی دیکەوە ئەنجام دەدرێت.



بەیانیت باش کوردستان

دوو برا لە چاڵاوێکدا خنکان

سەیوان خورشید

دوو برا لە گەڕەکی شاکەری ناحیەی رزگاری سەر بە قەزای کەلار، ڕۆژی ١٠/٢٧ دەکەونە چاڵاوێکی بارانەوەو دەرئەنجام هەردووکیان دەخنکێن.

لەبارەی چۆنیەتی خنکانی ئەو دوومنداڵەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بنکەی پۆلیسی رزگاری بە ڕۆژنامەی وت: «ئەم دووبرایە بە ناوەکانی (جەزا ڕەعد حەبیب و قادر ڕەعد حەبیب) سەرەتا یەکێکیان کەوتووەتە چاڵەکەوەو دواتریش براکەی دیکە هەوڵی ڕزگارکردنی داوەو ئەویش کەوتووەتە ناو چاڵاکەوەو هەردووکیان خنکاون.

وتیشی: دواتر هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی ناحیەکە، تەرمی هەردوو خنکاوەکەیان لە چاڵاوەکە دەرهێناوەو ڕەوانەی پزیشکی دادوەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار کراون.

ئەمریکییەکان هاوکاری قوتابیبانی شۆڕش دەکەن

غەمبار جەباری

ڕێکخراوێکی خێرخوازی ئەمریکی هاوکاری قوتابیبانی ناحیەی شۆڕش دەکات و لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا بڕێک کەلوپەل و پێداویستیی بەسەر قوتابخانە سەرەتاییەکانی ناحیەکەدا دابەشکرد.

ئومێد لەتیف، بەڕێوەبەری ناحیەی شۆڕش، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بە هاوکاری ناحیەکە ڕێکخراوێکی خێرخوازیی ئەمریکی بڕێک کەلوپەلی بەسەر قوتابخانە سەرەتاییەکاندا دابەشکرد، کە زیاتر لە ٣٠٠٠ پارچەی جیاجیا لە قرتاسییەو یاری منداڵانو خواردەمەنیو شتی تر پێکهاتبوونو هەر خوێندکارەو بڕی ١٥هەزار دیناری بۆ سەرفکرابوو.

ڕوونکردنەوەیەک لە مەڵبەندی ٢٢ی شارباژێڕەوە

لە ژمارە ٣٢٩ی ڕۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٢ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە هەواڵێکی بڵاوکردووەتەوە بە ناونیشانی (حیزب بەبێ بوونی مەرجی یاسایی قایمقام دادەنێت).

لەبەرئەوەی هەواڵەکە ناوی مەڵبەندی ڕێکخستنی شارباژێری تێدا هاتووە، پێمان باشبوو ئەم ڕوونکردنەوەیە بڵاوبکەینەوە:

١- حیزب (مەڵبەندەکەمان) قایمقامی دانەناوە بەڵکو پێشنیازمان کردووە کە هەڤاڵ (ئیبراهیم فەتاح قادر) دابنرێت، ئێمە پێشنیاز دەکەینو دەزگایەکی تەنفیزی نین تا قایمقام دابنێین.

٢- هەڤاڵ (ئیبراهیم فەتاح قادر) چەندین ساڵ پێشمەرگە بووەو خاوەنی خەباتەو پارتیزان بووە لە ساڵی ١٩٨٩وە هەتا ساڵی ١٩٩٠.

٣- هەمان هەڤاڵ پێشتر سەرۆکی شارەوانیی ماوەت بووە لە ساڵی ١٩٩٥وە هەتا ساڵی ٢٠٠٥، هەموو دانیشتووانی ماوەت شاهیدی ئەوە دەدەن کە سەرکەوتوو بووە لە کارەکەیدا.

٤- لە مادەی ١٣ی بڕگەی ٢ی یاسای پارێزگاکان هیچ ئاماژە بەوە نەدراوە کە دەبێت قایمقام دەرچووی زانکۆ بێت.

لەگەڵ ڕێزدا.....

مەڵبەندی ٢٢ی ڕێکخستنی شارباژێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان

٧٠٠ ملیار دیناری بودجەی سلێمانی لەسەر ئەنجامی ڕاپرسییەک دەکرێتە پرۆژە

محەمەد سالح حەمەلاو



ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ٧٠٠ ملیار دیناری بودجەی ساڵی داهاتووی لەسەر بنەمای ئەنجامی ڕاپرسییەکو پلانی ستراتیژی بەسەر پرۆژەکاندا دابەشدەکات.

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەپێی پلانی ستراتیژی خۆیو ئەنجامی ڕاپرسییەکی (سەنتەری ڕاپرسی کوردستان) دەربارەی کەموکوڕییەکانی پارێزگای سلێمانی، ڕاپرسییەکی لەنێوان هاوڵاتییاندا ئەنجام دابوو، کە تێیدا زۆرترین ژمارەی هاوڵاتییانی بەشداربووی ناو ڕاپرسییەکە داوایان کردبوو لە پرۆژەکانی ساڵی ٢٠٠٩دا بە پلەی یەکەم گرنگی بە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ئاوو ئاوەڕۆ دواتر قوتابخانەو خوێندنگەو بە پلەی سێیەمیش گرنگی بەبواری تەندروستی بدرێت، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئەنجامی ئەو ڕاپرسییەش دەکاتە بنەما بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی خۆی لەساڵی داهاتوودا.

کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بودجەی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی ئایندەدا ٧٠٠ ملیار دینارەو لەسەر ئەنجامی ڕاپرسییەکان بۆ ٤٦١ پرۆژە تەرخاندەکرێت.

وتیشی: ئەنجومەنی پارێزگا، داوای لە ئەندامەکانی کردووە لە ئێستاوە هەماهەنگی لەگەڵ قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیەو سەرۆکی شارەوانییەکان بکەن بۆ دیاریکردنی شوێنی پرۆژەکان، ڕوونیشی کردەوە بەپێی ئەو پلانەی دایانڕشتووە، وا بڕیارە لە کۆتایی ئەمساڵدا تەندەر بۆ پرۆژەکان بکرێت بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیاندا پرۆژەکان جێبەجێ بکرێن.

کاوە عەبدوڵڵا، ئاماژەشی بەوەکرد، «دابەشکردنی بودجەکە لەسەر بنەمای ژمارەی ڕێژەیی دانیشتووانەو هیچ جیاوازییەک لەنێوان ناوچەیەکو ناوچەیەکی تردا ناکرێت»، ئاشکراشیکرد ئەمساڵ بڕی ٢٠٠ ملیار دیناریان لە بودجەی تەواوکاریی بۆ گەڕاوەتەوەو ئەو پرۆژانەش کە لەسەر بودجەی تەواوکاریی ئەنجام دەدرێنو لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە داوای جێبەجێکردنیان بۆ کراوە، ڕەزامەندیی بۆ جێبەجێکردنیان نیشاندراوە.

ئەنجومەنی وەزیران قەرەبووکردنەوەی مادەی ١٤٠ ڕادەگیرێت

ئاکۆ محەمەد شوانی

بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، کە چەند ڕۆژێک پێش ئێستا دەرچووە، بڕە پارەی قەرەبووی هاوڵاتییانی سنووری مادەی ١٤٠ ڕادەگیرێتو جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەکەش هۆکاری ڕاگرتنی قەرەبووکردنەوە بۆ نەمانی پارە لە بانکەکاندا دەگەڕێنێتەوە.

بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، ڕۆژی ١٠/٢٦ دەرچووەو ئاراستەی بانکی ڕافیدەین لە بەغداد کراوەو بەپێی بڕیارەکە پارەی قەرەبووی هاوڵاتییانی سنووری مادەی ١٤٠ ڕاگیراوەو بەوهۆیەشەوە ئێستا لە هەموو بانکەکانی کەرکوکو ناوچەکانی تردا بڕی پارەی قەرەبوو نادرێتە هاوڵاتییان.

نەرمین عوسمان، جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠، لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەهۆی نەمانی بودجەوە پارە لە بانکەکاندا نەماوەو بەوهۆیەوە قەرەبووی هاوڵاتییانی ڕاگیراوە.

وتیشی: «هەتا بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ تەسدیق نەکرێت، ناتوانین هیچ بڕە پارەیەک بۆ قەرەبووکردنەوە وەربگرین».

لەلایەکی ترەوە، سلزانا بۆیە ناسر، ئەندامی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی١٤٠، بێئاگایی خۆی لەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران ڕاگەیاندو بۆ ڕۆژنامە تەئکیدی کردەوە، کە ئەوانیش لە کەنالەکانی ڕاگەیاندنەوە ئەو هەواڵەیان بیستووەو بە ڕەسمیی نەکراونەتەوە.

ئەو ئەندامەی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ئاماژەی بەوەشکرد، کە لە ئێستادا سەرقاڵی دابینکردنی بودجەی تەواوکارین بۆ قەرەبووی هاوڵاتییان، بەڵام ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران کە باسی لێدەکرێت کارەکانی لیژنەکە ڕادەگرێت، چونکە ئێستا لە قۆناغی قەرەبووکردنەوەدان.

پەرلەمانتاران نەیانتوانی «مەرجە تووندەکان» بۆ فرەژنی دابنێن

مەریوان مەلاحەسەن

هەولێر

دوێنێ پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنێکی تایبەتدا کە بۆ تەواوکردنی پرۆژەیاسای باری کەسێتی سازیکرد، نەیتوانی مەرجە تووندەکانی فرەژنی بسەپێنێت.

هاوسەرگیریی مەرجدار دەکرێت

دوای ئەوەی دوو ڕۆژ لەمەوبەر پەرلەمانی کوردستان بە جیاوازی ٤ دەنگ بڕیاری لە سەر بوونی فرەژنی دا، دوێنێ بۆ پابەندبوون بە چەند مەرجێک ئەو بڕیارە یەکلایی کرایەوە بەوەی هەر پیاوێک بیەوێ ژنی دووەم بهێنێ دەبێت چەند مەرجێکی هەبێت، وەک ئەوەی پیاو دەتوانێت ژنی دووەم بهێنێت، ئەگەر ژنەکەی نەخۆشییەکی دڕێژخایەنی هەبێت یان ژنەکەی بەشێوەیەکی بەردەوام نەزۆک بێتو ئەمە بە ڕاپۆرتی پزیشکی بسەلمێنێت.

زانا ڕۆستایی، پەرلەمانتار، پێیوابوو بیانووی نەخۆشی ژن بۆ ئەوەی پیاوەکە ژنی بەسەردا بهێنێت، «غەدرێکە لە ژن دەکرێت، چونکە هیچ ژنێک بۆ خۆی حەزناکات نەخۆش بکەوێت، بەڵام کە نەخۆش دەکەوێت، نابێت بکرێتە بیانوو بۆ ئەوەی پیاوێک ژنی دووەم بهێنێت». بەڵام داوجار زۆرینەی پەرلەمانتاران دەنگیان بۆ ئەوەدا کە پیاو دەتوانێت ئەگەر ژنی یەکەمی نەخۆش یان نەزۆک بێت ژنێکی دیکە بهێنێت.

مەرجێکی دیکە بۆ ڕێگەدان بە فرەژنی کە پەرلەمانتاران جێگیریان کرد، ئەوەبوو کە دەبێت ئەو پیاوەی ژنی دووەم دەهێنێت، بۆ قازی بسەلمێنێت توانای ماددی ئەوەندە هەیە کە بتوانێت دوو ژن بەخێو بکات.

فرەژنی بەبێ بوونی مەرج سزا دەدرێت

لەدرێژەی دانیشتنەکەی پەرلەماندا پەرلەمانتاران بڕیاریان لەسەر ئەوەدا کە هەر پیاوێک ئەگەر ژنی دووەم بهێنێتو ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت کە یاساکە دیاریکردووە، زیندانی دەکرێتو بە ١٠ ملیۆن دیناریش سزا دەدرێت.

هەرچەندە لیژنەی ئەوقافی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەدابوو کە سزای زیندانیکردن نەمێنێت، بەڵام وەک ئەوەی لیژنەی ژنان دەیانەویست پەرلەمانتاران بڕیاریان لەسەر مانەوەی سزای زیندانیکردنیش دا.

زۆرینەی پەرلەمانتارانیش دەنگیان لەسەر ئەو خاڵەدا کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە قازی بەهیچ شێوەیەک مافی ئەوەی نییە ئەو سزایەی بۆ پیاوەکە دیاریکراوە هەڵیوەشێنێتەوە.

پەرلەمانتاران نەیانتوانی مەرجە تووندەکانی فرەژنی بسەپێنن

دوای پەسەندکردنی بوونی فرەژنی لە دانیشتنی پێشووی پەرلەماندا، ئەو پەرلەمانتارانەی لەگەڵ بوونی فرەژنی نەبوون، جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت کۆمەڵێک مەرجی وا بۆ فرەژنی دابنرێت، لە قەدەغەکردن نزیک بێتەوە، هەر لەدوای پەسەندکردنی پرۆژەکەش ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانە بۆ ڕۆژنامە جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت ئەو پیاوەی ژنی دووەم دەهێنێت، ژنەکەی لەڕووی تەمەنەوە لەو نزیک بێت، بەڵام لە دانیشتنی دوێنێی پەرلەماندا پەرلەمانتاران باسی ئەو خاڵەیان نەکرد. بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەشەوە، سۆزان شەهاب، بۆ ڕۆژنامە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو مەرجانەی لە یاساکەدا هاتوون، وەک ئەوەیە فرەژنی قەدەغەکرا بێتو وتیشی: «ئەوانەی دوێنێ (پێڕێ- ڕۆژنامە) بڕیاریان لەسەر فرەژنی دا لە فیکرو بیرکردنەوەدا ئازادنەبوون، وایانزانی نەهێشتنی فرەژنی سەریگرتووە، بەڵام ئەو مەرجانەی لە یاساکەدا جێگیرکران، وەک ئەوەیە فرەژنی قەدەغە کرابێت».

مەلاخدر، یەکێک لە راگەیەنەرانی (رەگ):

راگەیاندنی رەگ، دەسەڵاتدارانی یەکێتی لەرزاندووە

سازدانی: نەژاد جەلال

مەلاخدر، یەکێک لە راگەیەنەرانی رەوتی گۆڕینی دیموکراسی «رەگ»، سەبارەت بە بڕیاری سەرکردایەتیی یەکێتی بۆ دوورخستنەوەیان لە ناو ریزەکانی یەکێتی دەڵێت: ئێمە سوورین لەسەر ڕێبازی خۆمان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کادیرو ئەندامە دڵسۆزەکانی یەکێتیش دڵنیادەکەینەوە کە هەر سوورەبین لەسەر خەباتی دیموکراسیی خۆمان تا سەرانی خۆسەپێنی یەکێتی ناچاردەکەین لەبەردەم ویستو ئیرادەی ئەندامانی یەکێتی و گەلەکەمان واز لە کورسییەکانی دەسەڵات دەهێنن بە بۆچوونی ناوبراو «راگەیاندنی رەگ دەسەڵاتدارانی یەکێتی لەرزاندووە».

لەم چاوپێکەوتنەیدا کە سایتی سبەی لەگەڵی ئەنجامیداوە مەلا خدر ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەو بیروبۆچوونانە دەدات کە لەماوەی دوای بڕیارەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەسەر ڕەوتەکەیان دروستبووە

سبەی: ئێوە وەک راگەیەنەرانی «رەگ» بۆچی ئەم ڕەوتەتان لەناو یەکێتیدا راگەیاند؟

* ئێمە پێمانوایە کە ئەمڕۆ (ی.ن.ک) بەرەو چارەنووسێکی نادیار هەنگاودەنێت، چونکە دەسەڵاتدارانی ناو (ی.ن.ک) هیچ پرەنسیپێکی ڕێکخراوەییان لەناو ریزەکانی یەکێتیدا نەهێشتووەتەوە، دەستەگەریان کردووەتە ئامرازێک بۆ خۆسەپاندن و دژایەتیکردنی هەموو دەنگێکی زۆڵاڵو دڵسۆز، خۆ ئەگەر بارودۆخەکان هەروا بڕوات، بەرەو هەڵوەشانەوەی حەتمی دەبات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی تێکدانی پارسەنگی سیاسیی لە کوردستانی عێراقدا و کاردانەوەی نێگەتیڤی لەسەر چەمکی دیموکراسییو دەنگی ئازاد دەبێت. راگەیاندنی رەگ لەم کات و ساتەدا، بە بڕوای ئێمە وەڵامدانەوەی پێداویستییەکی مێژوویی، هەوڵدانێکی لێبراوانەیە بۆ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سیاسەت و پەیام و پێکهاتەی (ی.ن.ک)دا بۆ ئەوەی چیتر تاکەکەس و بنەماڵە لەپێناوی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان، چارەنووسی یەکێتییو گەلەکەمان نەخەنە مەترسییەوەو جارێکی تر گەلەکەمان بەرەو هەڵدێری هەرەس و شکستی یەکجاری نەبەن، وێڕای ئەمە، ئێمە پێمانوایە کە گەلەکەمان قوربانییەکی زۆری داوەو شایستەی ئەوەیە کە وەکو گەلانی تری دنیا ئازادبێت و خزمەت بکرێت نەک لەلایەن دەسەڵاتدانی ناوخۆوە مافیان پێشێل بکرێت.

سبەی: هێزو توانای ڕەوتەکەی ئێوە لەناو هەرێمدا چۆنە، ئایا لەئاست ئەو ئامانجانەدایە کە کردووتانە بە بەرنامەو پرۆژەی خۆتان؟

* هێزو توانای رەگ لە کوردستان هەر لە سەرەتاوە زۆر باش بوو، خەڵکێکی زۆر لە پلە جیاجیاکانی یەکێتی لەگەڵ رەگ بوون، لەو ڕۆژەوەش کە راگەیاندنەکەمان بڵاوکردەوە، سەدان ئەندامو کادیری یەکێتی بە تەلەفۆنو ئیمەیل پەیوەندییان پێوە کردووینو پشتیوانیی خۆیان بۆ ئامانجەکانی رەگ دەربڕیوە، خەڵکێکی زۆر تەنانەت ئامادەن بە ئاشکرا وەک ئەوانەی ئەوروپا، پشتیوانیی خۆیان بۆ رەگ دەربڕن، بەڵام ئێمە جارێ پێمان باش نییە ئەوە بکرێت، چونکە نامانەوێت تەوەری دەسەڵاتداری ناو یەکێتی هەمان ئەو رقو نەفەس کورتییەی کە بەرامبەر ئێمە بەکاریانهێنا، لە بەرامبەر ئەوانیشدا بیکەنو ببێتە مایەی نانبڕانی خەڵک یاخود سەرهەڵدانی تۆندوتیژی.

سبەی: رەگ چ تێڕوانینێکی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا؟

* هەرچەندە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا دان بە هەرێمی کوردستاندا نراوە، بەڵام زۆر کێشەو گیروگرفت هەن کە تا ئێستا بە هەڵواسراوی ماونەتەوەو بە یاسا ڕێکنەخراون، بێتوانایی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ڕۆڵی گرنگی هەبووە لەوەی ئەو کێشانە بە چارەسەرنەکراوی بمێنێتەوەو پارسەنگی سیاسیی کورد لە بەرامبەر عەرەبی عێراقدا کەمبکاتەوە، بەتایبەتی دوای خۆڕێکخستنەوەی شیعەکانو بەشداریی عەرەبی سوننە لە پرۆسەی سیاسیدا، ئێمە دەمانەوێت پێگەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئەوەی ئێستا پێی دەوترێت عێراقی نوێ، زیاترو پتەوتر بێت، دەبێت هەرێمی کوردستان بە فیعلی ڕۆڵی لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوەو ناوەوەی عێراقدا هەبێت، دەبێت هەرێم ڕۆڵی گرنگی لە گشت دامەزراوە ناوەندییەکاندا هەبێت، نەک ڕۆڵێکی لاوەکییو حساب بۆنەکراو، دەبێت سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێم لەژێر کۆنترۆڵی هەرێمدا بن، دەبێت هەرێم هێزێکی نیزامی خۆی هەبێت کە بتوانێت بەرگریی لە خۆی بکات، دەبێت هەرێم پێداگریی بکات لەسەر جێبەجێکردنی ئەو مادانەی دەستووری هەمیشەیی کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە، وەک بە ڕەسمی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە گشت بوارەکاندا. ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کوردی لەسەر بنچینەیەکی نوێ، بەدلنیاییەوە ئێم هەوڵەی ئێمە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی شارستانی لە کوردستانی عێراق کە یاسا تێیدا سەروەر بێت، پاراستنی مافی مرۆڤو ڕێگرتن لە تۆندوتیژی دژی ئافرەتو پاراستنی مافی هەموو کەمەنەتەوایەتییو ئایینیو مەزهەبییەکانی کوردستانو جیاکردنەوەی حیزبو حکومەت لەیەکتریو فەراهەمکردنی ژیانی دیموکراسی لە هەموو دامودەزگاکانی بەڕێوەبردنو چەسپاندنی دادوەریی کۆمەڵایەتی، ئەو چەمکانەن کە ئەمریکا پشتیوانییان لێدەکات، هەر لەسەر ئەو بنچینەیەش ڕەگ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکادا دادەڕێژێت.

سبەی: ئێستا ئەمریکا حاکمی ناراستەوخۆی ناوچەکەیە، ڕەگ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکادا لە چ چوارچێوەیەکدا دادەڕێژێت؟

* ئێمە، ئەمریکا بە هێزێکی ڕزگارکەر دەزانین کە توانی یەکێک لە سەرسەختترین دوژمنەکانی کورد لەناوبەرێت، پێمانوایە کە ئەمریکا زامنی ئەو شێوە دیموکراتییەیە کە ئێستا لە عێراقدا بەرقەرارەو زامنی جێبەجێکردنی بەندەکانی دەستووری عێراقە، بە هەموو ئەو بەشانەوە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ڕێکخستنی نێوان بەغداو هەرێمی کوردستانو گەرانەوەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکانی تری کوردستان بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەیە، هەروەها ئەمریکا وەک سیستمێکی دیموکراسی، پشتیوانیی لە دیموکراسییو مافی مرۆڤ دەکات. ئێمە لەم ڕوانگەوە پێمانوایە ئەم هەوڵەی ئێمە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی شارستانی لە کوردستانی عێراق کە یاسا تێیدا سەروەر بێت، پاراستنی مافی مرۆڤو ڕێگرتن لە تۆندوتیژی دژی ئافرەتو پاراستنی مافی هەموو کەمەنەتەوایەتییو ئایینیو مەزهەبییەکانی کوردستانو جیاکردنەوەی حیزبو حکومەت لەیەکتری و فەراهەمکردنی ژیانی دیموکراسی لە هەموو دامودەزگاکانی بەڕێوەبردنو چەسپاندنی دادوەریی کۆمەڵایەتی، ئەو چەمکانەن کە ئەمریکا پشتیوانییان لێدەکات، هەر لەسەر ئەو بنچینەیەش ڕەگ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکادا دادەڕێژێت.

سبەی: ئەو هەڵمەتی ڕاگەیاندنەی کە (ی.ن.ک) دەستیانپێکردووە دژی ئێوە، هۆکارەکەی چییەو چاوەڕێی دەرئەنجامێکی لێدەکەن؟

* ئەو هەڵمەتی ڕاگەیاندنەی (ی.ن.ک) کە دەستیانپێکردووە دژی ئێمەو کاردانەوە بەپەلەکەی دەسەڵاتدارانی یەکێتی، بە ئاشکرا شپرزەییو نەفەس کورتیی سیاسی پێوەدیارەو لە هەمانکاتیشدا کاریگەری ڕاگەیاندنەکەمان دەردەخات کە تا چ ئەندازەیەک دەسەڵاتدارانی یەکێتی لەرزاندووە، بەڵام بەداخەوە لە جیاتی ئەوەی سەرانی دەسەڵاتداری یەکێتی بە وردیو هێمنانە بیری لە دانانی نەخشەو ڕێوشوێنی گونجاو بکردایەتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتو کێشانەی ڕاگەیاندنەکامان دەستنیشانی کردووە، کە داخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیشە، لەجیاتی کۆبوونەوەکردنو بڕیاردان لەسەر گەرانەوەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکانی تری کوردستان، لە ترسی لەدەستدانی کورسییەکانی خۆیان، وا کۆبوونەوە لەسەر ڕاگەیاندنی ڕەگ دەکەنو بڕیاری دەرکردنی چوار هەڵسوڕێنەرە ئاشکراکەی دەدەن، لەکاتێکدا تا ئێستا کەسێکیان لەناو ریزەکانی یەکێتی لەسەر خیانەت، جاسوسی، دزیو گەندەڵی دەرنەکردووە. ئەوەی کە لە هەموو شتێک زیاتر دەسەڵاتدارانی ناو یەکێتی سەغڵەت کردووە، ئەو داوایەی ئێمەیە کە دەڵێین ئەوانەی بوون بەهۆی شکستهێنانی یەکێتی لە هەموو بوارەکاندا، دەبێت واز لە دەسەڵاتەکانیان بهێنن، ئەگینا هەموو ئەو شتانەی تر کە وتوومانە ڕۆژانە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانو میدیاکانی ترو بازاڕو قوتانخانەو زانکۆو فەرمانگەکانو تەنانەت لە کۆبوونەوەکانیشدا باسکراون، ئەوان باکیان بە هیچکام لەوانە نەبووەو نییە، بەڵام جیاوازیی ڕاگەیاندنەکەی ئێمە لە داواکەمانە کە دەڵێین دەبێت ئەوان واز لە دەسەڵات بهێنن، دیارە لای ئەوانیش تەنها ئەمە هێڵی سوورە، ماوە بڵێم کە ئەوانەی ئەو هەڵمەتە دژی ئێمە ئەنجام دەدەن، هیچ قسەیەکیان لەسەر ئێمە نییە ئەوە نەبێت کە تۆمەتی تەکەتولو دەستەگەریمان بخەنە پاڵ، ئەمە لەکاتێکدا کە یەکێک لە ئامانجەکانی ئێمە نەهێشتنی دەستەگەریو گەرانەوەی پرەنسیپەکانی ڕێکخستنە، ئەوانەی ئەو هەڵمەتە دەکەن کەسانێکی ئەوەندە ناشرینن لەبەرچاوی خەڵک، کە هەر جارێک ئەوان بە خراپە باسمان دەکەن، پێگەی ئێمە لەناو خەڵکو ڕادەی خۆشەویستی و متمانەی خەڵک بە ئێمە زیاتر دەبێت.

سبەی: ئەگەر سەرکردایەتیی ئێستای یەکێتی سووربێت لەسەر دژایەتیکردنو دوورخستنەوەتان لە یەکێتی، هەڵوێستان چی دەبێت؟

* ئێمە سوورین لەسەر ڕێبازی خۆمانو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو کادیرو ئەندامە دڵسۆزەکانی یەکێتیش دڵنیادەکەینەوە کە هەر سوورەدەبین لەسەر خەباتی دیموکراسیی خۆمان تا سەرانی خۆسەپێنی یەکێتی ناچاردەکەین لەبەردەم ویستو ئیرادەی ئەندامانی یەکێتیو گەلەکەمان واز لە کورسییەکانی دەسەڵات دەهێنن بە بۆچوونی ناوبراو «ڕاگەیاندنی ڕەگ دەسەڵاتدارانی یەکێتی لەرزاندووە».

لەم چاوپێکەوتنەیدا کە سایتی سبەی لەگەڵی ئەنجامیداوە مەلا خدر ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەو بیروبۆچوونانە دەدات کە لەماوەی دوای بڕیارەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەسەر ڕەوتەکەیان دروستبووە

سبەی: ئێوە وەک راگەیەنەرانی «رەگ» بۆچی ئەم ڕەوتەتان لەناو یەکێتیدا راگەیاند؟

* ئێمە پێمانوایە کە ئەمڕۆ (ی.ن.ک) بەرەو چارەنووسێکی نادیار هەنگاودەنێت، چونکە دەسەڵاتدارانی ناو (ی.ن.ک) هیچ پرەنسیپێکی ڕێکخراوەییان لەناو ریزەکانی یەکێتیدا نەهێشتووەتەوە، دەستەگەریان کردووەتە ئامرازێک بۆ خۆسەپاندنو دژایەتیکردنی هەموو دەنگێکی زۆڵاڵو دڵسۆز، خۆ ئەگەر بارودۆخەکان هەروا بڕوات، بەرەو هەڵوەشانەوەی حەتمی دەبات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی تێکدانی پارسەنگی سیاسیی لە کوردستانی عێراقداو کاردانەوەی نێگەتیڤی لەسەر چەمکی دیموکراسییو دەنگی ئازاد دەبێت. راگەیاندنی رەگ لەم کات و ساتەدا، بە بڕوای ئێمە وەڵامدانەوەی پێداویستییەکی مێژوویی، هەوڵدانێکی لێبراوانەیە بۆ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سیاسەت و پەیام و پێکهاتەی (ی.ن.ک)دا بۆ ئەوەی چیتر تاکەکەس و بنەماڵە لەپێناوی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان، چارەنووسی یەکێتییو گەلەکەمان نەخەنە مەترسییەوەو جارێکی تر گەلەکەمان بەرەو هەڵدێری هەرەس و شکستی یەکجاری نەبەن، وێڕای ئەمە، ئێمە پێمانوایە کە گەلەکەمان قوربانییەکی زۆری داوەو شایستەی ئەوەیە کە وەکو گەلانی تری دنیا ئازادبێت و خزمەت بکرێت نەک لەلایەن دەسەڵاتدانی ناوخۆوە مافیان پێشێل بکرێت.

سبەی: هێزو توانای ڕەوتەکەی ئێوە لەناو هەرێمدا چۆنە، ئایا لەئاست ئەو ئامانجانەدایە کە کردووتانە بە بەرنامەو پرۆژەی خۆتان؟

* هێزو توانای رەگ لە کوردستان هەر لە سەرەتاوە زۆر باش بوو، خەڵکێکی زۆر لە پلە جیاجیاکانی یەکێتی لەگەڵ رەگ بوون، لەو ڕۆژەوەش کە راگەیاندنەکەمان بڵاوکردەوە، سەدان ئەندامو کادیری یەکێتی بە تەلەفۆنو ئیمەیل پەیوەندییان پێوە کردووینو پشتیوانیی خۆیان بۆ ئامانجەکانی رەگ دەربڕیوە، خەڵکێکی زۆر تەنانەت ئامادەن بە ئاشکرا وەک ئەوانەی ئەوروپا، پشتیوانیی خۆیان بۆ رەگ دەربڕن، بەڵام ئێمە جارێ پێمان باش نییە ئەوە بکرێت، چونکە نامانەوێت تەوەری دەسەڵاتداری ناو یەکێتی هەمان ئەو رقو نەفەس کورتییەی کە بەرامبەر ئێمە بەکاریانهێنا، لە بەرامبەر ئەوانیشدا بیکەنو ببێتە مایەی نانبڕانی خەڵک یاخود سەرهەڵدانی تۆندوتیژی.

سبەی: رەگ چ تێڕوانینێکی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا؟

* هەرچەندە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا دان بە هەرێمی کوردستاندا نراوە، بەڵام زۆر کێشەو گیروگرفت هەن کە تا ئێستا بە هەڵواسراوی ماونەتەوەو بە یاسا ڕێکنەخراون، بێتوانایی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ڕۆڵی گرنگی هەبووە لەوەی ئەو کێشانە بە چارەسەرنەکراوی بمێنێتەوەو پارسەنگی سیاسیی کورد لە بەرامبەر عەرەبی عێراقدا کەمبکاتەوە، بەتایبەتی دوای خۆڕێکخستنەوەی شیعەکانو بەشداریی عەرەبی سوننە لە پرۆسەی سیاسیدا، ئێمە دەمانەوێت پێگەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئەوەی ئێستا پێی دەوترێت عێراقی نوێ، زیاترو پتەوتر بێت، دەبێت هەرێمی کوردستان بە فیعلی ڕۆڵی لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوەو ناوەوەی عێراقدا هەبێت، دەبێت هەرێم ڕۆڵی گرنگی لە گشت دامەزراوە ناوەندییەکاندا هەبێت، نەک ڕۆڵێکی لاوەکییو حساب بۆنەکراو، دەبێت سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێم لەژێر کۆنترۆڵی هەرێمدا بن، دەبێت هەرێم هێزێکی نیزامی خۆی هەبێت کە بتوانێت بەرگریی لە خۆی بکات، دەبێت هەرێم پێداگریی بکات لەسەر جێبەجێکردنی ئەو مادانەی دەستووری هەمیشەیی کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە، وەک بە ڕەسمی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە گشت بوارەکاندا. ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کوردی لەسەر بنچینەیەکی نوێ، بەدلنیاییەوە ئێم هەوڵەی ئێمە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی شارستانی لە کوردستانی عێراق کە یاسا تێیدا سەروەر بێت، پاراستنی مافی مرۆڤو ڕێگرتن لە تۆندوتیژی دژی ئافرەتو پاراستنی مافی هەموو کەمەنەتەوایەتییو ئایینیو مەزهەبییەکانی کوردستانو جیاکردنەوەی حیزبو حکومەت لەیەکتریو فەراهەمکردنی ژیانی دیموکراسی لە هەموو دامودەزگاکانی بەڕێوەبردنو چەسپاندنی دادوەریی کۆمەڵایەتی، ئەو چەمکانەن کە ئەمریکا پشتیوانییان لێدەکات، هەر لەسەر ئەو بنچینەیەش ڕەگ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکادا دادەڕێژێت.

سبەی: ئەو هەڵمەتی ڕاگەیاندنەی کە (ی.ن.ک) دەستیانپێکردووە دژی ئێوە، هۆکارەکەی چییەو چاوەڕێی دەرئەنجامێکی لێدەکەن؟

* ئەو هەڵمەتی ڕاگەیاندنەی (ی.ن.ک) کە دەستیانپێکردووە دژی ئێمەو کاردانەوە بەپەلەکەی دەسەڵاتدارانی یەکێتی، بە ئاشکرا شپرزەییو نەفەس کورتیی سیاسی پێوەدیارەو لە هەمانکاتیشدا کاریگەری ڕاگەیاندنەکەمان دەردەخات کە تا چ ئەندازەیەک دەسەڵاتدارانی یەکێتی لەرزاندووە، بەڵام بەداخەوە لە جیاتی ئەوەی سەرانی دەسەڵاتداری یەکێتی بە وردیو هێمنانە بیری لە دانانی نەخشەو ڕێوشوێنی گونجاو بکردایەتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتو کێشانەی ڕاگەیاندنەکامان دەستنیشانی کردووە، کە داخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیشە، لەجیاتی کۆبوونەوەکردنو بڕیاردان لەسەر گەرانەوەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکانی تری کوردستان، لە ترسی لەدەستدانی کورسییەکانی خۆیان، وا کۆبوونەوە لەسەر ڕاگەیاندنی ڕەگ دەکەنو بڕیاری دەرکردنی چوار هەڵسوڕێنەرە ئاشکراکەی دەدەن، لەکاتێکدا تا ئێستا کەسێکیان لەناو ریزەکانی یەکێتی لەسەر خیانەت، جاسوسی، دزیو گەندەڵی دەرنەکردووە. ئەوەی کە لە هەموو شتێک زیاتر دەسەڵاتدارانی ناو یەکێتی سەغڵەت کردووە، ئەو داوایەی ئێمەیە کە دەڵێین ئەوانەی بوون بەهۆی شکستهێنانی یەکێتی لە هەموو بوارەکاندا، دەبێت واز لە دەسەڵاتەکانیان بهێنن، ئەگینا هەموو ئەو شتانەی تر کە وتوومانە ڕۆژانە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانو میدیاکانی ترو بازاڕو قوتانخانەو زانکۆو فەرمانگەکانو تەنانەت لە کۆبوونەوەکانیشدا باسکراون، ئەوان باکیان بە هیچکام لەوانە نەبووەو نییە، بەڵام جیاوازیی ڕاگەیاندنەکەی ئێمە لە داواکەمانە کە دەڵێین دەبێت ئەوان واز لە دەسەڵات بهێنن، دیارە لای ئەوانیش تەنها ئەمە هێڵی سوورە، ماوە بڵێم کە ئەوانەی ئەو هەڵمەتە دژی ئێمە ئەنجام دەدەن، هیچ قسەیەکیان لەسەر ئێمە نییە ئەوە نەبێت کە تۆمەتی تەکەتولو دەستەگەریمان بخەنە پاڵ، ئەمە لەکاتێکدا کە یەکێک لە ئامانجەکانی ئێمە نەهێشتنی دەستەگەریو گەرانەوەی پرەنسیپەکانی ڕێکخستنە، ئەوانەی ئەو هەڵمەتە دەکەن کەسانێکی ئەوەندە ناشرینن لەبەرچاوی خەڵک، کە هەر جارێک ئەوان بە خراپە باسمان دەکەن، پێگەی ئێمە لەناو خەڵکو ڕادەی خۆشەویستی و متمانەی خەڵک بە ئێمە زیاتر دەبێت.

سبەی: ئەگەر سەرکردایەتیی ئێستای یەکێتی سووربێت لەسەر دژایەتیکردنو دوورخستنەوەتان لە یەکێتی، هەڵوێستان چی دەبێت؟

* ئێمە سوورین لەسەر ڕێبازی خۆمانو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو کادیرو ئەندامە دڵسۆزەکانی یەکێتیش دڵنیادەکەینەوە کە هەر سوورەدەبین لەسەر خەباتی دیموکراسیی خۆمان تا سەرانی خۆسەپێنی یەکێتی ناچاردەکەین لەبەردەم ویستو ئیرادەی ئەندامانی یەکێتیو گەلەکەمان چۆک دادەدەن و واز لە کورسییەکانی دەسەڵات دەهێنن، دەبێت سەرانی دەسەڵاتداری یەکێتی ئەو ڕاستییە باش بزانن کە ڕەگ دەنگو نوێنەری دەیان هەزار ئەندامو کادیری دڵسۆزی یەکێتینو پشتیوانییەکی بەرفراوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیان هەیە، ئەگەر واش نەبوایە وا بەپەلەو بۆ چاوترساندنی ئەندامو کادیرەکانی تر ئەو بڕیارەیان دەرنەدەکرد.

سبەی: پێتانوایە کارکردن بۆ چاکسازیی لەناو حیزبێکی وەک یەکێتیدا دەرئەنجامی ئەوتۆی دەبێت؟

* پێمانوایە هەتا ئێستا لەناو یەکێتی هاوبەشتووەو هاوتەریب لەگەڵ دەرەوەی وڵات ئێمە ڕێکخستنەکانمان جیانین، چونکە خۆمان بە خاوەنی یەکێتی دەزانین، تەنها پەیامی گۆڕینو نیگەرانییەکانی خەڵکی کوردستان لەو ڕێگەیەوە بەشێوەیەکی ئاراستەکراو دەگەیەنین.



عەبدولکەریم مامەند (مەلاخدر)
– لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٨ی دێی قەرەبەگ، پارێزگای کەرکوک.
– دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵ لە زانکۆی موسڵ.
– ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.
– مانگی ٧ی ساڵی ١٩٨٠ بووەتە پێشمەرگە.
– چەندین پلەی لێپرسراوێتی پێشمەرگانەو سیاسییو ڕێکخراوەیی هەبووە.
– ئێستا لە بەریتانیا دەژی.
– هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەهەردوو بواری کۆمپیوتەر، پەروەردەو فێرکردن.
– قوتابی دوا قۆناغی دکتۆرایە لە پەروەردەو (IT).
– بەڕێوەبەری بەشی کۆمپیوتەرە لە یەکێک لە کۆلێژەکانی لەندەن.

شۆڕش یان ریفۆرم



عەزیز رەئووف

لەنێوان شـۆڕشو ریفۆرمدا جیاوازیی ریشەیی هەیە، دەکرێت شۆڕش خوێن لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، دەکرێت شۆڕش بە تفەنگ ئەنجام بدرێت، دەکرێت شۆڕش بۆ هاتنە سەر دەسەڵات، بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت بە بۆنی بـاروت ئاشنامان بکات، شـۆڕش لە سادەترین دەرکەوتەیدا، گۆڕانی هێزێکە بە هێزێکی تر، ئاشنابوونە بە جۆرێک لە تووندوتیژیی کە لە ئەنجامی گۆڕینی دەسەڵاتدا روودەدات.

زۆربـەی جـار شـۆڕش بریتییە لە هەوڵدان بۆ گۆڕینی رژێمێکی ستەمکار، لە ئەنجامی ئەم گۆڕانەشدا زۆرجـار ئەنجامەکەی تووندوتیژیی لێدەکەوێتەوە تا ماوەیەکی زۆر کۆمەڵگە لەسەر پاشماوەی شۆڕش قوربانیی دەداتو بالانسی کۆمەڵگە تێک دەچێت.

بەڵام پرسیار هەر ئەو پرسیارەیە کە کارڵ پۆپەری فەیلەسوف دەیکرد (شۆڕش پێویستە یان ریفۆرم؟)، ئایا لە چرکەساتی ئیستای کۆمەڵگەی ئێمەو زۆرێک لە کۆمەڵگەکانی جیهاندا، خۆمان بۆ شۆڕش ئامادەبکەین یان هەوڵبدەین بە ریفۆرم شۆڕش بگەڕێنینەوە سەر ڕێگە راستەقینەکەی خۆی؟

بێشک لەنێوان ریفۆرمو شۆڕشدا جیاوازیی بنەڕەتی لەئارادایە، ریفۆرم هەوڵێکی نەرمونیانەیە بۆ گۆڕان لە پێکهاتەو فۆرمی حکومەتو دەوڵەتدا، ریفۆرم بەر لە هەرشت هەوڵێکە بۆ پاککردنەوەی شـۆڕش لە ناشرینییەکانو بیرهێنانەوەی ئەو بەڵێنانەی کە شـۆڕش دەبـوو دوای هاتنە سەر دەسەڵات جێبەجێی بکاتو نەیتەوە بە دیکتاتۆرێکی تر.

ئێستای کۆمەڵگەی کوردی ڕێک ئەو دۆخەیە کە پێویستی بە هەڵبژاردنە لەنێوان شۆڕشو ریفۆرمدا، ئیستای کۆمەڵگەی کوردی ئەو ئێستایەیە کە شۆڕش دوای هاتنە سەر پای خۆی، وەزیفەکانی خۆی وەکو شۆڕش دۆڕاندووەو سەرقاڵی کارێکی تڕە، ئێستای کۆمەڵگەی کوردی ئەو ئێستایەیە کە شۆڕشگێڕەکانی وەزیفەی خۆیان ونکردووەو لە ڕێگەی خۆیان لایانداوە، بۆیە بەر لە هەرشت وەزیفەی تاکەکانی کۆمەڵگە ئەوەیە کە هەست بە قەلەقی بکەنو باوەڕ بە مژدەکانی ئیستای شۆڕش نەکەن، بەوپێیەی هێشتا شۆڕش مژدەکانی سەردەمی پارتیزانی جێبەجێ نەکردووە.

ئێستا زۆرێک لە چینو توێژەکانی کۆمەڵگە هەست بە ئەنجامی ناشرینییەکانی شۆڕش دەکەن، زۆرێـک لە چینو توێژەکانی کۆمەڵگە دەزانـن پێکهاتەکانی حکومەتو دەسـەڵاتو حیزب لای ئێمە پێکهاتەگەلێکی تەواو نائاساییں، بۆیە دەبێت کۆمەڵانی خەڵک ئەم نیگەرانییانە بکەنە پرۆژە، پرۆژەیەک کە دەبێت دەسەڵات ئامادەبێت گوێیان لێبگرێت، چونکە گەر لە هەرشتێک بێدەنگ بین، نابێت لە ناشرینییەکانی ئەنجامی شۆڕش بێدەنگ بین، چونکە شۆڕش بەشێک بوو لە ئێمەو ئێمەش بەشێک بووین لە شۆڕش.

خۆشبەختانە ئێستا بەر لە هەر ئانو ساتێک باس لە ریفۆرم لەناو شۆڕشدا دەکرێت، ئەمەش سەرەتای دەرکەوتەی نیگەرانییەکانەو پێدەچێت ئـەو نیگەرانییانە بـەرەو پـرۆژە هەنگاوبنێن، ریفۆرم هەرگیز بە خوێن ناتوانێت ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت، ریفۆرم پرۆسەیەکی نەرمونیانەو هەنگاوەکانی خوێن لەگەڵ خۆیدا ناڕێژێت، هەرگیز کارەکتەری ریفۆرمیست پێویستی بە تفەنگ نییە بیپارێزێت، پرۆسەی ریفۆرماسیۆن پرۆسەیەکە پێویستی بە دەستو پەنجە نەرمەکان هەیە، نەک کارەکتەرە تفەنگ بەدەستەکان، کە هەمیشە بۆ شۆڕش خوێنیان رشتووەو ئامادەن بۆ پرۆسەی ریفۆرماسیۆنیش خۆیان بدەن بە کوشت، ریفۆرم پێویستی بە کەس نییە خۆی بۆ بەکوشت بدات، هەر هەوڵێکیش بۆ خۆبەکوشتدان، هەوڵێکە بۆ دۆڕاندنی جوانییەکانی ریـفـۆرمو ئاشنابوون بە مـردنو دۆڕاندنی ژیان «وەک لە شۆڕشدا دەمانبینی».

پـرۆسـەی ریـفـۆرمـاسـیـۆن پرۆسەیەکی درێژخایەنەو دەبێت ئەم پرۆسەیە بە لێبوردنو تۆلێرانس ئەنجام بدرێت، کارەکتەری ریفۆرمیست هەڵەدەکات، ئەنجامدانی هەر پرۆسەیەکی ریفۆرم بسپێڕێتە کەسانێک کە روخساری ریفۆرم بەخوێن سـوور بکەن، هیچ پرۆسەیەکی ریفۆرماسیۆن لە جیهاندا بە تفەنگ ئەنجام نـەدراوە، داهێنانی ئەم دیاردەیەش لە کۆمەڵگەی کوردیدا جگە لە دووبارەکردنەوەی مێژوو و بینینی جیهان تەنها لە لوڵەی تفەنگەکانەوە، هیچ ئەنجامێکی پۆزەتیڤیش لەگەڵ خۆیدا ناهێنێتو دەبێت لە ئێستاوە فاتیحا بۆ پرۆسەی ریفۆرماسیۆن بخوێنین.

Azizrauf2003@yahoo.com

بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی:

بەغدا رازی نابێت لێژنەیەک لە هەرێمی کوردستان بۆ سەرژمێریی دانیشتووان پێکبهێنرێت

شارا عەبدولڕەحمان



هەرێمی کوردستان جەخت لەسەر پێکهێنانی لێژنەیەکی بالای هەرێمیی دەکـاتـەوە، بـۆ سەرپەرشتیکردنی کارەکانی سەرژمێریی هاوڵاتییان لە سێ پارێزگاکەی هەرێمداو حکومەتی عێراقیش بە بیانووی ئەوەی کە بەپێی دەستوور سەرژمێریی دانیشتووان دەبێت مەرکەزیی بێت، ئـەو داوایـە ڕەتدەکاتەوە.

هـەرچـەنـدە بـڕیـاربـوو پێش هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ی عـێـراق، سەرژمێرییەکە ئەنجامبدرێتو چەند ڕێوشوێنێکیش بـۆ ئـەو مەبەستە گیرانەبەر، وەک پێکهێنانی دەستەیەکی بالا بە بەغدا بە ئەندامێتی دوو ئەندامی کوردو زەمینەسازکردن بۆ پێکهێنانی ٣٥ لێژنە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان لە سەرجەم بوارەکاندا، کە هەر لێژنەیەک دوو ئەندامی کوردیان تێدابێت.

بـەڵام سەرژمێرییەکە دواخـرا بۆ مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ، کەچی بەهۆی نائارامیی بارودۆخی ئەمنییەوە ئەو سەرژمێرییەش ئەنجام نەدراو لە ئێستادا باس لەوەدەکرێت کە دەبێت لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩دا سەرژمێریی سەرتاسەریی دانیشتوانی عێراق ئەنجامبدرێتو بۆ ئەو مەبەستەش دەستەیەکی بالا لەسەر ئاستی عێراق پێکهێنراوە، کە دوو ئەندامی کوردی تێدایە.

مەحمود عوسمان، بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای سلێمانی، دواکەوتنی سەرژمێرییەکەی لە ساڵی ٢٠٠٨دا گـەڕانـدەوە بـۆ ئـامـادەنـەبـوون بۆ سەرژمێریی‌و ڕایگەیاند: بەپێی پێوەری نەتەوەیەکگرتووەکان سەرژمێریی‌لەهەر وڵاتێکدابکرێت، بەلایەنی‌کەمەوەدووساڵ ئامادەکاریی پێویستە، لەبەرئەوە نەتوانرا لەمساڵدا ئەو سەرژمێرییە ئەنجامبدرێت، هەربۆیە پەرلەمانی عێراق پێیان باش بوو کە ئەنجامدانی ڕاپرسییەکە بۆ مانگی ١٠ی ساڵی داهاتوو دوابخرێت، ئەوەبوو نێردرایە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پەسەندکراو بووە بڕیار.

سەرژمێرییەکەی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی داهـاتـوو لە ڕێگەی دەستـەیـەکـی بـالای سەرژمێریی دانیشتووانەوە لە بەغدا کە لە ٢٢ ئەندام پێکهاتووە، ئەنجامدەدرێت، بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی‌و بەڕێوەبەری گشتیی ئاماری هەرێم دوو ئەندامی کوردی ئەو دەستە بالایەن، ئەندامەکانی دیکەش هەڵبژێردراوی سەرجەم وەزارەتو بەڕێوەبەرایەتییەگشتییەکانن.

پـاش بـڕیـاردان لـە ئەنجامدانی سەرژمێریی هاوڵاتییان، لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی داهـاتـوودا، بەڕێوەبەرایەتی ئامار بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتـی پلاندانان ڕێککەوتن لەسەر دارشتنی یاسایەک، کەتێیداهاتووە پێویستە لێژنەیەکی بالای هەرێمیش بـۆ سەرپەرشتیکردنی کارەکانی سەرژمێرییەکە لە هەرێم پێکبهێنرێت، بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی بوونی ئەو لێژنە بالا هەرێمییەی بە پێویست زانیو بۆ ڕۆژنامە ئەوەی خستەڕوو کە لێژنەکە ڕەنگدانەوەی دەستە بالاکەی بەغدا بێت، بەڵام لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمداو هەروەها لە یاساکەشدا هاتووە کە عێراق بکرێت بە شەش بنکەی سەرژمێرییەوەو هەر سێ پارێزگاو کارەکانی سەر بە بنکەیەک بێت.

بەوتەی مەحمود عوسمان، کاتێک ئەو یاسایە خراوەتە بەردەم لێژنە بالاکەی بەغدا، لێژنەکە کە زۆربەیان بریکاری وەزارەتەکان بوون، ڕەتیان کردووەتەوە، بەپاساوی ئـەوەی کە سەرژمێریی دانیشتووان بەپێی دەستوور دەبێت مەرکەزیی بێت.

تا ئێستاش هەرێمو بەغدا لەسەر پێکهێنانی لێژنە هەرێمییەکەی کوردستان ڕێکنەکەوتوون، چونکە بەپێی ئەوەی کە حکومەتی هەرێم فیدراڵییەو لەدەستووردا دانی پێدانراوە، پێویستە لێژنەیەکی هەرێمی تایبەت بە کوردستان کارەکانی سێ پارێزگاکەی هەرێم بەڕێوەببرێت، هەروەک بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی وتی: «دوای ئەوەی ئەندامانی دەستەی بالا زانییان کە ئێمە پێداگریی لەسەر داواکەمان دەکەین، یاساکەیان نارد بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام بەداخەوە لەوێوە نێردرابوویە ئەنجومەنی شورا، ئەوانیش ئەو بڕگەیەیان ڕەتکردبووەوە کە سەرژمێرییەکە لامەرکەزیی بێتو نـاردیـانـەوە ئەنجومەنی وەزیـران و ئەوانیش پشتگیرییان لە ڕای ئەنجومەنی شورا کرد، لەبەرئەوە نێردرایە پەرلەمانی عێراقو بەوشێوەیە پەسەندکرا».

بـڕیـارە مانگی داهـاتـوو دەستە بالاکەی بەغدا بە ئامادەبوونی وەزیری پلاندانانی عێراقو سەرۆکی دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق بێنە هەولێرو لەگەڵ حکومەتو وەزارەتی پلاندانانی هەرێمدا کۆببنەوە، بەو مەبەستەی لە ڕێگەی ڕێککەوتنەوە بگەنە میکانیزمێک بۆ قایلکردنی دەستە بالاکە بە داواکەیان.

هاوکات حکومەتی هەرێم سوورە لەسەرئەوەی کە ئەو لێژنە هەرێمییە لە کوردستان پێکبهێنرێت، لەوبارەیەشەوە مەحمود عوسمان تەئکیدی کردەوە کە پابەندین بەو ڕێوشوێنانەی حکومەتی هـەرێـم بۆمان دادەنـێـتـو بێگومان هەرشتێک لە بەرژەوەندی کورد بێت، ئەوە دەکەین، ڕێگەنادەین دووبارە کورد مافی بخورێت وەک هەمیشە.

کۆمکاری عەرەبی مەلەفێک بۆ کێشەی کەرکوک دەکاتەوە

ئەلەند مەحوی

نوێنەری نوێی کۆمکاری وڵاتـانـی عـەرەبـی لە عێراقدا ئاشکرایکرد، کەرکوکو چوار مەلەفی تر دەکاتە ئەولەویاتی کارەکانی لە عێراقداو داواشیکرد گفتوگۆیەکی عەرەبی- ئێرانی دروست ببێت، لەسەر دۆسیە هاوبەشەکانی هـەردوو لایەن لەناو عێراقدا.

هانی خەڵەف، نوێنەری نوێی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی لە عێراق ڕۆژی ١٠/٢٦ لەکاتی گەیشتنیدا بۆ بەغداد ڕایگەیاند: لە ئەولەویەتی کارەکانماندا پێنج دۆسیەی گرنگمان پێسپێردراوە، کە ئەوانیش کێشەی کەرکوکو کێشەی فەلەستینییەکانی عێراقو پەنابەرانی عـێـراق لـە وڵاتـە عەرەبییەکانو گەشەپێدانو بنیاتنانەوەی عێراقو ئاشتەوایی نیشتمانییە.

هـانـی خـەڵـەف بـاسـی لەوەشکرد کە وەکو بەشێک لە ئاشتبوونەوەی نیشتمانی هەوڵدەدەین لایەنەکان بگەیەنینە خاڵی لێکتێگەیشتن، بەتایبەت ئەو لایەنانەی کە بەناوی مقاومەمەوە کـار دەکـەنو ئـەو لایەنانەش کە بـڕوایـان بە گفتوگۆ هەیە، داواشیکرد گفتوگۆیەکی عەرەبی- ئێرانی دروست ببێت، لەسەر دۆسیە هاوبەشەکانی هەردوو لایەن لەناو عێراقدا.

هـەرچـی پـەیـوەنـدی بە دەسـتـوەردانـی کـۆمـکـاری عەرەبییەوە هەیە لە کێشەی کـەرکـوک، بەڕپرسانی کورد ڕەتیدەکەنەوەو ئەندامێکی کورد لە پەرلەمانی عێراق ئاماژە بەوە دەکـات کە عێراق لە ئێستادا پابەند نییە بە بڕیاری جامیعەی عەرەبییەوە لەسەر کێشەی کەرکوک.

ئـەحـمـەد یـوسـف مـوسـا، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ڕێگە نادەین هیچ لایەنێکی دەرەکی دەسـتـوەربـدااتـە کـێـشـەی کـەرکـوک، کێشەی کەرکوک بەپێی مـادەی ١٤٠ چارەسەر دەکرێت، هەر لایەنێکی وەکو نـەتـەوەیـەکـگـرتـووەکـان یان جامیعەی عەرەبی بە ڕەزامەندیی حکومەتی عێراق تەداخول دەکەنو تەنها دەشتوانن لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠دا پێشنیاز بکەن.

تەنها خاوەن کۆمپانیاکان دەتوانن لە کوردستان بازرگانی بکەن

دیە فازل

بـە هەماهەنگیی لـەگـەڵ دەزگـای کۆنترۆڵی جۆریی، وەزارەتی بازرگانیی کار بۆ ڕێکخستنی کاروباری بازرگانی دەکاتو بە بڕیارێک ڕێگە لە هەرکەسێک دەگـرێـت کە خـاوەن کۆمپانیا نەبێت بازرگانیی بکات.

دەربـارەی ئەو هەوڵەی وەزارەتـی کۆنترۆڵی جـۆری، عەزیز ئیبراهیم، بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی بازرگانی، وتـی: بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی کارەکان بڕیاردراوە کە بازرگان دەبێت خاوەن کۆمپانیا بێتو مۆڵەتی ڕەسمیی هەبێتو ناوی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان تۆمارکرابێت.

ئەم بڕیارەی وەزارەتـی بازرگانیی، بەشێکی زۆری لـەو کەسانەی کاری بازرگانیی سەربەخۆ دەکـەنو خاوەن کۆمپانیا نین نیگەران کـردووە، بەڵام بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی بازرگانیی ئاماژەی بەوەدا کە ئەو بڕیارە لە پێناو ڕێکخستنەوەی کارەکانە تا ئەو یاسای ڕێکخستنی بازرگانییە دەردەچێت کە لە پەرلەمانی کوردستانەو کاری بازرگانیی لە هەرێم ڕێکدەخاتەوە.

ئەم بڕیارەی وەزارەتی بازرگانیی لە کاتێکدایە کە لە ماوەی ڕابردووداو کێشەی وەرگرتنی مۆڵەتی هەنارە هەبوو کە بەشێکی کەم لە بازرگانەکان پابەند بوون پێوەیو دەزگـای کۆنترۆڵی جۆرییش مەرجی ئەوەی هەبوو کە بە بێ ئەو مۆڵەتە کەس بۆی نەبێت هاوردەی خواردەمەنی بکات بۆ ناو هەرێم، بـەڵام بەوتەی د. موئەیەد عەبدولڕەحمان، سەرۆکی دەزگای کۆنترۆڵی جۆریی لە هەرێمی کوردستان، لە ئێستادا ئەو کێشەیە چارەسەر بووەو جموجۆڵێکی زۆری بازرگانیی لەسەر سنوورەکان دروست بـووە، بـەڵام ئەو بڕیارەی وەزارەتی بازرگانیی کە دەبێت هەرکەس هاوردەو هەنارە بکات، خاوەن کۆمپانیا بێت، کەمێک کاریگەریی لەسەر هاتوچۆو هاوردەکردنی خواردەمەنی لەسەر سنوورەکان دروست کردووە.

لەلایەکی دیـکـەوە، لە چەند مانگی ڕابردووەوە، دەزگای کۆنترۆڵی جۆریی ڕێگەی لە هـەزاران تەن خواردەمەنی گرتووە هاوردەی هەرێم بکرێن، بەهۆی نەبوونی مەرجی تەندروستیی تێیاندا، سەرۆکی دەزگای کۆنترۆڵی جۆریی لە هەرێمی کوردستان، بۆ ڕۆژنامە جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە ئێستا دەزگاکەیان لە گشت خاڵە سنوورییەکاندا کاردەکەنو لە ٣ مانگی ڕابردوودا ڕێگەیان لە هەزاران تەن خواردەمەنی گرتووە بێتە هەرێمەوە، وتیشی: « بـڕیـاردراوە لە سەرەتای مانگی داهـاتـووەوە کۆنترۆڵی جۆریی بخرێتە سەر هەموو جـۆرە خـواردنو خواردنەوەیەک».

چوار ملیار دینار ئاو بردی

عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر

چـوار ملیارو ١٠٦ ملیۆن دینار تێچوونی ئـەو پـرۆژە شکستخواردووەیە کە ماوەی چوار ساڵە کاری تێدا دەکرێتو لە چەند دەقیقەی یەکەمی یەکەم رۆژی کردنەوەیدا رووخا.

حکومەتی هەرێم پرۆژەی ئاودێریی کەلار بە یەکێک لە پرۆژە ستراتیژی‌و بایەخدارە ئابوورییەکان حساب کردووە، کـە گـەشـەی بـە کـەرتـی کشتوکاڵیی ناوچەی گەرمیان دەدا، بـەڵام دوای ئـەوەی لەلایەن عومەر فەتاح، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران‌و وەزیری سەرچاوە ئاوییەکانی حکومەتی هەرێم، کرایەوە، لە چەند شوێنێکەوە پرۆژەکە دەڕووخێت.

ببەشێک لە پرۆژەی ئاودێریی کەلار لەسەر بودجەی وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی حکومەتی عێراق بە بڕی ٣ملیار دینار جێبەجێ کراوە، کە پێکهاتووە لە جۆگایەکی کۆنکرێتیی بە درێژایی٨ هـەزارو ١٧١مەتر. هەروەها دروستکردنی چەند لقێک کە دابەشدەبن بەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکاندا.

بـەشـکـەی تـریـشـی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە جێبەجێکراوەو بریتییە لە هێنانی ئـاوی رووبـاری سیروان، کە لەڕێگەی شەش پەمپی گەورەوە ئاوەکە دەگەیەنرێتە ناو جۆگا ئاودێرییەکە.

لەسەرەتادا ئەم پرۆژەیە لـەلایـەن دەزگـای پـرۆژە تایبەتەکانی ئیدارەی سلێمانییەوە بـڕی ٨٣٠ ملیۆن دیناری بۆ تـەرخـانـکـراوە، بـەڵام دوای هەڵوەشاندنەوەی دەزگاکەو یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی، پرۆژەکە بۆ ماوەیەک وەستێنراوە، پاشان لەلایەن وەزارەتـی سەرچاوە ئاوییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ٤٠٠ هەزار دۆلاری تری بۆتەرخان دەکرێت، ئەو بڕەش تەرخانکراوە بۆ ڕاکێشانی ئاوەکە لە ڕێگەی بۆرییەوە بۆ ئـەو جۆگا کۆنکرێتییەی وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی بەغدا دروستیکردووە.

پـرۆژەی ئاودێریی کەلار بۆئەوە جێبەجێکراوە کە زیاتر لە ٩ هەزار دۆنم زەوی بەراو بکات، بەڵام بە درێژایی جۆگا ئاودێرییەکەو بە پانی٧٠ مەتر لە هـەردوو دیـوەوە زەوییە کشتوکاڵییەکان تێکدراوەو خۆڵەکەی بەکارهێنراوە بۆ پرۆژەکە، بەوەش جوتیاران هیچ سوودێک لەو زەوییانە نابینن.

ئەو بەشەی کە حکومەتی عێراق دروستیدەکات لەلایەن کـۆمـپـانـیـای «جـەزیـرەی عەرەبی»ەوە جێبەجێدەکرێتو دوای ئەوەی ئاو دەکرێتە سەری، پـرۆژەکـە لە چەند لایەکەوە دەڕووخـێـتـو ئـەنـدازیـاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکەش باسی لـەوەکـرد کـە تـاوانـی ئەوانی تێدا نەبووە، بە وتەی ئەو دەبووایە بەشێوەیەکی لە سەرخۆ ئاو بکرایەتە سەری، بەڵام ئەوان بڕێکی زۆر ئاویان کردووەتە سـەریو ئەندازیار شێرکۆ محەمەد، بەڕێوەبەری ئـاودێـریو ئـاوی سـەرزەوی گەرمیانیش باسی لەوەکرد کە کۆمپانیاکە مانگێک بەر لە کردنەوەی پرۆژەکە وتوویانە ئـاوی تـێدەکـەیـنـو ئەوەشی ڕەتکردەوە کە بە لێشاو ئاویان کردبێتە سەر پرۆژەکە.

عەلی جەمال، ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پـرۆژەکـە، ئەوەشی خستەڕوو کە خۆیان هـەڵـدەسـتـن بـە چاککردنی ئەو شوێنانەی کە تێکچووە، بـەوتـەی نـاوبـراو زۆر بە باشیی کاریان لەو پرۆژەیەدا کردووەو هیچ کێشەیەکیشیان نەبووە، ئەوەشی نەشاردەوە کە دووسااڵە کار لەو پرۆژەیەدا دەکەنو بەرپرسێکی کەلاریان نەبینی سەردانیان بکاتو بەو شێوەیەش جێبەجێدەکرێت کە ئەندازیارانی وەزارەت دیاریان کردووە.

لـەدوای ئاوتێکردن بۆ ناو پرۆژەکەو شکستهێنانی لەچەند شوێنێکەوە، بەڕێوەبەرایەتی ئاودێریی گەرمیان نووسراوێک ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئـاودێـریـیـو ئـاوی سـەرزەوی دەکـات‌و لەچەند خاڵێکدا کێشەی پـرۆژەکـە دەستنیشان دەکەن، کە بریتین لە: کوتانەوەی خۆڵی تەنیشتی جۆگەکان، چونکە وەک پێویست نـەبـووەو دووەمـیـان درز لەنێوان کۆنکرێتی جۆگاکەدا دروستبووە، کە بووەتە هۆی دابەزینی ئاو بۆ تەنیشت‌و ژێر جۆگاکە.

بـەڕپـرسـە ئیدارییەکەی ئاودێریی‌و ئـاوی سـەرزەوی گەرمیان، هێمای بۆ ئەوە کرد کە لە وردەکارییەکانی ئەو پرۆژەیە ئاگادار نەکراونەتەوەو چەندین جاریش سەردانیان کـردووەو سەردانەکەشیان لە دڵسۆزیی خۆیانەوە بووە، ئەوەشی باسکرد کە هەردوو وەزارەتی پەیوەندیداری بەغداو هەرێم هەماهەنگیی لەنێوانیاندا هەبووە، بەڵام هیچ شتێک بەوان ڕانەگەیەنراوە.

شێرکۆ محەمەد، دەڵێت: «کۆمپانیاکە پـرۆژەکـەیـان بەباشیی ئەنجام نەداوەو هەندێک کاری بۆکراوە کە گونجاو نییە بۆ ئێمە». ئەو دانانی شەبەکە «تۆر» لەبەردەم ڕێڕەوی ئاوی جۆگەکەدا بۆ دابەشکردنەوەی ئـاوی جۆگا سەرەکییەکە بۆ سەر لقەکان بە نموونە دێنێتەوە کە «کارێکی ئەندازیارانەو زانستییانە نییە»و بە هۆکارێکی ڕووخـانـو شکستی پرۆژەکە دەزانـێـت، ئـەوە سـەربـاری قیرو بەردڕێژنەکردنی تەنیشت دیواری کۆنکرێتییەکەی جۆگاکە.

لەلایەکی تـرەوە سـەردار ئیبراهیم قـەمـبـەر، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی ئاودێریی‌و ئاوی سەرزەوی لە وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێم، پێیوایە کە پرۆژەکە سوودێکی گەورە بە هاوڵاتییانی ناوچەکە دەگەیەنێتو کێشەکە بەو جۆرە نییە کە ڕاگەیاندنەکان باسی لێوە دەکەن.

هیچ نوێنەرێکی بەڕێوەبەری ئاوی گەرمیان لەو پرۆژەیەدا نەبووەو هەر پشکنینێکیشی بۆ کرابێت، ئـەوان ئاگاداری نـەبـوون، بۆیە بەرپرسانی ئیداریی ناوچەکە نەیانزانیوە تاچەند کارەکەیان سەرکەوتوو دەبێت.

جەلال نوری، قایمقامی کەلار، باسی لەوەکرد کە سەردانی پرۆژەکەی کردووەو وەک خۆی دەڵێت، چەندین جار چوونەتە سەر پرۆژەکە، بەڵام کەسیان نەبینیوە. ئەو وەک قایمقامی کەلار ئەو پرۆژەیە وەرناگرێت، تا هەموو کەموکوڕییەکانی پڕ نەکرێتەوە.

جەلال نوری وتیشی: «ئەو بەشەی کە ئێستا وەزارەتـی سەرچاوە ئاوییەکانی بەغدا جێبەجێی دەکات، بەوشێوەیە سەرکەوتوو نابێت».

دوای تەواوکردنی پرۆژەکە بـە سـاڵـێـکـو شـەش مانگ، چاککردنی کەموکوڕییەکانی دەکەوێتە ئەستۆی کۆمپانیای جێبەجێکارو ئـەنـدازیـاری پرۆژەکەش پێی سەیرە کە ئەو بەرپرسانە ئێستا کردوویانەتە هـەرا لەسەریانو دەپرسێت لەکاتی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەدا لەکوێ بـووندو بۆ سەردانیان نەکراوە.



بەشێک لە پرۆژەکە، چەند کانزمێرێک دوای تاقیکردنەوەی، دارماوە



پرۆژەکە لەکاتی جێبەجێکردنیدا

«ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان لە مەترسیدایە»

ئاژانسەکان

د. تـالـیـب مـــوراد، ڕاوێـژکـــاری ڕێکخراوی فاو لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نـاوەڕاسـت، ڕایگەیاند کە لەبەرئەوەی ڕێژەی هاوردەکردنی دانەوێڵەو گۆشت گەیشتووەتە ٨٥٪و زیاتر، بۆیە ئاسایشی خۆراک لە عێراق‌و هەرێمی کوردستان لە مەترسیدایە.

د. تالیب مـوراد بە ڕادیـۆی سەوای ڕاگەیاندووە کە زانیارییەکان‌و ئامارەکانی ڕێکخراوەکەیان ئـەوە دەردەخـــەن کە ٨٥٪ی ئـەو خـــۆراکو ئـازوقـەی گەلی عێراق بەکاریدەهێنێت، هاوردەیەو لە دەرەوەی عێراق بۆیان دێـت، تەنانەت بەشێکی زۆر لە ئالیکی ئاژەڵیش هاوردە دەکرێت، ناوبراو ئاماژەی بەوەشکرد کە بەهۆی وشکەساڵیو کەمی گژوگیا، عێراق بەگشتیو هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دووچـاری بـاڵاوبـوونـەوەی نەخۆشی دەبنەوە، بۆیە داوای لە حکومەتی عێراق کرد کە هانی جوتیاران بدات بۆ زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵیو کەمتر پشت بە هاوردەکردن ببەستێت.

قەیرانی دارایی، خۆراک هەرزان دەکات

ئاژانسەکان

لە ماوەی ١٦ مانگی ڕابردوودا گەنم نزمترین ئاستی پێوانەیی لـە نـرخـەکـانـیـدا تـۆمـارکـردو چاودێرانیش ئەو قەیرانە دارایـیەی کە ڕوویکردووەتە ووڵاتانی جیهان، بە هۆکاری سەرەکیی دەزانـن. نزمبوونەوەی‌نرخی‌خۆراک‌هاوکاتە لەگەڵ دابەزینی بەهای وزەو کانزا بەنرخەکان کە بەشێوەیەکی بەرچاو هاتووەتە خـوارەوە. لێکۆڵیاران ئاماژە بەوە دەکەن کە لە مانگی ڕابـردووەوە مامەڵەیەکی زۆر بە گرێبەستەکانی کڕین‌و فرۆشتن بە خۆراکەوە دەکرێت، کە جامبازەکان (المضاربین) پێی هەڵدەستن، ئەویش لەپێناو گەڕانەوەی بڕێکی زۆر لە دراوو سیوڵەی نەقدی، کە ئێستا تا ئاستێکی زۆر داکشاوە، ئەوەش وایکردووە کە بازاڕەکانی خۆراک (پاقلەمەنی، سۆیا، گەنمەشامی‌و گەنم) بێنە خوارەوە.

گەنم: کە لە زستانی ڕابردوودا بـەرزتـریـن ئاستی تۆمارکرد، بـەشـێـوەیـەکـی بـەرچـاو هاتە خـوارەوە، بە جۆرێک کە نرخی یەک بۆشل (تەنێک یەکسانە بە ٣٩,٢ بۆشل)، گەیشتە ١٣,٥٠ دۆلار، ئەوە لەکاتێکدا کە پێشبینی دەکرێت نرخەکەی لە مانگی کانونی یەکەمی داهاتوودا بگاتە ٥,٦٥ دۆلار.

گـەنـمـەشـامـی: لـە مانگی ڕابردوودا بەهاکەی گەیشتە ٤,٨٤ دۆلار بۆ هەر بۆشلێک، کە ئەوەش مانای وایـە بە ڕێـژەی ٣٦,٥٪ دابەزیوە، بەتایبەت کاتێک کە لە مانگی حوزەیراندا نرخەکەی ٧,٦٥ دۆلار بووە.

شـەکـر: بـەهـای شـەکـر لە بازاڕەکانی لەندەندا دابـەزی بۆ ٢٩٥,٥٠ پاوەندی ئیستەرلینیی (٤٠٠,٤٦٦ دۆلار)، بەڵام ماوەیەک بـەر لە ئێستا بەهای شەکر لە بازاڕەکاندا ٣٢٣,٢٠ پاوەند بووە.

عێراقی

حیزبی دەعوە رەخنە لە میکانیزمی هەڵبژاردنەکان دەگرێت

پەرلەمانتارێکی سەر بە حیزبی دەعوە ئاماژەی بەوەکرد، میکانیزمی هەڵبژاردنی کاندیدەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا شێوازێکی کلاسیکییەو دەنگدەر ناتوانێت جیاکاریی لەنێوان کاندیدەکاندا بکات، هادی محەمەد، پەرلەمانتاری عێراق، باسی لەوەکرد لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا هاوڵاتییان دەنگ بە لیستەکان دەدەن، ئەوەش دەبێتە هۆی ناهاوسەنگیی لەنێوان ئەو کەسانەی کە هەڵدەبژێردرێن، وتیشی: «پێویستە دەنگ بەکەسەکان بدرێت، نەک لیستەکان».

یاسای خزمەتو خانەنشینی سەربازیی کێشە دەخاتە نێوان سوننەکان

یاسای خزمەتو خانەنشینی سەربازیی بووەتە هۆی ناکۆکی لەنێوان سوننەکاندا، بەتایبەت بەرەی تەوافوقو بەرەی دیالۆگی نیشتمانی، لەکاتێکدا بەرەی تەوافوق نیگەرانی خۆیی پیشانداوە بەرامبەر ئەو یاسایە، ئەنجومەنی دیالۆگی نیشتمانی، کە باڵێکی تەوافوقە پشتیوانی لە یاساکە دەکات، لە هەمانکاتدا بەرەی دیالۆگی نیشتمانی ئاماژەی بەوەکردووە پشتیوانی یاساکە دەکات، بەوتەی چاودێران رەنگە ئەو مەسەلەیە ببێتە هۆی کێشە لەنێوان سوننەکاندا.

لیژنەی تەندروستی داوای پلانێکی بەهێز دەکات

لیژنەی تەندروستیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داوای لە حکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق کرد پلانێکی بەهێزو تۆکمە دابڕێژن بۆ بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلێراو هەوڵی جدییش بدەن بۆ بنبڕکردنی یەکجاریی ئەو نەخۆشییە لە سەرجەم شوێنەکاندا، د. ساڵح حەسناوی، ئەندامی لیژنەکە جەختیکردەوە لەوەی ئەرکی حکومەتو وەزارەتەکانی دەوڵەتە نەخۆشییە مەترسیدارەکان بنبڕ بکەن.

توندوتیژییەکانی بەغدا پەرەدەسێنێت

چەند سەرچاوەیەکی ئەمنیی لە شاری بەغدا ئاشکرایانکرد، لە چەند هەفتەی رابردوودا رێژەی کردەوە توندوتیژییەکان بە بەراورد لەگەڵ چەند مانگی رابردوو زیادیان کردووە، بەوتەی ئەو سەرچاوانە دوای پرۆسەی مژدەی چاکە (بشائر الخیر) لە پارێزگای دیالە گروپو شانە چەکدارییەکان دەیانەوێت جارێکی تر رووبکەنەوە ناو شاری بەغداو دەوروبەری بەو ئامانجەی سەرلەنوێ پەرە بە توندوتیژییەکان بدەن.

ساڵح – فەهمی

عەبدولهادی حەسانی، ئەندامی بەری تەوافوق:

دواکەوتنی رێککەوتننامەی ئەمنی، بوار بۆ درێژەپێدانی دەستێوەردانەکانی ئەمریکاو ئێران دەڕەخسێنێت

ساڵح رەحمان
فەهمی ساڵح


عەبدولهادی حەسانی


تەها لهێبی


موحسین سەعدون

بۆچوونی جیاوازی پێکهاتە جیاجیاکانی عێراق لەسەر رێککەوتننامەی ئەمنیی نێوان بەغداو واشنتۆن (سۆفا)، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان لایەنەکاندا، چاودێران ئاماژە بەوەدەکەن بەهۆی هەڵوێستە جۆربەجۆرەکانەوە پێناچێت رێککەوتننامەکە وا بە ئاسانی یەکلایی بێتەوەو رەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانێکی نوێ لە عێراقدا، هەندێک لایەنی عێراقی کە بەسەر سوننەو شیعەدا دابەشبوون، دژی ئیمزاکردنی رێککەوتنی لەو شێوەیەن، لایەنی دیکەش تێبینییان لەسەر ناوەرۆکی رێککەوتننامەکە هەیە، لەبەرامبەردا لایەن هەیە بۆچوونیان پێچەوانەیەو داوای پەلەکردن لە ئیمزاکردنی رێککەوتننامەکە دەکەن، چونکە بە وتەی ئەوان رێککەوتننامەی ئەمنی، عێراق لە دەستێوەردانی دەرەکی دەپارێزێتو سەروەریش بۆ عێراق دەگەڕێنێتەوە.

چەند لایەنێکی وەکو رەوتی سەدرو حیزبی فەزیلەو بەرەی دیالۆگی نیشتمانیو بەشێکی سوننەکان، رێککەوتننامەکە بە هەموو شێوەیەک رەتدەکەنەوە، لە بەرامبەریشدا هەریەکە لە کوردەکانو بەشێکی لیستی ئیئتیلافو چەند لایەنێکی سوننە پشتگیریی لە رێککەوتننامەکە دەکەن، بەڵام بۆچوونی سێیەم کە لیبڕاڵو بێلایەنن، ئەوەیە پەلە نەکرێت لە ئیمزاکردنی رێککەوتننامەکەو پێداچوونەوەی بۆ بکرێتو رەچاوی سەروەرییەکانی عێراقی تێدا بکرێت، ئیدارەی واشنتۆنیش هەوڵدەدات لە رێگەی فشارەوە بۆ سەر سەرکردە سیاسییەکانی عێراق، پەلە لە ئیمزاکردنی رێککەوتننامەکە بکرێت پێش کۆتاییهاتنی وادەی سەرۆکایەتییەکەی جۆرج بوش، بە وتەی چاودێران رێکنەکەوتنی لایەنەکانی عێراق لەسەر یەک بۆچوونو هەڵوێستی هاوبەش بەرامبەر رێککەوتننامەکە، بووەتە هۆی پەکخستنی پرۆسەی سیاسی.

عەبدولهادی حەسانی، ئەندامی لیستی ئیئتیلافو ئەندامی باڵی عێراقی حیزبی دەعوەی ئیسلامیی شیعە مەزهەب، بۆچوونی وایە هەر دواکەوتنێک لە ئیمزاکردنی رێککەوتننامەکە، بوار دەرەخسێنێت بۆ هەریەکە لە ئەمریکاو ئێران دەستوەربدەنە کاروباری ناوخۆی عێراقو زیان بە بەرژەوەندییەکانی عێراق دەگەیەنێت، تایبەت بە رۆژنامە وتی: «ئەو رێککەوتننامەیە لەلایەن ئێمەوە دادەڕێژرێتو ئێمە وەکو گەلی عێراق پێویستمان پێیەتیو کەس ناتوانێت دەقی رێککەوتننامەکە بەسەرماندا بسەپێنێت، بۆیە ئیمزاکردنی رێککەوتننامەکە دەبێتە هۆی گەڕانەوەی سەروەریی بۆ عێراقو سەقامگیربوونی باری ئەمنییو رێزگرتن لە دەستووری عێراق».

بۆچوونی لایەنەکان تەنها پشتگیریکردن نییە لە رێککەوتننامەکە، بەڵکو هەندێک لایەنی داوای ئەوە دەکەن گۆڕانکاریی لە چەند خاڵێکی رێککەوتننامەکەدا بکرێتو بەشێوەیەک دابڕێژرێت کە بەرژەوەندیو سەروەرییەکانی عێراق نەخاتە مەترسییەوە، تەها خزر لهێبی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی بەرەی تەوافوقو ئەندامی ئەنجومەنی دیالۆگی نیشتمانیی سوننە مەزهەب، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە ئاماژەی بەوەدا سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق لە ناوەرۆکی رێککەوتننامەکە ئاگادار نینو تەنها چەند لایەنێک کە دەسەڵاتی وڵاتیان بەدەستەوەیە، خۆیان کردووە بە نوێنەری گەلی عێراقو ناوەرۆکەکەی لە جەماوەر دەشارنەوە، بەوتەی لهێبی رێککەوتنێکی لەو شێوەیە پێویستی بە لێکدانەوەی ورد هەیەو دەبێت سەرجەم پێکهاتەکان لە داڕشتنیدا بەشداربن، وتیشی: «ئێمە وەکو پەرلەمانتاران کە نوێنەری گەلین، تا ئێستا لە رێگەی میدیاکانەوە زانیاریی لەبارەی چەند خاڵێکی ناوەرۆکی رێککەوتننامەکەوە دەزانین، جەماوەریش هیچ زانارییەکی لەوبارەیەوە نییە».

سۆفا نەک تەنها لەناو لایەنەکانی عێراقدا بووەتە مایەی مشتومڕ، بەڵکو لایەنەکانی ئەمریکاش بۆچوونیان بەرامەر رێککەوتننامەکە جیاوازە، ئیدارەکەی جۆرج بوش هەوڵدەدات لە نزیکترین وادەدا رێککەوتنەکە ئیمزا بکرێت، بەڵام دیموکراتەکانی کە نەیاری بوشو کۆمارییەکانن، پێشنیازی ئەوە دەکەن رێککەوتننامەکە لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا یەکلایی بکرێتەوە.

لهێبیش ئاماژەی بەوەکرد هەندێک مادەی رێککەوتننامەکە تا ئێستا نادیارە، چونکە ئەو رەشنووسەی کە نێردراوە بۆ پەرلەمان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، دووپاتیشیکردەوە چەند مادەیەک لە رەشنووسەکەدا هەن بە هیچ شێوەیەک رێز لە سەروەرییەکانی عێراق ناگرنو ئەگەر بەوشێوەیەی ئێستا بمێننەوە، لەلایەن پەرلەمانەوە رەتدەکرێنەوە، وتیشی: «پەلەکردن لە ئیمزاکردنی رێککەوتننامەکە باش نییە، چونکە دەبێت لایەنەکانی عێراق بە هەستیاریی لەو رێککەوتنە بڕوانن».

دوای تێپەڕبوونی ١٥ مانگ بەسەر ئیمزاکردنی یاداشتێکی لێک تێگەیشتن لەنێوان نوری مالیکیو جۆرج بوشدا، کە تەمموزی رابردوو لە واشنتۆن ئیمزایان کرد بەمەبەستی داڕشتنی رێککەوتننامەیەکی ستراتیژیی ئەمنیی لەنێوان عێراقو ئەمریکادا، هەردوو لایەنی عێراقیو ئەمریکی هەوڵدەدەن زۆرترین دەسەڵات بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، موحسین سەعدون، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، ئاماژە بەوەدەکات رێککەوتننامەی ئەمنیی گرنگییەکی تایبەتی بۆ عێراق دەبێتو سەرجەم لایەنەکانیش گرنگیی بەو بابەتە دەدەن، پێشیوایە رێککەوتنەکە لە رووی ئابووریو ئەمنیو سیاسییەوە سوود بە عێراق دەگەیەنێتو کارئاسانیش بۆ دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا دەکات، تایبەت بە رۆژنامە وتیشی: «ئیمزاکردنی رێککەوتننامەکە دەبێتە هۆی ئەوەی هێزە بیانییەکان لە عێراق بچنە دەرەوەو ئێمەش ببینە خاوەنی راوبۆچوونی خۆمان».

رەشید عەزاوی، ئەندامی لیژنەی لێپرسینەوەو دادگەری:

سەرکردەکان خۆیان لە کێشەکانی ئێران دەبوێرن

ساڵح رەحمان

رەشید عەدای عەزاوی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی تەوافوق، ئاماژەی بەوەکرد پێویستە هەردوو حکومەتی عێراقو ئێران کار بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوانیان بکەنو چارەسەری تەواو بۆ ئەو دۆسیانە بدۆزنەوە کە تا ئێستا لەنێوان هەردوو وڵاتدا بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە.

عەزاوی کە ئەندامی حیزبی ئیسلامی عێراقو ئەندامی لیژنەی لێپرسینەوەو دادگەرییە لە پەرلەمانی عێراق، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ رۆژنامە ئەوەی خستەڕوو، سەرکردەکانی عێراق خۆیان لەو کێشانە دەبوێرن کە تا ئێستا لەنێوان هەردوو وڵاتدا ماونەتەوەو کاریگەریی خراپیان لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراقو چەند بوارێکی گرنگی ئەمنییو دارایی هەیە، وتیشی: «پێویستە سەرکردەکان بوێرانە داوای دەستێوەرنەدانی ئێران لە کاروباری ناوخۆی عێراق بکەنو لەسەر مێزی گفتوگۆکانیش چەند مەسەلەیەکی وەک سنوورو گەڕانەوەی فڕۆکەکانی عێراق لە ئێران داوا بکەنەوە».

تا ئێستا چەند جارێک حکومەتی تاران داوای قەرەبووی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراقو ئێرانی لە حکومەتی بەغدا کردووە، رەشید عەزاوی لەوبارەیەوە بۆچوونی وایە پێویستە هەرچی زووە ئەو کێشانە یەکلایی بکرێنەوەو گەلی عێراق باجی سەرکێشییەکانی رژێمی بەعس نەدات، ئاماژەی بەوەدا کە سەرکردەکانی عێراق تا ئێستا بەرامبەر ئەو داواکارییانەی دەسەڵاتدارانی ئێران بێدەنگ بوونو هیچ هەڵوێستێکی ئەوتۆیان دەرنەبڕیوە، هێشتنەوەشی بەوشێوەیە ئاکامی خراپی دەبێت.


رەشید عەزاوی

جیهانی

ئەمریکا دانوستان لەگەڵ تاڵیبان دەکات

رۆژنامەی ۆڵ ستریت جۆرناڵی ئەمریکی بڵاوی کردەوە کە ئیدارەی حکومەتی ئەمریکا بیر لە ئەنجامدانی دانوستانو گفتوگۆ دەکاتەوە لەگەڵ بەرپرسانی بزوتنەوەی تاڵیبانی ئەفغانی، بۆ کەمکردنەوەی ئەو توندوتیژییەی بەمدواییە لەو وڵاتە سەریهەڵداوە، رۆژنامەی ناوبراو ئاماژەی بەوەشداوە کە ئەم سیاسەتە نوێیەی حکومەتی واشنتۆن لەدوای راپۆرتێکی نهێنی کۆشکی سپییەوە هات، کە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ستراتیژییەتی ئەمریکا لە ئەفغانستان ئامادەی کردبوو.

بەرادعی ئێران ئاگادار دەکاتەوە

محەمەد بەرادعی، بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانسی وزەی ئەتۆم، ئاشکرایکرد هێشتا دڵنیا نین لەوەی ئێران چالاکیی ئەتۆمی نهێنی ئەنجام نادات، بەرادعی هانی بەرپرسانی حکومەتی تارانیشیدا کە پێوەری شەفافانە پەیڕەوبکەن بۆ مسۆگەرکردنی متمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە چالاکییە ئەتۆمییەکانی.

دوو کەس بە تۆمەتی هەوڵی کوشتنی ئۆباما دەستگیردەکرێن

دەزگا ئەمنییەکانی ئەمریکا دوو گومانلێکراویان دەستگیرکرد بە تۆمەتی هەوڵی کوشتنی باراک ئۆبامای پاڵێوراوی دیموکراتییەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا، بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ ئەو دوو گومانلێکراوە هەڵگری بیروباوەری نازی بوونو لە ویلایەتی میسیسپی دەستگیرکراون، ئێستا رەوانەی لێکۆڵینەوە کراون بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاریی زیاتر لەسەر پلانەکەیان.

روسیا چاودێری ئەوروپی رەتدەکاتەوە

حکومەتی روسیا ئەو پێشنیازەی یەکێتی ئەوروپای رەتکردەوە کە داوای رەوانەکردنی تیمێکی چاودێریی ئەوروپایی کردووە بۆ سنوورەکانی نێوان جۆرجیاو هەردوو هەرێمی جوداخوازی ئەبخازیاو ئۆسیتیا، بەگوێرەی بەیاننامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی روسیا، یەکە سەربازییەکانی سوپای روسیا ئەرکی کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان دەگرنە ئەستۆو پێویست بەچاودێری نێودەوڵەتی ناکات.

ئاژانسەکان

ـــــــەن؟


گوندێکی قەزای کۆیە

دروستکراوەو وتی: «ئەو گەڕەکانەی تازە دروستبوون پێویستیان بە خزمەتگوزاریی هەبووە وەک ئاوو ئاوەڕۆو کۆنکرێتو قوتابخانە، ئەمەش وایکردووە ئەو بودجەیەی بۆ شارەوانی تەرخان دەکرێت بەشی هەموو ئەو پرۆژانە نەکات، سەرباری ئەوەی کرێی خانوو زیادبووەو قەرەبالغیی زۆر دروستبووە».

هەروەک ئازاد مامەند، سەرۆکی شارەوانیی تەقتەق، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو کۆچکردنە بەلێشاوە وایکردووە سالّ بەسالّ پێویستیان بە خزمەتگوزاریی زیاتر هەبێتو نرخی کرێی شوێنی نیشتەجێ زیادیکردووە، وتیشی: «پێویستە حکومەت بەرنامەیەکی باش دابنێت بۆ ڕێگرتن لە کۆچکرنی زیاتری دانیشتوانی گوندەکان».

د. فـواد محەمەد، شـارەزا لە بواری کشتوکاڵو سەرۆکی بەشی دارستان لە زاکۆی کۆیە، پێیوایە ئەو کۆچکردنە بەلێشاوە کە تا ئێستاش بـەردەوامـە، مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی خۆراک هەیەو بڕواشی وایە بە پێدانی سولفە بۆ بواری کشتوکاڵیو دابینکردنی ئامێرو تۆو پەینی کیمیاییو لێدانی بیری ئیرتیوازیو وەرگرتنی بەروبوومی جـوتـیـاران بـە نـرخـی گونجاو لەلایەن حکومەتەوە، دەتوانرێت گرنگیی بە ژیانی گوند بدرێتو ڕێ لە کۆچکردنیش بگیرێتو وتی: «پێویستە سەرجەم پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لە ڕێگەوبانەوە تا دروستکردنی بینوا کارەباو ئاوو سەرجەم پێداویستییەکانی دیکە بۆ گوندنشینەکان دابینبکرێتو لەبری شارەکان پێشینەی خانووبەرە بە گوندەکان بدرایە».

ناجێگیریی کەشوهەوا، هاوڵاتییان دەنێرێتە نەخۆشخانەکان

هەناو جاف

ئاواز ڕەزا



گۆڕانی کەشوهەواو دیاردەی خۆڵبارین، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییان نەخۆش دەخـات‌و بەوهۆیەوە نەخۆشخانەکان قەرەبالغ دەبن، پسپۆڕانی تەندروستیش هۆکارەکەی بۆ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆس‌و کەمتەرخەمیی هـاوڵاتـیـیـان خۆیان دەگەڕێننەوە.

ساڵانە لەم وەرزەدا بەشێوەیەکی بەربڵاو هەندێک جۆری نەخۆشی بڵاودەبێتەوە کە لەناو خەڵکیدا بە «پەتا» ناسراوە، کە بەپێی وتەی پسپۆڕانی بوارەکە، هۆکارەکەی بۆ گۆڕانی ڕاستەوخۆی پلەی گەرما دەگەڕێتەوە.

د. محەمەد عومەر، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو، باسی لەوەکرد کە ئەو پەتایە بریتییە لە هەوکردنی بەشی سەرەوەی کۆئەندامی هەناسە کە پێی دەڵێن هەڵامەت یان ئەنفلۆنزا، کە زیاتر تووشی ناوپۆشی لـوت‌و قـورگـو قورقوراگەو دەنگەژێکان دەبێتەوەو دەرئەنجامەکەشی لوتگیران‌و ئەنفلۆنزای لێدەکەوێتەوە.

ئەو پزیشکە هۆکاری بڵاوبوونەوەکەشی بۆ گۆڕانی پلەی گەرما گەڕاندەوە کە لەم وەرزەدا ڕوودەدات‌و وتی: «لەم کاتانەدا ئەو ڤایرۆسە چالاک دەبێت‌و لە ڕێگەی کۆئەندامی هەناسەوە بڵاودەبێتەوەو تەشەنە دەکات، چونکە ئەو دڵۆپە وردانەی کە لەکاتی قسەکردندا دەردەچـێـت، لە نەخۆشەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی دیکە».

ئاماژیکی ورد نییە بۆ ئەو کەسانە، لـەبـەرئـەوەی زۆرێـکـیـان لـە دەرەوە چارەسەری خۆیان دەکەن‌و پێویستیان بە داخڵبوون نییە، د. محەمەد ئەوەشی ڕاگـەیـانـد کـە ئـەوجـۆرە نەخۆشیانە مەترسیان نییەو تەنها چەند ڕۆژێکی کەم دەخایەنێت‌و تەواودەبێت.

لـەم سـاڵانـەی دوایـیـدا خۆڵبارین بەشێوەیەکی بەربڵاو لە کوردستاندا ڕووەدات، ئەوەش کاریگەریی خراپی هەیە بۆ سەر تەندروستیی هاوڵاتییان بەتایبەت ئـەو کەسانەی کێشەی تەندروستیان لە کۆئەندامی هەناسەدانداا هەیە، وەک نەخۆشییەکانی ڕەبۆو قورگو لوت.

دارا حەسەن ڕەشید، بەڕێوەبەری کەشناسیی سلێمانی، ئـامـاژەی بۆ ئەوەکرد کە ئەو حاڵەتەو گۆڕانی خێرای پلەی گەرمی‌و کەشوهەوا کاریگەری ڕاسـتـەوخـۆی لـەسـەر تەندروستیی هاوڵاتییان دەبێت‌و ئەوەش وا دەخوازێت کە هاوڵاتییان هۆشیاربن لەئاست پاراستنی تەندروستیی خۆیان‌و پێی باش بوو کە هاوڵاتییان لەوکاتانەدا کەمامە بەکاربهێنن، وتیشی: «بەڵام لە بەرەو پێشەوەچوونمان بەرەو زستان ئەو حاڵەتە کەمتر دەبێتەوەو کەشوهەوا پاک دەبێتەوە».

بەپێی وتەی پسۆڕانی تەندروستی، دەبـێـت هاوڵاتییان زیـاتـر بـایـەخ بە تەندروستیی خۆیان بدەن لەبەرئەوەی کاریگەری هەوای پیس زیانی لە خواردن‌و ئاوی پیس زیاترەو مەترسیی بۆ سەر ژیانی کەسەکە دروستدەکات.

د. محەمەد عومەر هێمای بۆ ئەوەکرد کە دەبێت لەکاتی بڵاوبوونەوەی ئەوجۆرە نەخۆشیانەدا هاوڵاتییان خۆیان بپارێزن لە نزیککەوتنەوە لە کەسی تووشبوو، هەروەها زۆر نەچنە شوێنە قەرەبالغەکان، ئەوەشی وت: «پێویستە دایکو باوکان منداڵەکانیان لـەوە ئاگاداربکەنەوە، لەبەرئەوەی منداڵ مەناعەی کەمەو زوو تووش دەبێت، ئەوەش کاریگەریی خراپی لەسەری دەبێت بەتایبەت لەم کاتەدا کە وەرزی خوێندنە».

دوکاندارەکان کرێی دوکانەکان دەبەنە دادگا

سەرکەوت ئەحمەد

سەرباری گۆڕانکاریو دیزاینی نوێ کە زۆرترین دوکان لە باڵەخانەکاندا جـێـدەکـرێـنـەوەو بـە سەرقفلانە دەفـرۆشـرێـن، کرێی دوکـان لەچاو سالانی ڕابردوودا بەشێوەیکی بەرچاو زیادی کـردووەو هەندێکجار بەهۆی گۆڕان‌و زیادکردنی کرێ دوکانیشەوە کێشە دەکەوێتە نێوان دوکاندارو خاوەن مولک.

لە چەند ساڵی ڕابـردوودا کێشەی نێوان کرێچی‌و خاوەن مولک لە خانوو تێپەڕی کردو ئێستا سەدان دوکاندارو خـاوەن مولک بەو هۆیەوە ئاڵۆزی کەوتووەتە نێوانیانەوەو هەندێکجار سنووری گفتوگۆ دەبەزێنێت‌و کێشەکان دەچنە دادگاکانەوە.

بەختیار ئەحمەد، کاسبکارەو لەناو بـازاڕی ڕاپەڕین لە شاری سلێمانی دوکانێکی بەکرێ گرتووە، ئەو پێیوایە زۆربـەی دوکانەکانی ئەو باڵەخانە نوێیانە یان ئەوانەی تازە دەکرێنەوە، بە سەرقفلانە دەفرۆشرێن‌و کرێارەکان ئـەو مامەڵەیە دەکـەن بەوهیوایەی مانگانە کرێی کەم بدەن، بەڵام ئێستا خاوەن مولکەکان داوای کرێی مولکانەی زۆر دەکەن‌و وتی: «زۆربەیان داوای پارەی چەندین قاتی کرێ مولکانەی پێشتر دەکەن، ئەوەش بەردەوام کێشە لەنێوان خـاوەن مولک‌و دوکانداردا دروستدەکات».

زیادکردنی ئـەو کـرێ دوکانانە کاریگەری خراپی کـردووەتـە سەر بازاڕەکان‌و هەندێکجار کێشەی گەورەی لێدەکەوێتەوە، جگە لەوەی کاردانەوەی لەسەر نرخی ئەو کـاڵای کەلوپەلانە دەبێت‌و هەندێکجار فرۆشیارەکان ناچار دەبن بە نرخی زیاتر شتەکانیان بـفـرۆشـن، خـاوەن مولکەکانیش زیادکردنی ئـەو کرێیانە بە مافـو زیادبوونی نرخی پێداویستیەکانەوە گرێدەدەنەوە.

عومەر سەید ئەحمەد، وەک خۆی باسی دەکـات حەڤدە ساڵ لەمەوبەر ئەو دوکانەی بە سەرقفلانە کڕیوەو مانگانە کرێ دەدات کە ئێستا لە بازاڕی ڕاپەڕیندایەو کەلوپەلی تێدا دەفرۆشێت، ئەو وتی: «بەڵام ئێستا خاوەن مولکی تـازە دەیـەوێـت کرێکەمان لەسەر زیادبکات بۆ دووسـەد هـەزار دینار، ئێمەش بەوە قایل نین، چونکە دوو ساڵ لەمەوبەر کرێ مولکانەمان زیاد کردووە».

عەبدولکەریم عـەلـی، خاوەنی باڵەخانەیەکەو دوکانداری کرێچی هەیە، بەپێویستی دەزانێت دوکاندارەکانی کرێ مولکانەکەی بۆ زیـاد بکەن بە پاساوی ئەوەی نرخی هەموو شتەکانی تر زیادی کـردووەو وتیشی: «ڕاستە دوکاندارەکان سەرقفلانەیان داوە، بـەڵام ئـەوە ناگەیەنێت کرێی مولک زیاد نەکات، جارانِ خاوەن دوکان ٧٥ دیناری کرێ مولکانە دابێت دوکانەکەی تەنیا ٢٠٠ دیناری کردووە، بەڵام ئێستا ٢٥ دۆلار کرێ مولکانە دەدات لەکاتێکدا ئەگەر خۆی بیداتە کرێ مانگانە ٦٠٠ دۆلاری بۆ دەکات».

ئەو کێشمەکێشەی نێوان کرێچی‌و خاوەن مولک هەندێکجار گەیشتووەتە بنبەست‌و ئێستا سـەدان دوکاندار کرێکانیان دەبەنە «ئیجرام»‌و لە دادگا دایدەنێن‌و خاوەن مولکەکانیان کرێکان بـەکـەم دەزانـنـو ئامادەنین لێیان وەربگرن.

کـارۆ عـەبـدوڵـلا، پـارێـزەری خـاوەن مولکێکە کە کێشەی لەگەڵ دوکاندارەکانیدا هەیە، پێیوایە دەبێت کرێ دوکان بەراورد بکرێت بە کرێی دوکانەکانی دەوروبەری ئەو بازاڕەو ئەو قەرەبالغیەی لەسەریەتی، وتیشی: «دوکاندار هەیە دوکانەکەی داوەتەوە بە کرێیەک کە ٤٠ قات زیاترە لە کرێ مولکانەکە، جگەلەوەی خاوەن مولک کە تازە مولکێکی لەوشێوەیە دەکرێت، یاسا دوکاندارەکان پەیوەست دەکات بەوەی کە گرێبەستی نوێ بکەن لەگەڵ خاوەن مولکی تازەدا».

لەلایەکی تـرەوە عوسمان شێخ سدیق، پارێزەر لە دادگای سلێمانی، لەبارەی زیادکردنی کرێ مولکانە لە ڕووی یاساییەوە، جەختی لەوەکردەوە کە خاوەن مولک دەتوانێت کرێ زیاد بکات «بەپێی بڕیاری ٢٢٠ لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١دا کە خاوەن مولک دوای ١٠ ساڵ لە یەکەم گرێبەست دەتوانێت کرێکە زیـادبـکـات بەپێی بڕیاری لیژنەکانی باجی خانووبەرە، پاش ئەم زیادکردنە خاوەن مولک هەموو پێنج ساڵێک دەتوانێت کرێ زیاد بکات».

هەروەک باسی لە کرێن‌و فرۆشتنی مولکیش کردو ئەوەی خستەڕوو کە لەکاتی گۆڕینی خاوەن مولکدا بەپێی یاسای بەکرێدانی خانووبەرەو یاسای مەدەنی ساڵی ١٩٥١ هەموو ئەرکو مافەکان دەگوازرێتەوە بۆ خاوەن مولکی تازە، واتە ئەگەر خاوەن مولکی پێشوو کرێی تازە زیاد کردبوو تا ماوەی پێنج ساڵەکە تەواو نەبێت خاوەن مولکی تازە ناتوانێت کرێ زیاد بکات، بەڵام لە یاسا نوێیەکەی پەرلەمانی کوردستاندا، یاسای ژمارە ٩ی ٢٠٠٨ ئەم ماوەکاتیەی کە ماف دەداتە خاوەن مولک کرێ زیاد بکات وەک خۆی ماوەو دیاریی کردووە کە کرێ خانوو لە ماوەی ساڵێک لە ٤٪ی نرخی خانووەکە تێپەڕ نەکات‌و بۆ ئەو جێگە نیشتەجێیانەی کە لەشێوەی ژووردان نابێت لە ٦٪ تێپەڕ بکات‌و بۆ دوکانیش نابێت لە ٨٪ تێپەڕ بکات.



گـونـدنـشـیـنـان بـۆچـی کـۆچ دەکـ



ئاری سابیر

کۆیە

ئاسۆ کەمال (٢٤ ساڵ)، تا سێ ساڵ لەمەوبەر لە گوندەکەی خۆیان دەژیاو بە کشتوکاڵو ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵبوو، بەڵام دواتر بە خێزانەوە لە قەزای کۆیە نیشتەجێبوونو لە وەزارەتی ناوخۆ دامەزراوە، ئەو نەبوونی ئاوو خزمەتگوزاریی بە هۆکاری جێهێشتنی گوندەکەیان زانیو وتی: «خەڵک دەچێتە گوند تا بتوانێت کاری کشتوکاڵیو ئاژەڵداریی بکات، کەچی ئێمە بۆ پێداویستیو خواردەمەنی دەبوایە بهاتینایەتە کۆیە بیکڕین، لەبەر نەبوونی ئاو هیچ داهاتێکیشمان نەبوو، جگە لەوەی لە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیو قوتابخانەو ڕێگەوبانو ئاو پێبەش بووین».

چەند ساڵێکە کۆچکردنی هاوڵاتیانی گوندەکانی کوردستان بەرەو شارو شارۆچکەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووەو دانیشتووانی گوندەکان بۆ نەبوونی پێویستیو خزمەتگوزارییەکانی دەگەڕێنەوە، لایەنە پەیوەندیدارەکانیش نکۆڵی لەو کۆچە بەڵێشاوە ناکەن کە تا ئێستا بەردەوامەو پێیانوایە کاریگەری خراپی لەسەر شارو قەزاو شارۆچکەکان دروستکردووەو بەرهەمی ناوخۆشی کەمکردووەتەوە، پسپۆڕێکیش دەڵێت: «ئەو کۆچە مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی خۆراک هەیەو پێویستە بە ڕێگەی گونجاو ڕێگریی لێبکرێت».

گوندەکان بۆ چۆڵدەکرێن

لە سنووری قەزای کۆیەدا جگە لە ناحیەکانی تەقتەق، ئاشتی، سکتان، سێگردکانو شۆڕش، سەد گوند هەیە کە ٣٠٦٣ خێزانیان تێدا نیشتەجێیەوژمارەی دانیشتوانیان (٢١١٣٣) کەسە، لە ماوەی (٥) ساڵی ڕابردووودا زیاتر لە ٢ هەزار خێزانی نیشتەجێی ئەو گوندانە بەرەو قەزای کۆیەو ناحیەکان کۆچیان کردووە، بەشێوەیەک کە هەندێک گوند بەتەواوی چۆڵبووە.

محەمەد عومەر، هاوڵاتییەکی دانیشتووی گوندی باغەجنێری سەر بە ناحیەی تەقتەقە، پێیوایە ژیان لە گوندەکان سەختبووەو هیچ خزمەتگوزارییەکی وەکو قوتابخانەو نەخۆشخانەو ئاویان نییە،ئاماژەی بەوەشکردکەلە چەند ساڵی ڕابردووودا زیاتر لە ٣٠ خێزان لە گوندەکەیانەوە بەرەو ناحیەی تەقتەقو قەزای کۆیە کۆچیان کردووەو بەردەوامیش خەڵکی تر کۆچدەکەن، وتی: «ئەو خێزانانە سەرقاڵی کشتوکاڵو ئاژەڵداریی بوون، بەڵام بەهۆی وشکبوونی سەرچاوەی ئاوی گوندەکەو کەمیی نرخی بەرهەمە ئاژەڵداریییەکان، وازیان لە کارەکانیان هێناو ئێستا دامەزراون».

چی بۆ گوندەکان کراوە

محەمەد فەقێ، لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی گوندەکان، باسی لەوەکرد کە توانیویانە ئەمساڵ ئاوی پاکی خواردنەوە بۆ سەرجەم ئەو گوندانە دابینبکەن کە سەرچاوەی ئاویان وشکبووە، وتی: «هەر هاوڵاتییەک لە گوندەکانی سنووری قەزای کۆیە ڕۆژانە ١٥٠ لیتر ئاوی بۆ دابین دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی بەو بودجەیەی بۆمان تەرخانکراوە ٢١ پرۆژەی ئاو لەو گوندانە جێبەجێدەکەین بە لێدانی بیری ئیرتیوازیو ڕاکێشانی تۆڕی ئاو لە بیرەکانەوە بۆ ناو گوندەکان کە بەشێک لە گوندەکان دانیشتوانەکەی ماندەوەو کۆچیان نەکرد، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەو گوندانە ئاو نییە پێویستیان بە هۆکاری داخستنی چەند بنکەیەکی تەندروستیو نەکردنەوەی چەند بنکەیەکی دیکەی تەندروستی لە گوندەکان کە بینای تازەیان بۆ دروستکراوە،گەڕاندەوەبۆنەبوونی کارمەندی پێویستو ڕۆیشتنەوەی کارمەندەکانی هەولێر کە لە کۆیە دەوامیان دەکرد، وتی: «دوو ساڵ بوو هیچ کارمەندێکی تازەمان بۆ دانەدەمەزرا، ئەو کارمەندانەی لەو بنکانەش دەوامیان دەکرد بەشێکیان ماوەیەکی زۆر لەو گوندانە بوون‌و پێویستیان بەوەبوو بگوازرێنەوە ناو شارۆچکەکان، ئەوانەی دیکەش ڕۆیشتنەوە هەولێر، بۆیە کێشەمان لە کەمیی کارمەند هەبوو تا ئەمساڵ نزیکەی ٤٠ کارمەندیان بۆ دامەزراندینو دەتوانین بەشێک لەو بنکانە بکەینەوە، بەڵام ئەو چارەسەرەی خزمەتگوزاریی دیکە هەیە».

ئەوە لەکاتێکدایە کە لەساڵی ٢٠٠٦- ٢٠٠٧دا نەتوانراوە هیچ پرۆژەیەکی ئاو لە گوندەکانی ئەو سنوورە ئەنجام بدرێن، سەرباری دابینەکردنی پێویستییەکانی بواری کشتوکاڵو ئاژەڵداریی.

سەربەست فەقێ سەلیم، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کۆیە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمساڵ زیاتر لە ٥٠٠ تەن ئەلەفو ٧٠٠ تەن گەنمیان دابەشکردووە بەسەر جوتیارانو خاوەن ئاژەڵەکاندا بۆ ڕووبەڕوونەوەی وشکەساڵی، ئەوەشی خستەڕوو کە چەندین تانکەریان دابینکردووەئاوبگەیەنێتە گوندەکانو ئەوەی لەسەرووخۆیانەوە وەریان گرتبێت بە یەکسانی دابەشیان کردووە، بەڵام نەیشاردەوە کە ئەو پێداویستیانە نەیتوانیوە بەتەواوی کێشەکانی جوتیاران‌و ئاژەڵدارەکان چارەسەر بکات‌و وتی: «لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووودا ئەو بودجەیەمان نەبووە هاوکاریی جوتیاران بکەین بە پێدانی تۆو پێداویستییەکانی دیکەی کشتوکاڵی، ئەمساڵ تەنها ٣٠ تەن پەینی کیمیاییمان وەرگرتووە تا دابەشی بکەین بەسەر جوتیاراندا کە بەشی جوتیارانی یەک گوندی گەورە ناکات ئەگەر بەتەواوی دابەشی بکەین».

ڕەوشی تەندروستی و پەروەردە

نەبوونی بنکەی تەندروستی لە بەشێکی زۆری گوندەکان‌و داخستنی هەندێکی تر، وایکردووە دانیشتووانی گوندەکان بۆ بچووکترین چارەسەر ڕووبکەنە قەزای کۆیەو ناحیەکان، ئەوە سەرباری کێشەی خوێندن‌و نەبوونی مامۆستاو خراپیی بینای قوتابخانەو خوێندنگە.

د. ئارام ڕۆستەم، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی کۆیە، لە بنکە تەندروستییەکانی گوندەکان دەکرێت هەر سەرەتاییە هەوڵدەدەین زیاتر گرنگیی بە ناحیەکان بدەین تا چارەسەری تەواوی تێدا بکرێت».

لەلایەکی ترەوە نەرمێ حەمەد، بەڕێوەبەری پەروەردەی گشتیی کۆیە، جەختی لەوەکردەوە کە ناتوانن لە هەر گوندێک خوێندگایەک بکەنەوەو پۆلەکانی ٧ تا ١٢ی تێدابێت بەو پاساوەی ئەو ژمارەی زۆرەی مامۆستایان نییەو گوندەکانیش ئەوەندە خوێندکاریان نییە بتوانن پۆلەکان پربکەنەوە، بەڵام «ئەمساڵ لە هەندێک گوند پۆلی حەوتمان کردووەتەوەو هەوڵیشماندواوە بە چەند گوندێک خوێندنگەیەکی دواناوەندییان بۆ بکەینەوەو گرفتەکەیان چارەسەربێت»، هێمای بەوەشکرد کە بەشی ناوخۆییان بۆ ئەو خوێندکارانە دابینکردووە کە دێنە قەزاو ناحیەکە تا بمێنەوەو هاتوچۆ نەکەن، وتیشی: «هەر ئەوەندەش بە ئێمە دەکرێت وەک پەروەردە».

زیانی کۆچی گوندنشین‌و چۆنیەتی بەرپێگرتنی

لایەنە پەیوەندیدارەکان باس لە زیانی‌کۆچی‌گوندنشینەکان‌دەکەن‌و پسپۆڕێکیش دەڵێت بە دابینکردنی خزمەتگوزاریی‌و پێویستییەکانی جوتیاراو ئاژەڵداران، ڕێ لەو کۆچە دەگیرێت.

ئاراس حەوێزی، سەرۆکی شارەوانیی کۆیە، ئاماژەی بە زۆریی کۆچکردنی دانیشتوانی گوندەکان کرد کە بەوهۆیەوە لە کۆیە چەند گەڕەکێکی نوێ

ویێنەو خەڵک



سەیرانگەی سەرچنار، ٣ ساڵە دراوەتە کۆمپانیایەکی لوبنانی‌و تا ئێستا کارەکانی تەواونەبووە — فۆتۆ: شۆخان

خەمی خەڵک

وەزیری پەروەردە فریایان بکەوە

ئاری سابیر

یەکێک لەو ناوەندانەی خوێندن کە هیچ گرنگییەکی پێنادرێت‌و بەردەوام کێشەو گرفتیان هەیەو بەبێ چارەسەر ماوەتەوەو هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا ناکرێت، ئامادەیی پیشەسازیی‌و بازرگانی کۆیەیە، کە بە دریژایی ئەو ٣ ساڵەی لەو ناوەندە دەخوێنن، خوێندکاران بێبەشن لەو پێداویستییانەی تایبەتە بە خوێندنەکەیان، بەجۆرێک ئەو پێداویستییەی ئێستا ئەو ئامادەییەی وانەی لەسەر دەخوێنن، لە بازارەکانی کوردستان نەماوەو بەکارناهێنرێت‌و هیچ سوودێکی نییەو فێری هیچ پیشەیەک نابن، بەشێکی زۆری خوێندکارانی ئامادەیی پیشەسازیی‌و بازرگانیی کۆیە، ماوەی ٣ساڵە خوێندنیان تەواوکردووە، بەڵام تا ئێستا دانەمەزراون‌و هیچ کارێکیان بۆ نەدۆزراوەتەوە، کە بەشێوەی گرێبەستیش قبوڵیانە، بۆیە ڕۆژانە بێکار لەسەر شەقامەکان کات بەسەر دەبەن، تا ئێستا چەندینجار داوایان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەو لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە دایانبمەزرێنن، بەڵام بێسوود بووە، بۆیە لێرەوە داوا لە وەزیری پەروەردە دەکەم یان ئەو خوێندکارانە دابمەزرێنێت‌و پێداویستی زیاتریان بۆ دابینبکات، یان ئەو ئامادەییە پیشەسازیی‌و بازرگانییانە دابخات، کە هیچ گرنگییەکی نییەو ناتوانێت کادیری ناوەندی بەتوانا بەرهەم بهێنێت.

زەرورەتی هەبوونی حیزب‌و رۆڵی لە کۆمەڵگەدا

دلێرماوەتی

بەشی سێیەم

حیزب‌و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بەرهەمی هەلومەرجی خۆیانن‌و بەپێی پێویست بەتایبەتی لەدوای راپەڕینەوە وەکو پێویست سوودیان لە هەلومەرجی ناوچەیی‌و جیهانی نەبینیوە

ئەگەر لە مێژوودا بەراوردی گەلی کوردو حیزبە سیاسییەکانی بکەین لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی فارس‌و عەرەب‌و تورک، دەبینین کورد وەک پێویست نەیتوانیوە رۆڵێکی گرنگ ببینێ لە ناوچەکەدا، نەیتوانیوە کار لە کێشە گرنگ‌و سەرەکییەکانی ناوچەکە بکات‌و جێپەنجەی خۆی بە رووداو مێژوویی‌و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەوە جێبهێڵێ، دەستی لە دیاریکردنی چارەنووسی گەلان‌و رەنگرشتنی سنووری نێوان دەوڵەتەکانی ناوچەکەدا هەبێت، ئەویش تەنها لەبەرئەوە بووە کە کورد خاوەنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی تایبەتی خۆی نەبووە، بەشێوەیەکی زانستی سەری لە کاری سیاسیی‌و دیبلۆماسی دەرنەچووە، نەشیتوانیوە زیان بە بەرژەوەندی دەوڵەتەکانی ناوچەکەو زلهێزەکان بگەیەنێ یان پارێزگاریی تەواوی بەرژەوەندییەکانیان بکات. بۆیە ئەمرۆ کورد گەورەترین گرووپی ئەتنی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستە کە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی نییە، کێشەکەی بێ چارەسەر ماوەتەوە، بۆیە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش بوون‌و خەبات دەکەن لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورددا.

هەرچەندە راستییەکی تاڵە ئەگەر بڵێین نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی دواکەوتووە، پەرش‌و بڵاوە، یەک نەگرتووە، دیسپلین نازانێت، هەر سێ دەردە کوشندە گەورەکەی برسێتی، هەژاری، نەخوێندەواریی تانوپۆی تەنیوە، دوژمنەکانی لە هەموو رووپەکەوە لەو بەهێزترن‌و خاوەنی دەوڵەتی خۆیانن، توانیویانە راپەڕینەکانی، شۆڕشی هێزە چەکدارەکانی، حیزبە سیاسییەکانی بشکێنن‌و بۆ ماوەیەک سەرکوتیان بکەن، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە گەلی کوردستان‌و حیزبە سیاسییەکانیان ریشەکێش بکەن، بۆیە کورد هەمیشە لە بەرەرەکانێدا بووە. لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا حیزبە سیاسییەکانی دروستکردووەو چەندین رۆژنامەو گۆڤاری بە زمانی کوردیی دەرکردووە، هەندێک لە میسرو هەندێک لە ئەستەمبوڵ‌و ئەوانی تریش لە بەغداو سلێمانی.

ئەگەر بێینە سەر دەرکەوتنی یەکەم کۆمەڵەو حیزبی سیاسیی کوردی. سەرەتا نیشتمانپەروەرانی کوردو تورک دواییش عەرەب لە ئاوارەییدا خەباتی سیاسیی‌و کلتووریی هاوبەشیان دژی ئیستبدادی سوڵتانی عوسمانی دەکردو لەژێر کارتێکردنی بیری ڕۆشنگەریی‌و دیموکراسییە بۆرژواکانی ئەوروپادا بانگی ئازادیی‌و دادپەروەریی‌و یەکسانییان دەداو دەیانویست ئەو بیروباوەڕە نوێیانە لە کۆمەڵگەی عوسمانیدا بڵاوبکەنەوە، لەو سەردەمەدا دەستەی ڕۆشنبیریی کورد لە دەرەوەی کوردستان بەشداریی چالاکانەیان لە خەباتی دژ بە سوڵتاندا دەکردو هەندێکیان ڕۆڵی سەرکردایەتییان لەنێو ڕێکخراوی (گەنجە تورکەکان) هەبوو، هەر لەگەڵ یەکەمین ڕۆژانی سەرکەوتنی ئەم ڕێکخراوە، سەرکردەکانی ناو ئەم ڕێکخراوە سەرانسەرییە نیازە شۆڤێنییەکانی خۆیان بەرامبەر نەتەوە غەیرە تورکەکان نەشاردەوە، بۆیە کوردەکان لەو ڕێکخراوە هاتنە دەرو لە پایزی هەمان ساڵدا ڕێکخراوی سیاسیی تایبەت بەخۆیان دروستکردو چالاکیی سیاسیی‌و کلتووریی خۆیان دەربڕی بە زمانی کوردیی. ئەم ڕێکخراوە بە ناوی (ژ.ک.ک) ناسرا، کە ئامانجی سەرەکی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان بوو لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی. ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٢٠ز تۆمارکرا بوو، بەڵام کاتێک بە هاریکاریی گەلی کورد توانی خاکی تورکیا لە هێزی بێگانە دەرباز بکات، نەک هەر لە بەڵێنەکانی پەشیمان بووەوە، بەڵکو توانی پەیمانی سیڤەریش هەڵوەشێنێتەوەو پەیمانی لۆزان جێگەی بگرێتەوە، ڕۆڵی حیزب‌و ڕێکخراوە کوردییەکان لە تورکیادا بەدەر لە بڵاوبوونەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی کورد، هەوڵیاندا بەپشتبەستن بەو ڕەوشە نوێیەی کە هاتبووە ئاراوە، سیاسییانە داوا ڕەواکانی خۆیان بگەیەنن. ڕێکخراوە کوردییەکان زۆر دڵیان بە دەوڵەتانی هاوپەیمانانی سەرکەوتوو خۆش بوو، بەتایبەتی بە پرۆژە چواردە خاڵییەکەی سەرۆکی ئەمریکی (وێدرۆ وێلسۆن) کە بەڵێنی دابوو بنەماکانی ئاشتیی دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم لەسەر بناغەی مافی پیرۆزی هەر نەتەوەیەک لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا دابین بکرێت.

بۆیە دوای ڕاگرتنی شەڕ، ئەم حیزب‌و کۆمەڵە کوردییانە بە ڕەسمیی داوای سەربەخۆیی کوردستانیان کرد، بە بەردەوامیی سەردانی ئەو لێژنانەیان دەکرد کە وڵاتانی هاوپەیمانان لە ئەستەمبوڵ پێکیانهێنا بوو، هەروەها نوێنەرانی کورد چوونە لای ئەو لێژنە ئەوروپی‌و ئەفریقیانەش کە پێکهێنرابوون بۆ ڕاوەگرتنی ئەو گەلانەی کە لەژێر قەڵەمڕەوی عوسمانی دەردەچن، ئەو کۆمەڵەو حیزبە کوردییانە تەنها بەو هەوڵە سیاسییانە دانەکەوتن، بەڵکو وردە وردە لقیان لەناوخۆی کوردستانیشدا دەکردەوەو لێژنەیان لە سەرانسەری شوێنە دوورەکانی کوردستان پێکهێناو دەنگی داواکارییان بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەرزکردەوە. لەهەمانکاتدا تورک کە پێیوابوو بەهۆی جەنگی ئەڵمانەکانەوە لەگەڵ هاوپەیمانان سەردەکەون، بەڵام لە شکستدا خۆیان بینییەوە، میسیۆ کلیمەنسۆی سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتیی بۆ پاریس، بەناوی دەوڵەتانی ئەوروپاوە وتی: تورک زۆر بە ئاشکرا سەلماندیان کە بەهۆی بەڕێوەبردنی خراپەوە توانای ئەوەیان نییەو شایستەی ئەوەنین ڕەگەزی ناتورک بەڕێوەبەرن، بۆیە پێویستە نەهێڵین هیچ نەتەوەیەک لەژێردەستی تورکدا بمێننەوە. لەگەڵ ئەم ڕەوشە باشەدا، وردە وردە چالاکیی گەرموگوڕی حیزبە کوردییەکان (بابی عالی) پەژارەکردو کەوتە بیرکردنەوە لە فێڵێک بۆ ڕێگەگرتن لە جیابوونەوەی کوردستان، لەمکاتەدا حکومەتی تورک کەوتە پیاهەڵدانی کوردو برایەتی ئیسلامییەوە، لێژنەیەکیشیان پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی کورد لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی عوسمانیدا. ئەم لێژنە وەزاریە کە دانرا بۆ کێشەی کوردو ئەرمەن، تەنها لەترسی ئەوەبوو کوردو ئەرمەن لە بابی عالی جیانەبنەوە. بەڵام هەفتە دوای هەفتە ئەم بەڵێنانە دواخران، بە گۆڕینی سەدری ئەعزەم بۆ فەرید پاشا ئەم بەڵێنانە جێبەجێ نەکران‌و پشتگوێخران. بەمجۆرە دووبارە نیشتمانپەروەران‌و کۆمەڵە کوردییەکان رووبان کردەوە کۆمەڵەی ئاشتیی لە پاریس، بەتایبەتی «کۆمەڵەی تەعالی کوردی، کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتماعی، کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد»، پاشان شەریف پاشای خەندان لەلایەن ئەم کۆمەڵانەوە دیاریکرا وەکو نوێنەر بۆ داواکردنی سەربەخۆیی کوردستان.

بەم جۆرە شەریف پاشا دەنگی کوردیی گەیاندە کۆنگرەی ئاشتی، ئەمە بەهۆی کۆمەڵەو حیزبە کوردییەکانەوە هاتبووە گۆڕێ، کە لە ئەنجامدا سێ بەندەکەی پەیمانی سیڤەر، بەندی (٦٢-٦٣-٦٤) لەلایەن کۆنگرەوە تەرخانکرا بۆ کێشەی کورد، پاشانیش بەهۆی ئەم حیزبانەوە پەیمانەکە بە فەرید پاشا سەدری ئەعزەم ئیمزا کرا. (لوید جۆرج)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی بەریتانیا وتبووی کورد مافی ڕزگاریی‌و ئازادیی هەیە، حیزبە کوردییەکان بەرامبەر ئەم قسەیە سوپاسنامەیان نارد بۆ حکومەتی بەریتانیا، ڕۆژی ١٩٢٠/٢/٢٦ز، بەڵام مستەفا کەمال ئەم خەونەی کوردی مراندو بە بەڵێن‌و قسەکانی کورد هەڵخەڵەتاو کەوتنە شوێن بانگەشە تۆرانییەکانی برایەتی تورک‌و کورد، بەڵام ئەم هەلە لەدەستدراو کورد پشتگیریی مستەفا کەمالی کردو زەرەری کرد، ئەگەر ئەم هەڵەیە نەبووایە، لەوانە بوو لەجێی جمهوریییەتی تورکی ئەمڕۆ دەوڵەتێکی گەورەو سەربەخۆی کورد دامەزرایە، بۆیە دوای پەیمانی لۆزان، حیزبە کوردییەکان تەنها خەباتی چەکداریان بۆمایەوە.

بەمشێوەیەش لە بەشەکانی تری کوردستانیش خەبات‌و دروستکردنی حیزبی سیاسی بەردەوام بووە، کە ناتوانین لێرە ناوی هەموو ئەو حیزب‌و کۆمەڵانە بهێنین کە لەدوای یەک لەهەر چوار پارچەی کوردستان دروستبوون‌و هەوڵێکی بێوچانیان داوە بۆ ڕزگاریی گەلەکەیان.

پەیوەندیی کوردو بزوتنەوەی ئەو گەلانەی ئەمڕۆی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا لەگەڵیان دەژی، پەیوەندییەکی مێژوویی‌و لەگەڵ سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییەکان‌و ئەو بزوتنەوانە لەپێناوی ئامانجی هاوبەشدا وەک پێداویستییەکی بابەتی لەدایکبووەو بە قۆناغی جۆربەجۆردا تێپەڕیوە، کۆمەڵێک ئاڵۆگۆڕی چۆنایەتی بەسەردا هاتووە کە لە بنچینەدا ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکانی نێو ئەم بزوتنەوانەو ئامانجە جۆر بە جۆرەکانیان بووە، لەهەر قۆناغێکدا ئەوەندەی ئامانجەکانی ئەم حیزب‌و بزوتنەوانە لەگەڵ ئامانجی ئەو بزوتنەوانەی هەریەک لەم گەلانە هاوجووت‌و هاوبەش بووبن، ئەوا ئەم پەیوەندییەش ڕواڵەتێکی پۆزەتیڤانەی بەخۆوە گرتووە، لەهەمانکاتدا ئەم پەیوەندییانە کۆمەڵێک پەندو دەرسی تاڵیشیان بۆ گەلی کوردو حیزبەکان جێهێشتووە کە ناکرێت لەبەرچاو نەگیرێن، چونکە حیزبەکان‌و سەرکردەی ئەو بزوتنەوانە لە ڕۆژانی تەنگانەدا هاریکاریی حیزبە سیاسییەکانی کوردیان مەبەست بووە، کاتێکیش بە ئامانجەکانیان گەیشتوون‌و کێشەیان نەماوە، پشتیان کردووەتە کوردو حیزبەکانیان، لەگەڵیاندا بەڵێنشکێن‌و بێوەفا دەرچوون‌و یەکسەر نیازە شۆڤێنییەکانی خۆیانیان دەرخستووە. واتە یەکێک لە تایبەتمەندییە نێگەتیڤەکانی حیزبە سیاسییەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان ئەوە بووە کە کاتێک ناکۆکییە دەرەکییەکانیان یان ناوخۆییەکانیان لەگەڵ ڕژێمی دیکتاتۆری وڵاتەکەیان چارەسەردەکەن‌و دەسەڵاتی سیاسی دەگرنەدەست، بەرە بەرە ئەم حیزب‌و بزوتنەوانە ناوەڕۆکە ڕزگاریخوازییەی دیموکراتییەکەیان لەدەستدەدەن‌و بەر لەهەموو شتێک هەڵوێستی شۆڤێنییانەیان بەرامبەر کورد دەردەکەوێت، بەناوی یەکپارچەیی خاک‌و سەروەریی نیشتمان، گیانی شۆڤێنیستی لەنێو نەتەوەکانیاندا جۆش دەدەن، کورد لەم نموونانە ئەزموونێکی زۆری هەیە، وەک ئەتاتورک دوای داپڵۆسینی خەڵکی کوردستان، ڕەزاخان دوای لێدانی بزوتنەوەی سمکۆو دواتریش دوای ڕووخانی کۆماری دیموکراتی کوردستان‌و ئازەربایجان، عەبدولکەریم قاسم دوای هێرشی سوپای بۆ سەر کوردستان، بەعس دوای ئیتفاقییەی جەزائیر، جمهوری ئیسلامی دوای هێرشی سەربازیی بۆ سەر کوردستان، ئێستاش سەرەتای هەمان دیاردە دەرکەوتووە لەگەڵ حیزبە هاوپەیمانییەکانی شیعەو سوننە لە عێراق لە دوای ڕووخانی حیزبی بەعس. باسکردنی ئەم واقیعە تاڵە بەو مەبەستە نییە هاریکاریی نێوان حیزبە کوردەکان‌و حیزبەکانی ئەم وڵاتانە بە کارێکی بێهودە دابنێین، بەڵکو بەو ئامانجەیە میکانیزمێکی نوێ بۆ ئەم پەیوەندییانە دابهێنرێت، کە لەسەر بنچینەی یەکسانی‌و مافی بەرامبەریی‌و داننان بە مافی چارەنووسی یەکتر دابمەزرێت. لەبەرئەوەی لەمجۆرە وڵاتانەدا سەرهەڵدانی دیموکراسی دیاردەیەکی ڕێکەوتە، نەک پێداویستییەکی بابەتی‌و لەم کۆمەڵگەیانەدا هیچ جۆرە نەریتێکی دیموکراسی نە لە کۆمەڵگەو نە لەنێوان حیزبە سیاسییەکاندا، نە لەنێو خودی هیچکام لەم حیزبانەدا نییە، هەرزوو حیزبێکی سیاسی دەرفەت دێنێ‌و دەسەڵاتە سیاسییەکە زەوت دەکات‌و بەپێی یاسای جەنگەڵ لەگەڵ هێزە هاوسەنگەرەکانی دوێنێیدا دەجوڵێتەوە، تاقیکردنەوەی وڵاتانی سۆسیالیستی دەریانخست کە سایکۆلۆژیای نەتەوەی گەورەو سەردەست دیاردەیەکی چەند سامناکە. واتە خۆرهەڵاتییەکان دیموکراسی تەنها بۆ بەرژەوەندی چین‌و توێژو خێڵ‌و عەشیرەت جێبەجێ دەکەن، لەم وڵاتانەدا دیموکراسییەت تەنها توێکڵەکەی وەرگیراوەو کاکڵەکەی وەرنەگیراوە، کە دان بە فرە ڕاییدا دەنێت. حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بەرهەمی هەلومەرجی خۆیانن‌و بەپێی پێویست بەتایبەتی لەدوای ڕاپەڕینەوە وەکو پێویست سوودیان لە هەلومەرجی ناوچەیی‌و جیهانی نەبینیوە لەپێناو تێپەڕاندنی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هێنانەدی گۆڕانکاریی بنەڕەتی، بۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بنەما خێڵەکی‌و عەشرەتگەرییەکان زیاتر ڕەگیان داکوتاوە، بێئەوەی هەوڵبدرێت پێکهاتەو کلتووری مرۆڤی کورد بگۆڕدرێت‌و هۆشیار بکرێتەوە، بۆیە ئەو حکومەتەی لە سایەی سیستەمێکی خێڵەکیدا دادەمەزرێت، لە ئەنجامی گەندەڵی سیاسیی‌و کەمتەرخەمییەو بەرەڵایی کارگێڕییەوە کلۆڕو فشەڵ دەردەچێت، لە ئەنجامیشدا کۆمەڵ فێری زمانی دیالۆگ نابێت، کە بنچینەی دیموکراسییە، کەواتە ئەوەی پێویست‌و گرنگە لەم قۆناغەدا هەوڵدانە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵی مەدەنی کە لەسەر دارو پەردووی کۆمەڵی عەشرەتگەریی دادەمەزرێت، واتا لە ڕەگ‌و ڕیشە دەرهێنانی هەموو کاریگەرییەکی نێگەتیڤی عەشرەتگەرییە لەناو دڵ‌و دەروونی کۆمەڵدا، بەمەش دەسەڵاتی عەشایەر هەڵدەپاچرێت، بۆیە ئەگەر حیزبایەتی لە ڕێگەی ئەو کەسانەوە بێت کە بروایان بە عەشرەتگەریی‌و پەرەنسیپەکانی عەشرەت هەیە، ئەوە هەرگیز چاوەڕێی هاتنەئارای کۆمەڵی مەدەنیی لەو کۆمەڵەیە ناکرێت، چونکە ئەو حیزبەی لەسەر بنەمای عەشرەتگەریی دادەمەزرێت، یان دەچێتە ژێرباری عەشرەتگەرییەوە، ئەوە دان بە گۆڕانکاریدا نانێت. جگە لەو ڕۆڵانەی سەرەوە کە باسکران، بەگشتیی دەتوانین ڕۆڵ‌و ئەرکە نیشتمانییەکانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لەم چەند خاڵەدا کۆبکەینەوە:

١- ئەرکی ڕزگاریی نیشتمانیی‌و بەرگریکردن لە کوردستان‌و پاراستنی لە تەماعی داگیرکەران‌و بەرگریکردن لە بوون‌و مانەوەی گەلی کورد بە ڕێکخستن‌و سازدان‌و ئامادەکردنی هەموو ئەوانەی توانای بەرگرییان هەیە.

٢- تا ڕادەیەک بیناکردن‌و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی ئابووریی‌و بازاڕی ئازادو سوودوەرگرتن لە سامانی وڵات، تا ڕادەیەک چارەسەرکردنی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی‌و کلتووریی، ئەگەرچی ئەم هەوڵانە زۆر لاوازبوون.

٣- ڕۆڵەکانی کوردیان فێری هونەری خەبات‌و تێکۆشان کردووە.

٤- ئامرازێکی گرنگی هێشتنەوەی گیانی نەتەوە بوون بە کلپەسەندوویی.

٥- ئامرازێکی گرنگی دروستکردنی ڕای گشتیی بوون.

٦. ناساندن‌و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنی ئیقلیمی‌و جیهانیدا بەمەبەستی خزمەتکردنی مەسەلەی کورد.

٧- هەموو دەسکەوتە کلتووریی گرنگەکان داهێنانی حیزبەکانن وەک ڕۆژنامەی ڕۆژانە، کردنەوەی کۆلێژی سەربازیی، سەتەلایت، تەلەفزیۆن... هتد.

بۆیە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەتی لەسەردەمی بەرگریدا چاکەیان بەسەر گەلی کوردەوە هەیە.

دەسەڵاتی کوردی، دیموکراسیی یان چەواشەکاری

ئومێد حەمە عەلی

هیچ کۆمەڵگەیەک بەبێ سەلماندنی ئامانجەکان فەلسەفەی بوونی خۆی بە تاکەکانی، ناتوانێت درێژە بە ژینی خۆی بداتو گەشە بکات.
توماس سپراکێنز

لەو بارودۆخە هەنوکەییەی باشووری کوردستاندا، ئەوەی لەلایەن حیزب دەسەڵاتی کوردییەوە نادیدەگیراوە، خەمی خەڵکو گرفتە زۆرو چارەسەرنەکراوەکانی هاوڵاتیانی کوردستانە. ڕەنگە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە پێویست بە زۆر لەسەر وەستان نەکات، تەنها ئەوەندە بەسە مرۆڤ بڕوانێتە کەمیی خزمەتگوزاری، وەک کەمیی کارەباو ئاو ...هتد، لەگەڵ مانەوەی کێشە نیشتمانییەکان بە چارەسەرنەکراویی و نەبوونی شەفافیەت لە ڕێککەوتنامە گرنگە سیاسیی و ئابووریییەکانو ئیفلیجی پەرلەمانو لە تاریکیدا هێشتنەوەی داهاتی وڵاتو بە ئاڕەزووی حیزب دابەشکردنی. هەڵبەتە بەم هەموو ناعەدالەتییەوە، بەم هەموو گرفتەوە، بەم هەموو پێشێلکارییەی لە بنەماکانی دیموکراتییەتدا دەکرێت، هێشتا دەسەڵاتدارانی حیزب- حکومەت، هێندە چاوقایمانەو بێ شەرمانە، تەنانەت هەندێکجار بە غرورێکیشەوە باس لە خزمەتو دڵسۆزیی خۆیان بۆ هاوڵاتییانی کورد پەخشدەکەنەوە، ئەوانەشیان کە دەم لە مەعریفەو باسو بابەتی ڕووناکبیرییەوە دەدەن، سەری زبانو بنی زبانیان دیموکراسیی و کۆمەڵگەی مەدەنیی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیو چەندین چەمکی نوێو مرۆڤدۆستانەی تر، کە لانیکەمی پراکتیکبوونی ئەم چەمکانە لە سایەی سیاسەتی ئەمانەدا لە واقیعی کوردستاندا نابینینەوە، ئەمەش بۆخۆی ئەو ڕووییەیە کە دەشێت لەڕێی تێکستێکی نێو کۆماری ئەفلاتونەوە باشتر لێی تێبگەین، کە باس دەکاتو د ەڵێت «لێزانترین جۆری ستەمکار ئەوەیە، کە لە دەرەوە بە دادپەروەر دەرکەوێ، لە کاتێکدا ڕێک بە پێچەوانەوەیە، لەبەرئەوە ستەمکاریی بێ خەوشو تەواو، دەبێت لە شەرانێتیو درندەیی خۆیدا کامڵ بێت، بتوانێت گەورەترین تاوان بکاو لە هەمانکاتیشدا باشترین ناوبانگ بەدەست بهێنێتو گەر هەڵەیەکی کرد، بۆخۆی بپۆشێو ڕەوایەتی پێبداو ئامادەباش بێت لەکاتی دەرکەوتنی یەکێک لە ستەمەکانی، بە بەرگریکردنێکی بەهێزو قایلکەرەوە، هەر کاتێکیش پێویستی بە هێز هەبوو، بتوانێ بەکاری بهێنێت بەپشتبەستن بەتواناو ئازایەتی خۆی یان هاوڕێکانی یان بەکارهێنانی ماڵوسامانەکەی»(کۆمار ل ٦٤، ٦٥).

ڕەنگە بەهەڵەدا نەچین ئەگەر زۆرێک لە دەسەڵاتدارانی کورد لەم دیدەوە بخوێنینەوە، کە گلاوکۆن لە گفتوگۆی خۆیو سوکراتدا هێمای پێکردووە، چونکە زۆرینەی دەسەڵاتدارانی کورد لە ڕابردوودا هەوڵیانداوەو لە ئێستاشدا بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان زۆرترین جار باسو گوتار بەگوێی خەڵکی کوردستانو دەڕەوشدا بدەن لە بارەی هەوڵەکانی خۆیان لە جێگیرکردنو چەسپاندنی بنەماکانی سیستمی دیموکراسیدا، واتە لێزانیو هۆشیارییەکی چەواشەکارانە کە هەڵگرین، تا ڕادەیەک توانیویانە ڕووخسارێکی دیموکراسییانەی فریودەرانە بۆ خۆیان دروستبکەن، هەرچەندە لە حەقیقەتدا پێچەوانەی ئەو ڕووخسارە فریودەرانەیانن، ناکرێت ڕووی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی کوردی لەوە زیاتر لە کۆمەڵگەی کوردی شاراوە بێتو هۆشیارییەکی کەمو بەرتەسک لەمبارەوە هەبێت، دیارە لەهەر فەزایەکی سیاسییو کۆمەڵایەتیدا ناهۆشیاریی زاڵبێت، تێگەیشتن لە گرفتە گەورەکانی وەکو نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، تێگەیشتنو خوێندنەوەیەکی ڕووکەشانەو ئاست نزمو کەم قۆڵ دەبێت، بۆیە لێرەدا هەڵوێستەکان لە ئاست ئەم گرفتە گەورانەدا بچووکو بێ بەرنامەو شپرزەو کەم ماوە دەبن، بناغەی سەرەکی گرفتەکان نابنە جێگەی باسو گرنگی خەڵک، لەنێو ئەو فەزایەدا، لەبری ئەوەی قسە لە گۆڕینی سیستمی سیاسییو پێکهاتەی دەسەڵاتو سەربەخۆیی دەسەڵاتەکانی حکومەت بکرێت، زیاتر خەمی خەڵکو ناڕەزاییان لەسەر کۆمەڵێک خزمەتگوزاری چرکردووەتەوە، کە زۆر لە سیستمە نادیموکراسییەکانیشدا دابینکراون، مەبەستم ئەوە نییە لە گرنگی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان کەم بکەینەوە، بەڵکو زیاترمەبەستمە بڵێم: دیموکراسیبوونو عەدالەتخوازی دەسەڵات بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان ناسەلمێنرێت، بەڵکو بە چەندێتی و چۆنیەتی ڕێزگرتن لە مرۆڤو مافەکانیو داواکاریو حەزوخولیاو خەمو نیگەرانییەکانیدا دەناسرێتەوە، بەوەدا ناناسرێتەوە زۆرترین بانگەشەی چەمکەکانی دیموکراسیو کۆمەڵگەی مەدەنیو عەدالەت بکات، بانگەشەکردن بەمشێوە فراوانە ئەوەندەی ئاماژەیە بە بوونی قەیرانێکی قوڵی ئەم چەمکانە، لە واقیعدا ئەوەندە هێما نییە بۆ جێگیریو جێبوونەوەی ئەم چەمکانە لەنێو حیزبو حکومەتو کۆمەڵگەدا، ئەوەی دەسەڵاتێکی دیموکرات لە دەسەڵاتێکی نادیموکرات جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە دەسەڵاتەو دەسەڵاتدارەکانی خۆیان بە قەرزداری هاوڵاتییانی ئەو وڵاتە، یان تاکەکانی کۆمەڵگە بزانن، نەک کۆمەڵگە بەقەرزداری ڕابردووی تێکۆشانی خۆیانو خەباتە شۆڕشگێرییەکەیان بزانن. نەشیاوە دەسەڵاتێک دیموکرات و عەدالەتخواز لەقەڵەم بدرێت کە پیرۆزیو هەتاهەتایی لە باڵای خۆی بڕبێبێت، بە خۆبەخشینی پیرۆزیو هەتاهەتایبوونی دەسەڵاتی حیزبو تامردن مانەوەی سەرکردەو سەرۆک لە لوتکەی دەسەڵاتدا، ڕاستەوخۆ پرۆسەی ڕێگریکردنو سوکایەتی پێکردنو ڕەتکردنەوەی ئەو ڕاوبۆچوونو هەوڵانە لەتەک خۆیدا دەهێنێت، کەدەیانەوێت پەنجە بخەنە سەر گرفتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەو هەوڵی دروستکردنی پرسیارو گومانو ڕەخنە بدەن لەسەر ئەو پیرۆزییو هەتاهەتاییە ساختەیەی کە حیزبو ڕابەرو سەرۆکەکانو سەرکردەکانی لە باڵای خۆیان داوە. هەڵبەت پرۆسەی حەقیقەت بەخشین بە حیزبو ئایدۆلۆژیاو کاریزمای سەرۆک یان بنەماڵەیەکی دیاریکراو، دەبێتە ئەلتەرناتیڤی بەش بەشکردنی حەقیقەت، بەمەش دواهەمین حەقیقەت جێگەی فرەییبوونو ڕێژەیی بوونی حەقیقەت دەگرێتەوە، بێگومان ئەمەش هەر باسێک لەبارەی بوونی دیموکراسیو کۆمەڵگەی مەدەنیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی پووچەڵدەکاتەوە، چونکە حەقیقەتی بااڵدەست دەبێت پێکهاتبێت لەکۆی حەقیقەتە جیاوازەکان، هەروەکو مەریوان وریا قانع دەڵێت: «حەقیقەتی بااڵدەست دەبێت بەرئەنجامی گفتوگۆی کۆمەڵایەتیو ئاڵوگۆڕی دیدو بۆچوونە جیاوازەکان بێت، نەک مەسەلەیەکی سەپێنراو جارێک بەناوی ئایینەوەو جارێک بەناوی ئایدۆلۆژیاوەو جارێکی دیکەش بەناوی کاریزمای سەرۆک یان خێزانێکی دیاریکراوەوە» (سایتی ڕەهەند)، نەبوونی ڕوانینێکی وەها بۆ حەقیقەت مانای نەبوونی دیموکراسیی ڕاستەقینەو دادی کۆمەڵایەتیو کۆمەڵگەی مەدەنی دەگەیەنێت. لە کۆمەڵگەی باشووری کوردستاندا مەترسیدارترین گومانو پرسیارو ڕەخنە ئەوەیە کە ئاراستەی ڕووەو خودی سەرۆکە پیرۆزکراوەکانو ڕادەو سنووری دەسەڵاتیانو سەرمایەکانیان بکرێت، ئەم ترسەش تارادەیەکی زۆر ڕۆڵی گێڕاوە لە هەڵچنینی دیوارێکی ئەستورو پۆڵایین بەدەوری ئەم تاکو گروپە خاوەن دەسەڵاتو سەرمایەدارانەدا، بەشێوەیەک کە نووسین لەسەریان ئەستەمەو ئەگەر کۆمەڵێک زانیاریی دژە بکاتو بابەتی ڕەخنەئامێز بااڵبکرێتەوە، زۆربەی جار دەبێتە مایەی هەڕەشەو هەندێکجار گرتنو سوکایەتپێکردنو هەندێکجاریش کوشتنی لێدەکەوێتەوە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە بێگومان بین لەوەی دەسەڵاتی کوردیی چەندی بۆ بکرێت ڕێگر دەبێت لە بەردەم ڕەوتی پەرەگرتووی ڕەخنە جدییەکانی ناو کۆمەڵگەو هەوڵی هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی خامۆشو بێدەنگو ڕەنگ دەدات، بۆئەوەی هەرکات بەپێویستی بزانێت خۆی دەنگو ڕەنگ بە کۆمەڵگە ببەخشێت، ئەم دەسەڵاتە لەو جۆرە دەسەڵاتەیە کە (تۆماس سپراکێنز) باسی دەسەڵاتدارەکانی هەناوی دەکاتو دەڵێت: «ڕەنگە دەسەڵاتداران حەز بکەن ڕێگربن لە خستنەڕووی ئەو مەسەلانەی کە بە ڕووخێنەریان دەزانن، بەڵام خەڵک ڕۆژ دوای ڕۆژ لەوە تێدەگەن کە دەبێت بایەخێکی زۆر بدەن بەو پرەنسیپانەی بەسەر ژیانی سیاسیدا زاڵن» (تێگەیشتن لە تیۆرە سیاسییەکان ل٦٨).

ئەوەی لەم تێگەیشتنەی (سپراکێنز)دا لەتەک دەسەڵاتدارانی کورددا پێکنایەتەوە، وشەی (ڕەنگە)یە، ئەمەش لەبەرئەوەی دەسەڵاتدارانی کورد نەک هەر حەزکردن لە قۆرخکاریو ڕێگریکردنی ڕای جیاوازیان تێپەڕاندووە، بەڵکو بە بەرنامەو نەخشە جۆراوجۆرەکانیان لە بەرتەسککردنەوەو کپکردنەوەی دەنگە ڕەخنەییو کاریگەرەکانی کۆمەڵگادان، هەڵبەت ئەوەی لە بەشی دووەمی وتەکەی (سپراکێنز)دا سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردی دەیخوێنینەوە، ڕاستییەکی نکۆڵی لێنەکراوە، ئەویش ئەو وشیاربوونەوە تا ڕادەیەک فراوانەی کە تاکی کورد لە بابەت دەسەڵاتو دەسەڵاتدارانی کوردییەوە بەدەستی هێناوە، لەژێر کاریگەریی پرۆژە ڕۆشنبیرییەکانی ڕووناکبیرە گرنگەکانو ڕۆژنامەگەریی ئازادو گروپی سیاسیی ڕەخنەگر کە درەنگ هاتە گۆڕەپانەکەوە. (سپراکێنز) هەر لەبابەت دەسەڵاتەوە لە جێگەیەکی دیکەدا دەڵێت: «کاتێک دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگەیەک هەوڵبدەن دەسەڵاتگەلێک وەچنگ بهێنن کە لەلایەن خەڵکەوە پێیان نەسپێررابێت، لە واقیعدا پەیمانی نێوان خۆیانو خەڵکیان ژێر پێ خستووە، لەوبارەشدا خەڵک بە ئەرکی خۆیان نازانن بەرامبەر پرەنسیپەکانی ئەو پەیمانە وەفاداربن» (تێگەیشتن لە تیۆرە سیاسییەکان ل ٦٨)، لەدیدی سپراکێنزەوە کۆمەڵگەی کوردیی پێویستە هەڵوێستی جدیی هەبێت لەسەر ئەو هەموو پەیمانشکێنیو بەڵێنەی دەسەڵاتی کوردیی کردوویەتی لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا، چونکە هەر لەسەردەمی شۆڕشی شاخەوە کە دنیایەک بەڵێنو خەونی ڕەنگاڵەیی لەخۆ گرتبوو، تا دەگات بە پرۆسەی حکومەتکردنی حیزبی کوردییو ئەو هەموو بەڵێنە گەورەو بچووکانەی کە بەخەڵکی کوردیان داوە، بێ هەژمار نابەڵێنییان لەتەک تاکی کورددا کردووە، لانیکەمی خواستەکانی خەڵکی کوردییان بەدی نەهێناوەو دەستەوسان بوون لە ڕەخساندنی ژیانێکی سەربەرزانەو کەشێکی ئازادانەو گوزەرانێکی ئابووری دادپەروەرانە بۆ مرۆڤی کورد، بۆیە ڕاستییەکی گەورەیە ئەگەر بڵێین زەمەنی وەفاداریی خەڵک بۆ پەیمانی ڕابردووی لەگەڵ دەسەڵاتی کوردیدا بەکۆتاگەیشتووەو ئەوەتا دەسەڵاتی نەیتوانیوە گرنگیو بایەخی خۆی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە بسەلمێنێت، ناتوانێت داوای وەفاداریی و هاوکاریشیان لێبکات.

کێ دڵسۆزی لاوانە؟

قسەیەک لەسەر وەڵامدانەوەی پرۆژەیەک بۆ چارەسەری گرفتەکانی لاوان

موئمین زەڵمی*



گرفتو کێشەکانی گەنجانی کوردستان لە تەواوی ناوچەکاندا ئەو ڕاستییە بەڵگەنەویستانەن کە دەرکەوتنی ڕۆژانەیان گەنجانیان تووشی شۆک کردووە، بۆیەش خوازیاری گەنجان بە پاڵپشتی چارەسەرکردنی کێشەکان تەواوی تروسکاییەکانی نێو دەسەڵات دەگرێتەوە، لە ژمارە ٣١٦ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا بەڕێز محەمەد حەکیم جەبار، پەرلەمانتار لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، لە شێوەی پرۆژەیەکدا کۆمەڵێک پێشنیازی بااڵوکردەوە کە خرابوونە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەگەرچی تا ئێستا سەرۆکایەتی پەرلەمان دانیشتنێکی تایبەت یان نائاسایی لەمەڕ ئەو پرۆژەیەو گرفتەکانی تری گەنجان تەرخان نەکردووە، بەاڵم خواستی ڕوونکردنەوەی حەقیقەتەکانو چاکسازیی پێشخستنی پرۆژەکە لە ئەستۆی تەواوی سەنتەرو ڕێکخراوەکانی تایبەت بە گەنجانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا. قسەکردن لەسەر خودی پرۆژەکە بە دڵنیاییەوە دەرفەتێکی فراوانتری گەرەکەو پێویستیی هەنووکەیی تەواوی سەنتەرەکانی تایبەت بە لاوانە، کە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو پرۆژەیەو پێشکەشکردنی پرۆژەی تر بە دەسەڵاتی کوردی هەوڵەکانی خۆیان چڕ بکەنەوە. پاش بااڵبوونەوەی ئەو پرۆژەیەو لە ژمارەی ٣٢٨ی ڕۆژنامە دارا ئەحمەد لە شێوازێکی سەیردا کۆمەڵێک پێشنیازی بۆ سەر پرۆژەکەی ئەو پەرلەمانتارە زیاد کردووە!!؟؟ نووسینەکەی دارا ئەحمەد خۆی واتەنی وەاڵمە بۆ پرسیارێکی نادیار!، چونکە هیچ شتێک لە پرۆژەکەی محەمەد حەکیم دا پرسیار نییە، تا وەاڵمی بدرێتەوە!، لە بری ئەوە ئەگونجێ هێدلاینی دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە لە خۆ بگرێت کە ناوبراو دووبارە لێیەوە، دەگونجێ هەموو گەنجێکی کوردستانو بەتایبەت ڕاهێنەرو چاالکوانەکانی بواری گەنجان تیشکی زیاتریان بۆ دیاریکردنی زۆرترین گرفتو کێشەی گەنجان هەبێت، بەاڵم پێموانییە ئەو بەڕێزە ئاگاداری ئەوە بێت کە تا ئێستا ئەمە یەکەم پرۆژەی لەو جۆرەیەو لە لایەن ئەو تاکە پەرلەمانتارەوە خراوەتەڕوو، کەموکورتی پرۆژەکەش بەشێکی زۆری دەکەوێتە ئەستۆی سەنتەرەکانی لاوانو گەنجان، چونکە تا ئێستاش مەرجەع یان بۆردێکی دیاریکراویان نییە گەنجان لەوانەوە گرفتەکان وەربگرن، کێشەو گرفتەکانیش ژمارەیان لەوە زیاترن لە پرۆژەیەکی لەو شێوەیەدا بخرێنەڕوو، بەاڵم ئەکرێ ئەمە دەستپێکی کرانەوەیەکی زیاتری دەسەاڵت بێت بەڕووی گەنجاندا. لە ڕیزبەندی بابەتەکەیدا دارا ئەحمەد، شێوازێکی ئیهانە دەگرێتە بەر، کە ئەوەش لە پێزی بابەتەکەی کەمدەکاتەوە، چونکە ناکرێت بەم شێوەیە وەاڵمی دڵسۆزیی ئەو پەرلەمانتارە بدرێتەوە کە سەرۆکایەتی پەرلەمانی بیر خستەوە کە بەڵێ بابەتێک هەیە بە ناونیشانی گرفتی گەنجان. لە بەشێکی تری نووسینەکەیدا داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەکات ئەو پرۆژەیە وەرنەگرێت، پێم خۆشبوو کاک دارا ناوی ئەو سەنتەر یان ڕێکخراوەی نووسیبووایە کەکاری تێدادەکات، تابۆمان دەرکەوتایە کە بە ڕاستی سەنتەرەکەی ناوبراویش هەمان ڕای ئەوی هەیە. نووسەری ئەو بابەتە، ئەسەف بۆ ئەوە دەخوات کە لە کۆی ١١١ پەرلەمانتار تەنها ١٠ کەسیان واژۆی پشتگیری پرۆژەکەیان کردووە، پێتان سەیر نەبێت ئەسەفەکەی ناوبراو بۆ زۆری ژمارەی ئەو بەڕێزانەیە نەک کەمیان !!!؟، چونکە ئەو پێیوایە ئەو پرۆژەیە قابیلییەتی واژۆی یەک کەسیشی نییە، بۆیەش ناوبراو دڵنیا دەکەمەوە کە ئەگەر تەنها ڕۆژێکی ژیانی خۆی گەنجانە ژیابێت، ئەوا دوور ئەبوو لەو نووسینە، بەاڵم هەر ئەوەندە لە کەسێک چاوەڕێ دەکرێت لە بەڕێزی کە پێموایە پیرانە بیر ئەکاتەوە. لەگەڵ ڕێزمدا بۆ چاالکییەکانی زۆربەی سەنتەرەکانی تایبەت بە لاوان، بەاڵم زۆربەشمان بەشداریی زۆرێک لە وْرک شۆپەکانمان کردووە کە تەنها یەکترناسینو میوە خواردنی چەشنی کۆبوونەوەی سەرۆکەکان بوو، بەاڵم کاک دارا پێیوایە کە وْرکشۆپەکانی لاوان زۆرترین کێشەیان خستووەتەڕوو، لەو ئەگەرە تێپەڕیوە کە حەتمەن ئامادەکاری پرۆژەکەش ڕاوێژی لە گەڵ زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی گەنجانو لاواندا کردووە، لەوانەش سەنتەری پەرەپێدانی لاوانو فیدراسیۆنی ڕێکخراوە قوتابیو خوێندکارییەکانی کوردستان کە ئێستا تاکە مەرجەعی گەنجانو خوێندکارانی کوردستانە. لە بری ڕۆچوونی زیاتر لە وەاڵمدانەوەی ئەو بەڕێزە، چەند پێشنیارێک دەخەمە بەردەم سەنتەرەکانی گەنجانو لاوان لە پێناو چرکردنەوەی هەوڵەکانیاندا: یەکەم: هەوڵبدرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا فیدراسیۆنێکی گەنجانو لاوان دابمەزرێت. دووەم: بە گرتنەبەری هەنگاوی مەدەنی حکومەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستان بخەنە واقیعی بەدەمەوەهاتنی کێشەکانی گەنجانەوە. سێیەم: داوا لە پەرلەمانی کوردستان بکرێت لیژنەیەکی تایبەت بە گەنجانو لاوان دروست بکات. چوارەم:پشتگیریی هەرهەوڵێکی دڵسۆزانە بکرێت کە ئامانجی خزمەتکردنی گەنجانو چارەسەرکردنی کێشەکانی گەنجانە. پێنجەم: سەنتەرەکانی گەنجانو لاوان فشار بخەنە سەر وەزارەتی وەرزشو لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئەرکی خۆی وەک وەزارەتێکی پەیوەندیدار بە گرفتەکانی گەنجان بە باشیی جێبەجێ بکات، بە تایبەتی وەگەڕخستنی نەخشە ڕێی لاوان. خوازیارم پەرلەمانی کوردستان بەگرێدانی کۆبوونەوەیەکی تایبەت چارەسەرێکی گونجاو بۆ زۆربەی ئەو گرفتە زەقانە بدۆزێتەوە کە لە ئەگەری دیاردەبوونداو هەر لە ئاللوودەبوون بە مادەی هۆشبەرو ناهۆشیاریی جنسیو خۆکوژیو ... تاد.

* کارگێڕی ئۆفیسی گشتی سەنتەری پەرەپێدانی لاوان (YDC)

موحسین کەدیوەر: ئەگەر یاساکەمان دژ بە ئایین نەبێت، پێویست ناکات رێک وەکو حوکمی شەرع بێت

سازدانی رۆژنامە
بەشی دووەم

د. موحسین کەدیوەر، کەسایەتی ناوداری ریفۆرمی دینیی لە ئێران، دەڵێت: «وشەی حکومەتی ئیسلامی بەشێوەی سەلمێنراو یا نەسەلمێنراو خۆی وشەیەکی ناڕوونە، هەرکەسەو تێگەشتنی تایبەتی خۆی لێی هەیەو مەرج نییە هەموو وەک یەک لێی تێبگەن، بەڵام من زۆر بە کەمی کەڵک لە وشەی لەو چەشنە وەردەگرم»، لە بەشی دووەمی ئەم گفتوگۆیەدا کەدیوەر زیاتر ڕوونکردنەوە لەبارەی تەوەرەکانی فیکریو سیاسی ئیسلام دەدات.

رۆژنامە: لە کۆمەڵگەی سوننەدا، جیایی دین لە دەوڵەت لە هەوڵەکانی عەلی عەبدولرەزاقو خەڵکانی وەک ئەوەوە دەستپێدەکات، لە شیعەدا چۆنە؟ هاوشێوەی ئەو هەوڵانە لەناو شیعەدا لە کێوە دەستپێدەکات؟

* هەڵبەت من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە بڵێین هەموو بیرمەندانی سوننە بەرگریی لە بۆچوونەکانی عەلی عەبدولرەزاق دەکەن، سەید قوتبیشمان هەیە کە ڕێک بەپێچەوانەی ئەو بیردەکاتەوە، ساڵی ١٩٢٧ کتێبی (اسلام و الاصول الحکم) دەردەچێت، دوای ئەوە سەید قوتب لە هەموو ئەو کتێبانەدا کە دەینووسێت لە (فی ضلال القرآن)ەوە بگرە تا دواین کتێبی، ڕێک بەپێچەوانەی عەلی عەبدولرەزاقەوەیە، کەواتە ڕێگەم پێبدەن کە بڵێم لەم ڕووەوە شیعەو سوننە هاوشێوەی یەکن، واتە هەردوولا هەم بیروبۆچوونی هاوشێوەی بونیادگەریی، حکومەتی شەرعیو حکومەتی شێوە ئاسمانییان هەیە، هەم دەتوانن ڕێگەی حکومەتێکی دیموکراتیک بگرنەبەر، یان بە جۆرێک سنووردارکردنی دەسەڵاتی زانایانی ئایینیان هەیە لە بواری سیاسەتدا. دەڵێن زانای ئایینی وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی، مافی ئەوەی هەیە بچێتە حەوزەی گشتییەوە، بەڵام کەس مافی تایبەتی بۆ پێشبینی نەکردووە کە ئەگەر هاتە ناو حەوزەی گشتییەوە، پێی ببەخشرێت، وەک ئەوەی هەندێک کەس پێی دەڵێن مافە پیرۆزەکانو پێیانوایە لەلایەن خودا یان ڕەسوڵی خوداوە دانراون، دەبینین ئەمە لای عەلی عەبدولرەزاق هەڵدەوەشێتەوە.

لە نێوان بیرمەندانی شیعەدا ڕەنگە نزیکترین کەس لەو بوارە، مەهدی بازرگان بێت، کە من لە نووسراوێکمدا بەراوردم کردووە بە عەلی عەبدولرەزاق، هەڵبەت عەلی عەبدولرەزاق لە پێشەوەی ئەو دادەنرێت، مەهدی بازرگان کە بیرمەندێکی نوێخوازی موسوڵمانی شیعە بووە، لەدوای ئەزموونکردنی کۆماری ئیسلامی، کتێبێک دەنووسێت بەناوی (خدا و آخرت- تنها- هدف بعثت انبیاست- خودا و قیامەت- تەنیا- ئامانجی بیعسەتی پێغەمبەرانە)، وشەی تەنیا موناقشەی لەسەرە بەوەی کە ئایا لە عینوانی کتێبەکەدا هەیە یان هەر لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا هاتووە؟ عەلی عەبدولرەزاقو مەهدی بازرگان لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە دەگەنە یەک ئەنجام، ئەویش بەو دەرئەنجامە دەکات کە ناکرێت حکومەتی تەواو عەیاری دینی وەکو ئەوەی کە لایەنگرانی سەید قوتب یان وێلایەتی فەقیهە دەیڵێن، دابمەزرێت، بەڵگاندنەکانی ئەم دووانە زۆر لێک نزیکە، ئەوەی لێرەدا سەرنجراکێشە ئەوەیە کە کتێبەکەی عەبدولرەزاق تا دەیەی رابردوو بۆ سەر زمانی فارسی وەرنەگێڕدرابوو، لە حاڵێکدا بۆ فەرەنسیو زمانەکانی دیکە وەرگێڕدرابوو، لە ١٠ ساڵی رابردوودا هاوکات ٢ وەرگێڕانی ئەو کتێبە بۆ فارسی بڵاوکرایەوە کە جێگەی خۆشحاڵییە، من جیاوازییەک لەنێوان بیروبۆچوونەکانیاندا نابینم، بەڵام ئەزموونێکی گەورەیە کە شیعەو سوننە کردوویانەو تێیدا بە یەک دەرئەنجام گەیشتوون.

رۆژنامە: ئێوە لە تیۆری جۆراوجۆری سیاسی لە ئێرانو جیهانی ئیسلامدا شارەزاییتان هەیە، دەزانن کە مەسەلەی دیموکراسیو حکومەتی ئیسلامی جۆرێک لە ئاڵۆزیی تێدایە، بە چ شێوەیەک ئەوە بۆ کەسێکی ناموسوڵمان یان پێڕەوی ئایینێکی دیکە لێکدەدەنەوە؟

* وشەی حکومەتی ئیسلامی بەشێوەی سەلمێنراو یا نەسەلمێنراو خۆی وشەیەکی ناڕوونە، هەرکەسەو تێگەشتنی تایبەتی خۆی لێی هەیەو مەرج نییە هەموو وەک یەک لێی تێبگەن، بەڵام من زۆر بە کەمی کەڵک لە وشەی لەو چەشنە وەردەگرم، وشەی کۆماری ئیسلامی کە ٣٠ ساڵ لەوەوپێش واتە ساڵی ١٩٧٩ بۆ یەکەمجار لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە بەکارهێنرا، وشەیەکی شیاوی بەرگری لێکردن بوو، کاتێک بۆ یەکەمجار ڕۆژنامەی (فیگارۆ)ی فەرەنسی لە ئایەتوڵڵا خومەینی پرسی: ئێوە دەڵێن حکومەتی ئیسلامی، (وشەی کۆماری ئیسلامی بەکارنەهێنا)، حکومەتی ئیسلامی مانای چییە؟ ئایەتوڵڵا خومەینی وتی من دەڵێم کۆماری ئیسلامی هەر بەو مانایەی کە (کۆمار) لە هەموو دونیادا هەیەتی، هەر بەو مانایەی کە ئێرە کۆمارییە، واتە فەرەنسا، بەهەرحاڵ من ئەوکات گەنج بووم، بەاڵمەوە قسەیەکی حیسابی بوو، دواتر کە یەکە یەکە پرسیاریان لێدەکرد، وەاڵمەکانی لە ئەنجامدا بوون بە ڕەشنووسی دەستووری بنەڕەتی، هەر ئەوکات خۆشی ئیمزای کرد، لەو ڕەشنووسەدا کە لەلایەن شارەزاترین مافناسانی ئێرانەوە نووسرا بوو، لە یاساکانی فەرەنسا، بەلژیک، بەریتانیا، ئەورووپا، ئەمریکاو زۆرێک لە وڵاتانی پێشکەوتوو کەڵک وەرگیرابوو، زۆر بە بایەخ بوو بەتایبەت کە ئیمە ئەزموونی مەشرووتەشمان هەبوو، لەو دەستوورەدا هیچ باسێک لە ویلایەتی فەقیە نەبوو، یاسایەکی تەواو دیموکراتیک بوو و تێیدا مافی خەڵک زۆر بەرجەستە بوو، ئەم دەستوورە لە سەرەتای مەشروعی دانیشتنەکانی (مجلس خبرگان قانون اساسی ایران) چاپو بڵاوکرایەوە، بەاڵم ئەو (مجلس خبرگان)ە ئەو دەستوورەی وەالنـاو بـە کـردەوە هـەندەسەی دەستوورەکەی گۆڕی واتە بە دانانی ویلایەتی فەقیە بەتەواوەتی قڵپ بوویەوە، من پێموایە (کۆماری ئیسلامی) بە واتای ڕەشنووسی دەستووری بنەڕەتی، شیاوی بەرگری لێکردن بێت، واتە من دەتوانم ئێستاش بەرگریی لێبکەم، بەم پێیە دەتوانم بڵێم کۆمەڵگەی ئێمە، جا چ عێراق، ئێران یان لوبنان بێت، لێک نزیکینو زۆرینەی زۆری ئەو کۆمەڵگایانە موسوڵمانو حەزیش دەکەن بەهـا ئایینییەکان بپارێزرێتو ئازادیی ئایینی بوونی هەبێت، بەاڵم حەزیشدەکەن موقەدەراتو ئیرادەی ئەوانیش لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا دەوری هەبێت، ئەویش بەشێوەیەکی بەردەوام، بە جۆرێک کە بەردەوام لە خەڵک بپرسرێت کە چیان دەوێت، من پێموایە شێوازی دیموکراتیک کەم هەڵەترین شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە، نااڵم باشترین، بەاڵم لەنێوان ئەو شێوازانەی کە ئێمە دەیانناسین، کەم هەڵەترین شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە، بە مەرجێک کە لەگەڵ فەرهەنگی ناوچەکان تووشی دژایەتی نەبێت، واتە یاساکانی بەشێوەیەک دابڕێژرێت کە بەها کلتووریی و ئایینیو نەتەوەییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی تێدا لەبەرچاو بگیرێت، پێموایە لەم حاڵەتەدا حکومەتێکی باش دادەمەزرێت، ئەو خاڵانەی کە ئێستا ئەزموونی ئێرانی پیشانی دەدات و لە چەندین وتاریشدا نووسیومن، ئەمانەن: من پشتیوانی لە حکومەتێک بکەم کە مافی تایبەت بە هیچ بەشێکی کۆمەڵگە نەدات، بۆ نموونە نەڵێت دەبێت وەزیرەکانو پیاوانی حکومەت هەر دەبێت پیاو بن، ئیدی ژنان مافی بەشداریکردنیان لەوبـوارەدا نییەو سیاسەت کارێکی پیاوانەیە، ئەمە لە کوێ سەلمێنراوە، ئێمە ناتوانین بە بەڵگەی موعتەبەری ئایینی ئەمە بسەلمێنین، ئەو فەرموودانەی لەو ڕووەوە پشتی پێ دەبەستریت، زۆر لاوازن، قورئان پێوەرە، کە تێیدا مەلەکەی سەبا هەیەو نەک هەر لۆمە نەکراوە بەڵکو مەدحیشی دەکرێت، ئەگەر کەسێک بیەوێت ئەمە ڕەتبکاتەوە، دەبێت لەگەڵ قورئاندا بکەوێتە مشتومڕ، ئەمە یەک، دووەم هیچ نەتەوەیەکی دیاریکراو بەسەر نەتەوەی دیکەدا بەرز نانرخێنرێت، ئێمە شانازیی بە پێغەمبەرێکەوە دەکەین کە لە ڕۆژی یەکەم وتی: (لافخره العربیا علی العجمیا) پێودانگ تەنیا تەقوایە، ئەمە بۆ هەموومانە، کەواتە نە فارسبوون پێودانگی تایبەتمەندییە نە تورکو کوردو لۆڕبوون، هەرکەس سەلاحیەتی بوو، با بێت ببێتە وەکیل، پێغەمبەر خۆی کە بەڕپرسی بۆ شوێنێک دیاری دەکرد، هەوڵی دەدا لە خەڵکی ناوچەکە بێت، من مافی ئەوەم نییە بێم عەرەبێک بکەم بە وەزیرو وەکیلی ناوچەیەکی تورکنشین، یان فارسێک بهێنم بۆ ناوچەیەکی کوردنشینو کوردێک بهێنم بۆ ناوچەیەکی فارسنشین، خۆیان زمانی یەکتر باشتر تێدەگەنو کلتووری یەکتر باشتر فام دەکەن، هەموویان موسوڵمانن لە موسوڵمانێشدا هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزییو نەتەوەیی نییە، دەبێت بڵێم لە شوکری خـوداوە ئێمە هیچ کێشەی ئایینیمان نییە.

خاڵی سێیەم ئەوەیە کە لە حەوزەی جەماوەریو گشتیدا هیچ جیاوازییەک لەنێوان فەقیهەکان یان زانایانی ئایینیو خەڵکی دیکەدا نییە، ئەگەر خوێندەوارییان هەیە ئـەوە خەڵک دەچێت پرسیاریان لـێـدەکـات، بـەاڵم ئـەگـەر دەیـانـەوێـت بەشداریی سیاسەت بکەن، فەقیهێک هەر بە قەد فەیلەسوفێک، پارێزەرێک، پزیشک یان مافناسێک مافی هەیە، هیچ جیاوازییەک لەئارادا نییە، مافی تایبەت بە کردەوە دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری وێلایەتی فەقیهەکان کە هەندێک لە فەقیهە شیعەکان بڕوایان پێیەتیو ئێمە خەتی بەسەردا دەهێنین.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە دەمانەوێت بەرگریی لە حکومەتی خۆمان بکەین، دەبێت لەسەر پرسی یاسا بوەستین، کێشەیەک کە من لە بۆچوونی زۆرێک لە (ئیخوان موسلمین)ەکانی میسردا دیمو پێشموایە، چونکە ئەوان ئەزموونی وەک ئێمەیان نەبوو، قسەی سی- چل ساڵ لەوەوپێشی ئێمە دووبـارە دەکەنەوە، بەاڵم لەگەڵ ئەمەشدا کە لە سیمیناڕێک لە ئوردون چاوم پێیان کەوتو قەسەیان بۆ دەکردم، وتم من بۆچوونەکانی ئێوە زۆر بە باشی دەناسم، وتیان چۆن؟ لە کوێوە دەیناسی؟ وتم من جگە لەوەی کە نووسراوەکانی سەید قوتبم بەتەواوی خوێندووەتەوەو قۆناغی گەنجێتیم بەوانەوە بەسەربردووە، پێشموایە ئێمە لە دەیەکانی شەستو حەفتادا لە ئێران لەو قسانەمان زۆر کردووەو بەو ئەنجامە گەیشتووین کە ئەم بۆچوونانە کێشەیان هەیە، ئێوە هێشتا کێشەکانتان لە کردەوەدا نەدیوە، وەرن ئەزموونی کۆماری ئیسلامیی ئێمە ببینو ئیتر لەو قسانە مەکەن، بەاڵم ئەوان هێشتا هەر لەو کەشوهەوایەی ڕابردووی ئێمەدان، پێموایە لە زۆرێک لە وڵاتانی ئیسلامیدا ئەو کێشەیەمان هەیە، ئەزموونی کۆماری ئیسلامی، ئەزموونێکی موبارەکە نەک لەبەر ئەوەی کە لە زاتی خۆیدا باشە، ئەزموونێکی عیبرەت بەخشە، دەکرێت زۆر شتی لێوە فێربببین. بەهەرحاڵ با بێمەوە سەر باسی یاسا، مەسەلەی یاسا لەگەڵ مەسەلەی حوکمی شەرعی جیاوازە، لە شەرعدا سزای گوناە سزایەکی ئوخرەوییە، ئەوە ئیمانی منە کە گەرەنتی پێڕەوێکردنی من لە حوکمی شەرعی دەکات، نەک سزای دونیایی، ئەمە زۆر گرنگە، ئەگەر من نوێژ دەکەمو ڕۆژوو دەگرم، لەبەرئەوەیە کە خـودام خۆشدەوێت یان ئەوپەڕی حەزدەکەم بچمە بەهشت یان لە جەهەنەم دەترسم، بەاڵم ئەگەر لەبەر ئەوەبێت کە لە ئەشکەنجەو لە زیندان دەترسم، ئیدی ئەو نوێژە کەڵکی نییە، ئەو نوێژە بۆ پۆلیسە نەک بۆ خودای گەورە.

کەسانێک کە دێـن لە چوارچێوەی حکومەتدا، یاسا بە حوکمی شەرعی یەکسان دەکـەن، لەجیاتی ئـەوەی کە ئێختیاری من بە ڕەسمی بناسن، گوشاری پۆلیسم بەسەردا دەسەپێنن (فمن شاء فالیؤمن و من شاء فالیکفر) واتە من لە ترسی زیندان ئەو کارە ئەنجام دەدەم، ئەمە بێبەهای دەکات، بۆ نموونە پۆشینی ئیسلامی کە لە ئێران بەناوی (حیجاب) ناسراوەو ناوێکی نادروستیشە، ئەمە ئیختیارێکی ئیماندارنەیە کە ژنێک بەپێی شعوری ئایینیی خۆی هەڵیدەبژێرێت، ڕەنگە هەڵیشینەبژێرێت، ئەگەر هەڵیبژارد ئەوە لە ڕوانگەی ئیماندارانەی منەوە زۆر پڕ بەهایە، هەڵیشینەبژارد هەڵەی کردووە، بەاڵم ئەگەر لە ترسی پۆلیسو دادگا هەڵیبژێرێت، لەم حاڵەتەدا لەنێوان ئێختیاری ئیماندارانەو ترس لە یاسای زۆرەملێدا، هیچ جیاوازییەک دانەنراوەو ئەوکاتە بێبەها دەبێت، کەواتە من دەڵێم ئەگەر دەمانەوێت لەناو کۆمەڵگەدا بە شوێن بەها ئایینییەکانەوە بین، هەوڵ بدەین مەودایەک لەنێوان یاساو حوکمی دینیدا دابنێین، پێموایە یاساکەمان دژ بە ئایین نەبێت، بەاڵم پێویست ناکات ڕێک وەکو حوکمی شەرعی بێت، بەاڵم واباشە کە هەمیشە یاسا پلەیەک لە خوار حوکمی شەرعییەوە بێت، لەبەرئەوەی ئەو مەودا ئایینییە بپارێزرێت، هەموشمان دەزانین کە یاسا نوێنەرانی خەڵک دەینووسن، چاودێری دینیشمان پێویستە بۆ ئەوەی لەگەڵ حوکمە شەرعییەکان ناسازگار نەبێت، بەاڵم ئەو کەسانەش کە چاودێریی ئـەوە دەکـەن، دیسان دەبێت لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرابن، واتە ئەو فەقیهو زانا ئایینیانەی کە لەلایەن نوێنەرانی خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن، بەوشێوەیەی کە نوێنەرانی خەڵک لەنێوان فەقیهەکاندا هەڵیاندەبژێرن، بۆ وێنە لە نموونەی مەشرووتەی ئێرانی یان کۆماری ئیسلامیدا، لە یاسای بنەڕەتی مەشرووتەدا ئەوە هەبوو کە (٥) کەس لە فەقیهەکان لەلایەن نوێنەرانی پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێن، ئەمە زۆر جێگەی سەرنجە، ئێستا (شورای نگهبان) ئەنجومەنی پاسەوان دەبوایە ئەو نموونەی هەبوایە، (شورای نگهبان) خۆی لە مافناسیی فەرەنسییەوە وەرگیراوە، ئەمان هاتوون فەقیهیشان پێ زیادکردووە، بەهەرحاڵ دەڵێین کێشە نییە، بەاڵم فەقیهەکەی کێ هەڵیدەبژێرێت؟ دەڵێن فەقیهەکەی ڕەهبەر دایدەنێت، دەی ئەمە دەبێتە نوێنەری لایەنی ڕەسمی، ئیتر ئەمە لە ڕای گشتییەوە بەرزنەبووەتەوە، وای دابنێین ئەگەر پەرلەمان بە ئازادانە هەڵدەبژێردرا، فەقیهەکانی (شـورای نگهبان)یش لەلایەن نوێنەرانی خەڵکەوە هـەڵـدەبـژێـردران، بڕوانە ئەمە چەند یاسایەکی باش دەبوو، واتە لەو حاڵەتەدا ئەو جیهەتە لە دین چاودێریی یاساکانی ئێمەی دەکرد، کە لە ڕای گشتیو ئیرادەی نەتەوەییەوە هاتبوو، بە بۆچوونی من ئەمە شیاوی بەرگری لێکردنە، کەواتە یاسا لەگەڵ ئەوەدا کە لەگەڵ شەریعەت ناسازگاری نابێت، لەلایەن زانایانێکەوە کە نوێنەری خەڵکن، بە بـەردەوامـی ئیجتیهادی لەسەر دەکرێت. یەکێک لە زانایانی ئایینی هاوچەرخ کە عێراقیشە، بەناوی خوالێخۆشبوو سەید محەمەد باقر سەدر، دەڵێت بۆ دامەزراندنی سیستمێک نابێت تەنها کەڵک لە فەتوای زانایەک وەربگیرێت، پێویستە کەڵک لە فەتواکانی زانایانی جـۆراوجـۆر وەربگیرێت کە نوێنەرانی خەڵکن، لێرەوە بۆ نموونە وەرە بزانە ئەو سیستمەی دروستت کردووە لە فەتوای کام زانا نزیکە، دەزانی بەمشێوەیە چەند بە ڕێکوپێکی دەتوانین کارەکانمان بەڕەوپێش بەرین، بۆ نموونە لەنێوان زانایانی هاوچەرخدا کەڵک لە یوسف قەرەزاوی وەربگرە، لە سەعید ڕەمەزان ئەلبوتی لە سوریا، لە ئایەتوڵڵا مونتەزەری لە ئـێـرانو... تـاد، دەتـوانـی لە هەموو ئەمانە پێکەوە کەڵک وەربگریت، لەبیرمە ئەوکاتانەی کە لە قوم دەمخوێند، لەنێوان زۆرێـک لە بیروبۆچوونە فیقهییەکانی ئایەتوڵڵا مونەتەزەری شیعە، سەعید ڕەمـەزان ئەلبوتیو یوسف قـەرەزاوی سوننەدا، لێکچوون هەبوو، بۆ نموونە لە مەسەلەی زەکـاتـدا ڕێـک وەکیەک بوون، کەواتە ئەگەر بمەوێت بە ڕاستی لێکدانەوەی جدیی بکەم، هەرگیز مەزهەب بەوشێوەیە نییە. بۆ ئەو حکومەتەی کە من بەشوێنیەوەم، ئەوە گرنگە کە لە پرسە عورفییەکاندا بگەڕێتەوە بۆ عەقلی گشتیی، لە ئەزموونە مرۆڤایەتییەکانی ئەمڕۆ کەڵک وەربگرێت، ئینجا کۆمەڵێک خاڵمان هەیە کە لە حەوزەی شەریعەتدا دەبێت هۆشمان پێیانەوە بێتو بە ئیجتیهادی بەسیرەوە بـەرەوڕوویـان ببینەوە، بیانپارێزین، ئەمە کارێکیشە کە دەکرێت، بەاڵم من ئەمە ناونانێم حکومەتی دینی بۆ ئەوەی هەڵەکانی لەسەر دین حساب نەکرێت، ئەمە حکومەتی مێو تۆی موسوڵمانە، ئەگەر هەڵە کرا، ئەوە ئێمە کردوومانە، چاکە کرا، هەر ئێمە کردوومانە، لێگەڕێن با پیرۆزیی دین وەک خۆی بمێنێتەوەو بپارێزرێت، ئێستا دەبینین هەر هەڵەیەک ئەم حوکمڕانانەی ئێمە دەیکەن بەناوی ئیسلامو خواو قۆرئانەوە تەواودەبێت، کە ئەمە زۆر زۆر خراپە.


د. موحسین کەدیوەر

رۆژنامە: لە دەستووری عێراقدا یاسایەک هەیە بریتییە لەوەی کە نابێت هیچ یاسایەک دەربکرێت کە دژی یاسای ئیسلام بێت، هەروەها نابێت هیچ یاسایەکیش دەربکرێت کە دژی مافی مرۆڤ بێت، چۆن دەڕوانیتە ئەم یاسایە؟

* شتێکی زۆر باشە، دیارە ئەمە تێیدا کەڵک لە ئەزموونی چەند دەیەی ڕابردوو وەرگیراوە، خۆم بابەتێکم لەو بوارەدا نووسیوەو ئاماژەم بەوە داوە کە نابێت یاسا دژ بە شەرع بێت، نەموتووە نابێت دژ بە فەتوای فەقیهێک بێت، چونکە لەنێوان ئەم دووانـەدا جیاوازیی هەیە، هەڵبەت هەندێک بابەتیش هەیە کە بەشێک لە مافەکانی مرۆڤ نینو دەکرێت بەشێوەیەک گرێیان بدەین بە کلتووری شوێنەکانەوە، بەهەرحاڵ دەمەوێت بڵێم هەندێک خاڵ لەنێوان شەریعەتو مافی مرۆڤدا هەیە کە پێویستی بە موناقشەو لێکدانەوەی زیاتر هەیە، بە ئاسانی بڕیاریان لەسەر نادرێت.

تەوەر

رێکخراوە ناوخۆییەکان لە روانگەی حیزبەکانی خۆرهەڵاتەوە

سەرپەرشتیاری تەوەر: شەهرام عەبدوڵڵا

شەماڵ بەشیر:

تەقلیدکردن لە خەباتی مەدەنی باکووری کوردستان دروست نییە

شەماڵ بەشیر، نوێنەری پارتی ژیانی ئازادی کورد (پژاک) لە ئەورووپا، پێیوایە کە بزوتنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێرانو خۆرهەڵاتی کوردستاندا پێویستە خۆی لەو چەمکە لیبراڵییەی کە لەسەر خەباتی مەدەنی لەناویدا پێشکەوتووە دەربازبکات، چونکە مۆدێلی خەباتی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چەشنی لیبراڵیزمی خۆرئاوایی ناتوانێت وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی خەبات و تێکۆشانی مەدەنی کوردی خۆرهەڵات لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووری و نەتەوەییدا بێت.

بەرەی یەکگرتووی کورد: ئەو رێکخراوەیە کە لە سەرەتادا توانی دەنگێکی باش بداتەوە و کۆمەڵێکی رۆشنبیرو کەسایەتیی هێژاو خوێندکار لەناو خۆیدا جێگە بکاتەوە، بەڵام بەهۆی زاڵنەبوونی چەمکی دیموکراسیی راستەقینەو هاوکات کاریگەری هەندێک کەسایەتی کە راستەوخۆ ناڕاستەوخۆ گرێدراوی هەندێک لایەن لە باشووری کوردستان بوون، زەربەیەکی گەورەیان لەو رێکخراوەیە دا کە ئەوکات هێدی هێدی فرچکی دەگرت. دەتوانم بڵێم کە رێکخراوێکی لەو چەشنە پێداویستییەکی گرنگی سیاسی - کۆمەڵایەتییە لە ئاستی خۆرهەڵاتی کوردستانو ئێراندا، بەڵام دەبێت ئەو رێکخراوەیە بە کارو هەوڵدانی خۆی، ناوەرۆکی خۆی پربکاتو رۆڵی خۆی بگێڕێت.

ریفۆرمخوازانی کورد: هەروەک دەزانرێت لە کۆمەڵگەیەکی وەک ئێراندا، ئێمەی کورد پێویستە گشت هەڵو دەرفەتەکان بەکاربهێنین بۆ ئەوەی کە بتوانین خاوەن دەستکەوتی نەتەوەیی- دیموکراتیک بین، بەڵام ئەوەی کە گرنگە، ئەوەیە کە ئێمە دەبێت خاوەن تێڕوانینی تایبەت بە خۆمان بینو لە پەنجەرەی تێڕوانینی خۆمانەوە تەماشای گشت دیاردە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکان بکەین. ریفۆرمخوازانی کورد لە قۆناغی سەرەتای ٢ی خوردادا، توانییان رۆژەڤێکی سیاسیی گونجاو لەئاست رۆشنبیراندا سازبکەنو هەتا ئاستێکیش بەو هەوڵدانە رۆشنبیرییەی کە هێنایانە ئاراوە لەوکاتدا، خزمەتێکی گونجاویان کرد، بەڵام بەداخەوە لە بەردەوامیدا تووشی هەمان قەیران بوون کە رەوتی ریفۆرم، لەناو ئێراندا تووشی هات، هاوکات نەیانتوانی هاوسەنگییەکان بە باشی بنرخێنن و وەک ریفۆرمخوازێکی کورد بڕوانن رەوتی ریفۆرم نەک وەک کەسێکی تارانی، چونکە پێداویستی و کێشە کۆمەڵایەتیی، ئابووری و سیاسییەکانمان زۆر جیاوازترنو پێویستی بە خوێندنەوەیەکی جیاوازتر دەکرد، دەتوانم بڵێم کە ئەمڕۆکە رەوتی ریفۆرمخواز زۆر لە داخوازییەکانی گەلی کورد دوورکەوتوونەتەوەو تەنانەت گەیشتنە ئاستێک کە لە بەرامبەر ئەحمەدی نەژاددا پشتگیرییان لە رەفسنجانی کرد، کەسێک کە گەورەترین جینایەتی لە کوردستاندا بەڕێوەبردو دەستی هەیە لە تیرۆری د. قاسملۆو شەرەفکەندیدا.

فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێران: فراکسیۆنی کەمینەی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان هەر لەکاتی مەجلیسی شەشەمدا فرچکی گرتو هەتا ئەمڕۆکە بە ناو ماوەتەوە، بەڵام وەک فراکسیۆنی کوردان لە قۆناغی مەجلیسی شەشەمدا نەماوەو خاوەن رۆڵو کاریگەری نییە. فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی شەشەم زۆر بوێرانەو نەتەوەییانە هەڵسوکەوتیان دەکردو لەبەردەم گشت رووداوەکان لەئاست هەر چوار پارچەی کوردستاندا خاوەن هەڵوێست بوون، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە ئەمڕۆکە دەیبینین زۆر شکڵیو بێ رۆڵو محافزەکارە، تەنانەت لەکاتێکدا ٨ گیراوی کورد لەبەردەم سێدارەدان، نەیانتوانیوە خاوەن هەڵوێستێک بنو رۆڵی خۆیان بگێڕن.

چالاکانی بواری خوێندکاریی: بەوپەڕی خۆشییەوە چالاکوانانی بواری خوێندکاری لە سااڵنی رابردووەوە هەتا ئێستاکە لە پێشکەوتنێکی باشی رێکخراوەییدا بوونەو توانیویانە لەو قۆناغەدا ئەزموونی باش وەدەست بخەن، هەرچەندە لە قۆناغێکدا تووشی پاسیڤ بوونو هەندێک کێشەی ناوخۆیی لە بواری فیکریو سیاسیدا هاتن، بەڵام ئەمسااڵ توانییان چالاکیی باش لە ئاستی زانکۆکانی ئێراندا پێکبهێنن.

چالاکانی بواری ژنان: بێگومان ئەمڕۆکە چالاکوانانی بواری ژنان نەک تەنها لەئاست کوردستاندا، بەڵکو لە ئاستی ئێراندا خاوەن رۆڵو کاریگەرینو مۆرکی خۆیان لەو قۆناغەی ئێستاکە داوە، تەنانەت یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی کەمپەینی یەک ملیۆن واژۆ، ژنانی مافی خوازی کوردستان بوون کە بەداخەوە هەنووکە چەند کەسێکیان لە گرتووخانەکاندان، بە گشتی رەوتێکی پۆزەتیڤو باشە، بەڵام ئەوەی کە هەیە تێری پێداویستییەکانی ژنانی کوردستان ناکات، چونکە هەروەک دەزانن ژنانی کوردستان لە چەندین لایەنی جیاوازەوە رووبەڕووی گوشار، چەوساندنەوەو دووچاوگی (تبعیض) دەبنەوە.

رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان: ئەوە کۆمیسیۆن نییە بەڵکو رێکخراوە، رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان یەکێک لە ئەزموونە هەرە پیرۆزەکانی خەباتو تێکۆشانی مەدەنییە، ئەو رێکخراوەیە توانی لە سەرەتاوە بە شێوازی چڕوپڕ تێکۆشانێکی مەدەنی لە بواری بنپێکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا بەڕێوەبەرێتو ئەو بۆشاییەی کە لە ئاستی راگەیاندنو مافی مرۆڤ لە ناوخۆ دەرەوەی وڵات لەئارادا هەبوو، پربکاتەوە، بەڵام بەداخەوە لەدوای گیرانی رێزدار (کەبوودوەند) ئەو رێکخراوەیەش تووشی قەیرانی دەسەڵاتو دەسەڵاتخوازی هاتو هەندێک کەس بە تایبەتمەندی چەمکی وردە بۆرژوا زەرەرو زیانێکی زۆریان بەو رێکخراوە گەیاند، لە قۆناغی ئێستاکەدا نە رەنگی هەیەو نە دەنگ.

بەرەی یەکگرتووی کورد: پێویستە خۆیان لەو بێدەنگیو پاسیڤبوونەی کە تێیدا قەتیس ماونەتەوە، دەرباز بکەنو بە چەمکێکی دیموکراتییانە هەڵسوکەوت بکەنو بتوانن تەحەمولی بیرو بڕوای جۆراوجۆر بکەن، هەتا ئەو چەمکە لەناو خۆیاندا پێشنەخەن، ئەوا دەبنە کۆپیی ئەو لایەنانەی کە ئەمڕۆکە دەبینین لە باشووری کوردستان لە چ رەوشێکدا دەژین، پێشنیازمان ئەوەیە کە ئەو بەرەیە بتوانێت رۆڵی کۆکردنەوەی گشت رێکخراوەکانی سڤیل لەئاست کوردستاندا بگێڕێتو لە چوارچێوەیەکی نامەرکەزیدا خۆیان بە رێکخستن بکەن.

ریفۆرمخوازانی کورد: پێویستە بە هیچ شێوەیەک خۆیان نەخەنە ناو ئەو کێشە ناوخۆییانەی کە لەناو بەرەی ریفۆرم لەئارادا هەیە، پێویستە وەک کوردو وەک لایەنێک کە سەر بە گروپێکی ئەتنیکی چەوساوەیە، بڕوانن ریفۆرمو ریفۆرم وەک کەرەستەیەک بۆ گۆڕان بنرخێنن نەک هەوڵی ئاڵتەرناتیڤبوونی پارتە سیاسییەکان بدەن، چونکە ئەوکاتە مارژینااڵ دەبن، لایەنی ریفۆرم پێویستە هەڵوێستی سیاسیی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک بگرنە بەرچاوو سوودی لێوەربگرن.

فراکسیۆنی کورد لە مەجلیس: ئەو فراکسیۆنە پێویستە یەک رەنگو خاوەن یەکێتییەکی ناوخۆیی بێتو بە هیچ شێوازێک نەهێڵێت کە لایەنە کۆمەڵایەتیدا خاوەن رۆڵو پرۆژە بێت، نەک تەنها پێشەنگایەتی بکەن بۆ خوێندکاران، بەڵکو پێویستە ببنە پێشەنگی گشت جەوانان چ لە ئاستی فێرگەکانداو چ لە ئاستو بوارەکانی تردا.

چالاکانی بواری ژنان: چالاکوانانی بواری ژنان هەر وەک پێشتر باسمکرد هەتا ئێستاکە دەستکەوتی مەزنیان خوڵقاندووە، بەڵام ئەوە تێری کێشەکانی ژنان لەئاستی خۆرهەڵاتی کوردستاندا ناکات. بزوتنەوەی ژن دەتوانێت زۆر زیاتر لەسەر تیۆرییەکانی رێبەر ئاپۆ لەسەر پرسی ژن لە مێژوودا و لە قۆناغی ئێستاکەدا شێوازەکانی بەربەرەکانی لە ئاستی جنسیەتی، چینایەتی، نەتەوەیی و دیموکراسیدا لێکۆڵینەوە بکەنو ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان بخەنە بواری کردارییەوە، بزوتنەوەی ژنان نابێت تەنها خۆی بە چینی خوێندکاری ناو زانکۆکان یان چینێ رۆشنبیری ژن سنووردار بکات، بەڵکو پێویستە بچنە ناو ناخی کۆمەڵگەو پەیوەندییان لەگەڵ ژنانی ناو کۆمەڵگە بە خوێندەوارو نەخوێندەوارەوە، بە گشت چینە کۆمەڵایەتییەکانیەوە سازبکاتو لەناویاندا کاری رۆشنگەریی، وشیاریی جنسیەتیو نەتەوەیی پێشبخەن.

لێرەدا هەندێک شت بە گشتی باس دەکەم:

بزوتنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێرانو خۆرهەڵاتی کوردستاندا پێش هەموو شتێک پێویستە ئەو چەمکە لیبراڵییەی کە لەسەر خەباتی مەدەنی لەناویاندا پێشکەوتووە، دەرباز بکەن. مۆدێلی خەباتی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چەشنی لیبراڵیزمی خۆرئاوایی ناتوانێت وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی خەبات و تێکۆشانی مەدەنی ئێمە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو ئابووریو نەتەوەییدا بێت، پێناسەکردنی رێکخراوەکانی مەدەنی تەنهاو تەنها لە چوارچێوەی رێکخراوەی قانونیدا تەسلیمەتی لە بەرامبەر سیستمی حقوقی دەوڵەتدا پێشدەخات، ئەو چەمکە لەئاکامدا ئەو رێکخراوانە دەگەیەنێتە ئاستێک کە لەپێناو مانەوەیان و پاراستنی خۆیان، دەگەنە ئاستی قبووڵکردنی شەرتو مەرجی سیاسی- حقوقی دەوڵەت.

کۆمەڵگەی مەدەنی خاوەن مافی تایبەت بە خۆیەتیو بە داسەپاندنی ئەو حقوقە لە بەرامبەر حقوقی رەسمیی دەوڵەت، هەوڵدەدات بە گەیشتن بە هەماهەنگی دیموکراتیک، تەقلیدکردن لە خەباتی مەدەنی باکووری کوردستان راست نییە. مرۆڤ دەتوانێت کەڵک لە ئەزموونەکان وەربگرێت، بەڵام تەقلیدی ئەوان لە هیچ بوارێکەوە راست نییە، چونکە لە باکووری کوردستان ئاستێکی بەرز لە هۆشیاریی نەتەوەیی لەناو کۆمەڵگەدا لەئارادایە، هاوکات پۆتانسیەلێکی مەزنی ئینسانیو کۆمەڵایەتی لەئارادا هەیە کە گشت ئەوانە هێزێکی مەزنی سیاسی- ئابووری لەپشتە، کە دەتوانێت هەم خۆیو هەم رێکخراوەکانیان بپارێزێت.

پژاک بۆخۆی رێکخراوێکی مەدەنییەو لە بواری هزرو رامانی فەلسەفیو ئایدۆلۆژییەوە هەتا دوایی باوەڕمان بە خەباتی مەدەنی هەیەو پشتگیریی لەو چەشنە خەباتە دەکەینو هەوڵدانمان ئەوەیە کە بتوانین لە رێگەی رێکخراوەکانی مەدەنیدا، کۆمەڵگەیەکی زیندوو و کارا بخوڵقێنین، کۆمەڵگەیەکی وشیار کە بتوانێت داکۆکی لە مافەکانی بکاتو مافەکانی بەسەر دەوڵەتدا بسەپێنێت، بۆیە ئێمە لە هەموو بوارێکەوە پشتگیریان لێدەکەینو ئامادەی هاوکارین لەگەڵ گشتیان.

پێناسەکردنی رێکخراوەکانی مەدەنی تەنهاو تەنها لە چوارچێوەی رێکخراوەی قانونیدا، تەسلیمەتی لە بەرامبەر سیستمی حقوقی دەوڵەتی ئێراندا پێشدەخات

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٣٤٢ – R٥

پرۆژە: فراوانکردنی قوتابخانەی (٤) پۆلی دەلالان لە سەرکەپکان
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠١ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٩ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٩ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالّی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥,٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاّوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا ئەحمەد مەجید
پارێزگاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٣٤٥ – R٤

پرۆژە: دروستکردنی ئاوەڕۆ بۆ بینای ناوخۆیی‌و دروستکردنی سیاج بۆ خوێندنگەی (١٨) پۆلی لە پێنجوێن
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠١ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٩ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٩ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالّی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٥,٠٠٠) پێنج هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاّوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا ئەحمەد مەجید
پارێزگاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٣٤٤ – R٥

پرۆژە: دروستکردنی باخچەی ساوایان لە چوارقورنە
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠١ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٩ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٩ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٧,٠٠٠,٠٠٠) حەوت ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالّی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاّوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا ئەحمەد مەجید
پارێزگاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٣٤٦ – R١

پـرۆژە: هەڵکەندی بیری ئیرتیوازی‌و دروستکردنی ژووری پەمپو حەرەس لە قولەڕەیسی خواروو
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠١ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٩ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٩ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالّی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨,٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاّوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا ئەحمەد مەجید
پارێزگاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٣٤٠ – R١

پرۆژە: دانانی ترانسفۆرمەر بۆ گەڕەکی کەڵەکن
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠١ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١١ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢,٥٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن‌و پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالّی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨,٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاّوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا ئەحمەد مەجید
پارێزگاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٣٤٣ – R٥

پرۆژە: دروستکردنی باخچەی ساوایان لە حاجیاوا
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠١ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٩ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٩ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٩,٠٠٠,٠٠٠) نۆ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالّی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاّوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا ئەحمەد مەجید
پارێزگاری سلێمانی

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی دادی
دادگای کەتن سلێمانی/ چوار
ژمارە: ١٦٠٠/ج/٢٠٠٧
بەروار: ٢٠٠٨/١٠/٢١ زایینی

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو سیروان کریم غفور
لەبەرئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٥) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (راپەڕین)وە لەبەرئەوەی جێگەی دیاریکراوت نیە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر
ابوبکر مولود عبدالله

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی دادی
دادگای تاوانەکان لە پارێزگای سلێمانی
ژمارە: ٤٧٧/ج/٢٠٠٠
رۆژ: ٢٠٠٨/١٠/٢٨ زایینی

بابەت/ ئاگاداری

بۆ تاوانبار/ الهام محمد احمد
لەبەرئەوەی ئامادە نەبوویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠٠٨/١٠/٢٠ سەرەڕای ئاگادار کردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەرئەوە دادگایی کرایت بە «ئامادە نەبوو» بەشێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە (٤٧٧/ج/٢٠٠٠)وە بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی ماددەی ٣١/٤٠٥ لە یاسای سزادانی عێراقی حوکمدرا بە سەرتا بە زیندانی کردنت بۆ ماوەی پێنج ساڵو یەک مانگ
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بە نزیکترین بنکەی پۆلیس وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بڕیارە بە گوێرەی یاسا.

سەرۆکی دادگا
سەروەر ضرار رەشید

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی دادی
دادگای تاوانەکانی سلێمانی
ژمارە: ٣٣٠/ج/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٨/١٠/٢٨ زایینی

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو رزگار سعید علی
لەبەرئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٩ی باری کەسیەتی) لە یاسای (باری کەسیەتی) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (ساردار)وە لەبەرئەوەی جێگەی دیاریکراوت نیە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/١/٢١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆک
سەروەر ضرار رەشید

ژمارە: ١٢٩٢/ج/٢٠٠٧
بـــەروار: ٢٠٠٨/١٠/٢١

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی دادی
زایینی
دادگای کەتن سلێمانی/ چوار

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو فریاد حمه سعید ابراهیم
لەبەرئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (بەختیاری)وە لەبەرئەوەی جێگەی دیاریکراوت نیە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر
ابوبکر مولود عبدالله

ژمارە: ١٢٩٢/ج/٢٠٠٧
بەروار: ٢٠٠٨/١٠/٢١ زایینی

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی دادی
دادگای کەتن سلێمانی/ چوار

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو فرهاد حمه سعید ابراهیم
لەبەرئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (بەختیاری)وە لەبەرئەوەی جێگەی دیاریکراوت نیە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر
ابوبکر مولود عبدالله

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەریەتی پلان و بەدواداچوون

بانگەوازی ئاشکرا ٣٤١ –R٣

پرۆژە: دروستکردنی بینای بەڕێوەبەری ناحیەو (١٩) خانوو بۆ فەرمانبەران لە ناحیەی قۆرەتوو
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێری و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠١ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواروژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٩ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٩ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ٥) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢٣,٠٠٠,٠٠٠) بیستو سێ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا ئەحمەد مەجید
پارێزگاری سلێمانی

وزارة العدل
مديرة تەسجيل عاقارى العامة
تائرة تەسجيل العاقارى فى طق طق

نموزج (٢٨) تسجيل
العدد ١٦١
بتائريخ ٢٠٠٨/١٠/٢٧

اعلان

طلب تسجيل عقار مجددا
بناء على الطلب المقدم الى هذة الدائرة بتاريخ ٢٠٠٨/١٠/٢٧ لتسجيل
تمام العقار تسلسل (٤١) مقاتع (١) طق طق محلة رزطارى
باسم عماد كرم على مجددا باعتبارة
حائزا لة بصفة المالك للمدة القانونية. ولفرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا للتسجيل وفبق احكام قانون التسجيل العقارى رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ قررنا اعلان هذا الطلب. فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوق معينة على هذا العقار تقد يم مالد ية من بينات الى هذا الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشرة هذا العلان كذ لك الحضور فى موقع العقار فى الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالي لانتهاء مدة هذا العلان وذ لك لاثبات حقوقة موقعيا في الكشف الذي يجرى فى اليوم لمذكور لهذا العرض

ياسين ابراهيم صاير
مدير دائرة تسجيل العقارى في طق طق

هەرێمی کوردستان/عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تیاهەڵچوونەوەی
ناوچەی سلێمانی
دادگای کەتن لە تەقتەق

بەروار ٢٠٠٨/١٠/٢١
ژمارە/٢٧/ج/٢٠٠٨

ئاگاداری

بۆ/تۆمەتباری راکردوو (بکر عثمان محمد)
لەبەرئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٣٠) لەیاسای سزاکان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (تەق تەق)وە لەبەرئەوەی جێگەی دیاریکراوت نیە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی (٢٠٠٨/١٢/٢) لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر
مجید سعید عبدالله

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
b.nusin@rozhnama.com

دەستەی نووسەران
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨
فازل نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤

ئۆفیسی هەولێر
ڕێبین فەتاح
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

کارگێری و ریکلام و ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ - ٠٧٨٠١٢١١٤٤
info@rozhnama.com-riklam@rozhnama.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

نووسینگەی هەولێر:
شەقامی شەست مەتری- تەنیشت وەزارەتی پیشەسازی ٠٦٦٢٥٦٩٩٨٥

BAUHOUSE
MATERIAL & FURNITURE

باوهاوس
دابینکردن و جێبەجێکردن

- کۆمپانیای باوهاوس ئامادەیە بۆ دابینکردنی سەرجەم کەرەستەیەکی بیناسازی سەردەم بەشێوەی ناک و کۆ بە نرخێکی گونجاوو گرەنتییەکی زۆر.
- کۆمپانیای باوهاوس ئامادەیە سەرجەم ئەم کەرەستانەی کە دابینی دەکات لەسەر پرۆژەکە بیانبەستێت.
- سەرجەم کەرەستەکان لە وڵاتانی ئەورووپاو تورکیا دەهێنرێت.
- باوهاوس هەڵدەستێت بە دابینکردنی دەرگای مەدخەلی تورکی و دەرگای ژوور بە هەموو قیاس و گرەنتییەک.
- باوهاوس هەڵدەستێت بە دابینکردنی بۆیاخی تورکی بە کوالیتی ئەڵمانی بۆ بۆیاخکردنی ناوەوەو دەرەوەی سەرجەم بیناو باڵەخانەیەک.
- باوهاوس بە هاوکاریی کۆمپانیای تشت ئامادەیە بۆ فرۆشتن و دانانی ئایزۆگامی ئێرانی بۆ نەهێشتنی دڵۆپەو رتوبەت.
- باوهاس بە هاوکاری کۆمپانیای (Hendel)ی ئەڵمانی ئامادەیە بۆ دابینکردنی و بەکارهێنانی مەوادی کیمیایی کۆنکرێت وەک:
- باوهاوس تاکە بریکاری کۆمپانیای (ECE)ی تورکییە بۆ بابەتەکانی توالێت و حەمام (دەستشۆر، سیفۆن، دوش و جوانکارییەکانی)وە قرمیدو جیمەنتۆی مقاوم و مەوادی کیمیایی (کۆنکرێت).
- باوهاوس بە هاوکاری (black tech)ی ئەورووپی ئامادەیە بۆ دابینکردنی دەرگاو پەنجەرەی (PVC) بە هەموو ئەندازەیەک.
- کۆمپانیای باوهاوس بە هاوکاری کۆمپانیای یاس مۆبیلی تورکی کە یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی تورکیا ئامادەیە بۆ دابینکردنی سەرجەم بەرهەمەکانی مۆبیلیات.
- کۆمپانیای باوهاوس بە هاوکاری کۆمپانیای (Esra) أسرا نەقلیەی تورکی ئامادەیە بۆ گواستنەوەی سەرجەم کەلوپەلەکان لە ئەورووپاو تورکیا بۆ عێراق و بە پێچەوانەوە.
کەتەلۆکی سەرجەم مەوادەکان و نرخیان دەخەینە بەردەستتان.
- شێوازی پارەدان بە کۆمپانیا بەشێوەی قیست دەبێت.
- توێنەرمان دەوێت لە سەرجەم شارەکانی عێراقدا.



سلێمانی: 07701551530 ڕانیە: 07701589399 دەوک: 07504455166 تورکیا: 05305402000


ئاسیاسێڵ بەچەپکێک دیاری
پیرۆزبایی جەژنی رەمەزانتان
لێ دەکات
کارتی $5 دۆلاری بکڕە و 5 دەقیقە و 5 نامەی دیاری وەربگرە
کارتی $10 دۆلاری بکڕە و 10 دەقیقە و 10 نامەی دیاری وەربگرە
کارتی $20 دۆلاری بکڕە و 20 دەقیقە و 20 نامەی دیاری وەربگرە و $3 باڵانس بێ بەرامبەر
کارتی $30 دۆلاری بکڕە و 30 دەقیقە و 30 نامەی دیاری وەربگرەو $5 باڵانس بێ بەرامبەر

دەنگت بیستراوە
ئاسیاسێڵ
www.asiacell.com
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١

سەهۆڵبەندان



بۆ یادی هاوڕێی هونەرمەندم برایم چێوار، کە لە تەمەنی ٤٦ ساڵیدا دڵی لە ژێر باری ئەم هەموو بێدادییەدا چەمییەوەو لە ترپە کەوت.

پەلەت چی بوو بلە؟ ئەم زستانەیش ئاگردانێکمان ئەدییەوە لەبەری هەڵترووشکێین. ئەوسا سەرمان ئەنا بە سەری یەکترییەوەو ژانی کوردەکەی لە هەردوو جەژنەکە بووەکەتم بۆ باس ئەکردیت، سامی هەناسە لەبەربڕانم بۆ ئاشکرا ئەکردیت، داستانی ئەو جەنگاوەرانەم بۆ ئەگێڕایتەوە، کە جگە لە نامەیێکی دڵداری بێوەژن لە پاش خۆیان جێناهێڵن، ئەو شازادە ناکامانەی لە وەڕسیدا بەندی دڵیان ئەپچڕێ و، ئەو دەریاوانە نقومبوانەی بە هیچ دورگەیێ ناگەن... تۆیش هێدی هێدی خەوەکانتم لا بدرکێنە...ئای بلە، ئەزانم، خەوەکانت بە بارستایی باڵای خوا سنوورەکان بە درۆ ئەخەنەوە...

پەلەت چی بوو بلە؟ ئەم زستانەیش گوێسەبانەیەکمان هەر ئەدۆزییەوە خۆمانی لەژێردا داڵدەدەین و نەکەوینە بەر لێزمەی نائومێدی... ئەم زستانەیش لەسەر رەفەیەکی لەبیرچوو کتێبێکی تۆزلەسەرنیشتووی ئەفسانەمان دائەگرت، بۆ ئەوەی شەوانە، بەر لەوەی وەنەوز بیانباتەوە، نەقڵی ئەو پەرییانە بۆ منداڵەکانت بخوێنیتەوە، کە چوون بە گژ جادوگەرو دێوو درنجدا... ئەکرا بلە، ئەکرا... ئەکرا ئەم زستانەیش ساڵێ پیرتر بین...

چەند مانگێکی تر نابا بلە، پەڕەسێلکەو حاجی لەقلەقەکان ئەگەڕێنەوە، چ درۆیێ بۆ دیارنەمانت هەڵبەستم؟ چی بە نێرگزی کوێستانەکان و گوڵاڵەی پێدەشتەکان بڵێم؟ چۆن خۆم لە سەیرانگاکان بدزمەوە کە بەتەماتن؟

ئەزانم بلە، تۆ برایەکی دڵسۆز بوویت. لە هەموو شتێکدا شوێن پێی کاکت هەڵئەگرت. لە مردنیشدا؟ ئاخر بلە مردن درۆی بە دەمەوە هەڵنابەسترێ، مردن بیانووی بۆ نادۆزرێتەوە، مردن پاکانەی نییە...

خەمێکی نوێت لەوەی جارانم زیاد کرد. سوپاسی بەخشەندەییت ئەکەم.

سمکۆ ناکام

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩